دابینكردنی مافه نەتەوایەتییەكانی گەلی كورد
لە چوارچێوەی ئێرانێكی دێموكراتیكی فیدراڵیدا

# كوردستان

ژمارە: ٤٢٤
١٥ ی خەزەڵوەری ١٣٨٤
٦ ی نوامبری ٢٠٠٥
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران

## سەفەری كوفی عەننان بۆ ئێران هەڵوەشایەوە

كوفی عەننان، سكرتێری گشتیی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بڕیاری دا سەفەری خۆی بۆ ئێران سەبارەت بە قسەكانی ئەم دواییانەی سەركۆماری رێژیمی ئێران لەبارەی ئیسرائیل، هەڵوەشێنێتەوە.

قەرار بوو بەڕێز كوفی عەننان لە نێوەڕاستەكانی مانگی نوامبردا، وەك بەشێك لە گەشتەكەی بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سەردانی ئێران بكا. بەڵام ئێستیڤان دوجاریك وتەبێژی سكرتێری گشتیی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان گوتی: سكرتێری گشتیو دەوڵەتی ئێران رێك كەوتوون كە ئێستا كاتێكی گونجاو بۆ سەفەری ناوبراو بۆ ئێران نیە. ئەم وتەبێژە گوتی: لە سێبەری هەڵڵاو هەنگامەی ئەم دواییەدا (وتەكانی ئەحمەدی نژاد لەبارەی ئیسرائیل)، بەرەو پێشبردنی ئەو بەرنامەیەی كە عەننان دەیەویست لەگەڵ رێبەرانی ئێران بیانهێنێتە گۆڕێ، زەحمەت بوو.

# یەكدەنگیو یەكگرتوویيو فیداكاریی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان خاڵی هیوابەخش لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادیو مافی نەتەوایەتیدا

شەری دیپلۆماسی ٢
یەك وڵاتو یەك نەتەوە، واتە شۆڤینیزمی هومایوونی ٤
دوو سەردانی مێژوویيو دوو هەڵوێستی جێی سەرنج ٥
حكوومەتی ویلایەتی فەقیهو مۆتەكەی رەخنە ٥
یاسای بنچینەیی عێراق، بڕگەیەكی دیكە لە پرۆسەی رۆژهەڵاتی ناوینی گەورە ٨
نەتەوەو ناسیونالیزم لە دیمانەیەك لەگەڵ حەسەن ئەیوب زادە ( گۆران )دا ٩
وەڵامێك بە بیر كردنەوەیەكی ئەنتیكەی دیموكراتیك! ١٠

## بۆمبی ئەتۆمیی ئێران، پێشبڕكیی خۆپڕچەك كردن لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پەرە پێدەدا



دامەزراوێكی بەناوبانگی نێونەتەوەیی كە كاری لێكۆڵینەوە دەكا، وریایی داوە كە ئەگەر ئێران ببێتە خاوەنی چەكی ئەتۆمی، دەبێتە هۆی پەرەپێدانی پێشبڕكێی خۆچەكدار كردن لە ناوچەدا. چونكە توركیە، عەرەبستانی سەعوودیو میسریش دەكەونە بیری وەدەستهێنانی بۆمبی ناوكی.

جان چیپمەن، بەڕێوەبەری دامەزراوی لێكۆڵینەوەی ستراتیژیك كە بنكەكەی لە لەندەنە، رۆژی سێشەمە ٣ی خەزەڵوەر رایگەیاند: زۆر زەحمەتە بە فشاری دیپلوماتیكی یەكیەتیی ئورووپا پێش بە بەرنامەی چڕكردنەوەی ئۆرانیۆمی ئێران بگیرێ. چیپمەن گوتی بە بڕوای من مەسەلەی هەرە گرنگ ئەوەیە ئەگەر رۆژێك لە رۆژان دەربكەوێ كە ئێران توانای بەرهەمهێنانی چەكی ئەتۆمیی هەیەو دەتوانێ بەكاری بێنێ، چ كاریگەرییەك لەسەر هاوكێشیی دەسەڵات لەناوچەدا دادەنێ. ناوبراوگوتی پسپۆران لەسەر ئەمە هاودەنگن ئەگەر ئێران بەو تواناییە بگا، لانی كەم ژمارەیەك لە وڵاتانی ناوچە بۆ وێنە توركیە، میسرو عەربەستانی سەعوودی ناچار دەبن "هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن"و پێشبڕكێی خۆچەكدار كردن لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەشەنە دەكا. بۆیە وڵاتانێكی زۆر، دەیانهەوێ دڵنیا بن كە بەرنامەی ناوكیی ئێران نێوەرۆكێكی ناسەربازی (غیرنظامی)ی هەیە.

## به بەشداریی نوێنەری حیزب لە ئامریكا
## "كۆنفرانسی ئێرانی نەناسراو پێویستییەكی دیكە بە فیدرالیسم"



رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٥/١٠/٢٦ ئەنستیتۆی ئەمریكن ئێنترپرایز كۆنفرانسێكی لەژێر ناوی ئێرانی نەناسراو پێویستییەكی دیكە بە فیدرالیزم لە واشنگتون بەڕێوەبرد كە لەو كۆنفرانسەدا نوێنەرانی گەلانی كورد، بەلووچ، تورك، عەرەبو لوڕ بەشدار بوون. نوێنەری حیزب د.مورتەزا ئەسفەندیاری بوو. بەشدارانی كۆنفرانسەكە بیروڕاو نەزەری خۆیان لەسەر چۆنیەتیی چارەسەری كێشەی نەتەوایەتی لە ئێرانی نەتەوەییدا خستە بەر باسو لێكۆڵینەوە. نوێنەری حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە باسەكەی خۆیدا لەگەڵ ئاماژەیەكی كورت بە خەباتی ٦٠ ساڵەی نەتەوەی كوردو ئاماژە بە چەوسانەوەی لە بواری ئابووری، فەرهەنگیو سیاسیو كۆمەڵایەتیو، ئەو زوڵمو زۆرانە كە لە سەردەمی حكوومەتەكانی پاشایەتیو كۆماری ئیسلامیدا لە نەتەوەی كورد كراون، باسی چارەسەری كێشەی نەتەوایەتی لە ئێرانی فرەگەل بە گشتیو گەلی كورد بە تایبەتی كرد. لەم بوارەدا نوێنەری حیزبی دێموكرات بۆ چارەسەری كێشەی نەتەوایەتی لە ئێران دا سیستمی فیدراڵی كە لەسەر بنەمای جوغرافیاییو نەتەوەیی دامەزرابێ بە گونجاوترینو لەبارترین سیستم دەستنیشان كرد چونكە گەلانی ئێران دەتوانن هەم لە بەڕێوەبردنی خۆیان دا نەخشیان هەبێ هەم لە بەڕێوەبردنی وڵات دا.

## یەكیەتیی ئورووپا داوای قەدەغە كردنی ئەشكەنجە لە توركیە دەكا

رۆژنامەی ئینگلیسیی "فایننشال تایمز" رۆژی سێشەمە یەكی نوامبر نووسی: ئەگەر توركیە داواكاری ئەندامەتی لە یەكیەتیی ئورووپا لە ١٠ ساڵی داهاتوو دایە، دەبێ هەتا دوو ساڵی داهاتوو، ئەشكەنجە هەڵوەشێنێتەوە، رێگە بە ئازادیی دینی بداو دەسەڵاتی ئەرتەش كەم بكاتەوە."

"فایننشال تایمز" ئاماژەی بە گەلاڵەی داوانامەیەك كرد. بەپێی ئەو بەڵگەنامەیە "كۆمیسیۆنی ئورووپا" لە مانگی نوامبردا پێرستی ١٥٠ ئەركی كورتخایەن وەك پێش مەرجی ئەندامەتیی توركیە لە یەكیەتیی ئورووپادا، بەو وڵاتە رادەگەیەنێ.

فایننشال تایمز" پشت ئەستوور بەم بەڵگەنامەیە نووسی: توركیە دەبێ لەم ماوە دیاریكراوەدا چاوەدێریی بە تەواوی پارلمان بەسەر سیاسەتی سەربازیو بەرگریدا مسۆگەر بكاو "هەر چەشنە سەلاحییەتێكی دادگا سەربازییەكان بۆ موحاكەمە كردنی كەسانی سڤیل هەڵبوەشێنێتەوە".

**ماڵپەڕی "اخبار روز"**

## ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارنامەیەكی لە دژی سووریە پەسند كرد

رۆژی دووشەممە ٣١ی ئوكتۆبری ٢٠٠٥ ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بە پەسندكردنی بڕیارنامەی (١٦٣٦)، داوایان لە سووریە كرد لە بواری لێكۆڵینەوە لە پەروەندەی تیرۆری رەفیق حەریری سەرۆك وەزیری پێشووی لوبنان دا هاوكاریی تەواو لەگەڵ كاربەدەستانی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان دا بكا.

هەر ١٥ ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش بە لایەنگری لەم بڕیارنامەیە دەنگیان دا. بە پێی راپۆرتەكان، ئەمریكا، بریتانیاو فەرانسە پێش دەنگدان، وازیان لە پێداگریی خۆیان لەسەر گەمارۆی ئابووریی دەوڵەتی سووریە هێنا.

لە مانگی ئۆكتوبردا، شاندی لێكۆڵەری سەر بە رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان، راپۆرتی خۆی لە بارەی تیرۆری رەفیق حەریری لە مانگی فێوریەی ٢٠٠٥دا، بڵاوكردەوەو، رایگەیاند كە ئاكامی لێكۆڵینەوەكان نیشان دەدا كە ژمارەیەك لە كاربەدەستە گەورەكانی سووریەو دەوڵەتی پێشووی لوبنان لەو تەقینەوەیەدا كە بووە هۆی كوژرانی سەرۆك وەزیری پێشووتری لوبنان، دەستیان هەبووە.

بە بڵاوبوونەوە ئەم راپۆرتە، سێ وڵاتی فەرانسە، بریتانیاو وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كە وێڕای رووسیەو چین، ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش پێك دێنن، گەلاڵەی بڕیارنامەیەكیان هێنایە گۆڕێ. لەو گەلاڵەیەدا وریایی بە دەوڵەتی سووریە درابوو كە ئەو كەسانە بگرێ كە گومانی دەست هەبوون لەو تیرۆرەیان دا لێدەكرێ.

**B.B.C**

## روون كردنەوەیەك

یەكێك لەو كارانە كە دەكرێ وەك رێگەیەك بۆ گواستنەوەی ئەزموونی شۆرشگێڕانەی كەسایەتیە سیاسی و فەرهەنگییەكان و..... بۆ بەرەی نوێ بە تایبەت لاوان چاو لێ بكری، نووسینی بیرەوەریی ئەو كەسانەیە. زۆر لە مێژ نیە كە رەوتی نووسینی بیرەوەری لە نێو كوردەكانیش دا پەرەی سەندوەو زۆر كەس دەستیان داوەتە قەڵەم و لەو بوارەدا كتێب و نامیلكەیان نووسیوە. ئەو كارە لەخۆیدا هیچ ئیراد و ئیشكالێكی لە سەر نیە و بگرە باشیشە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە كە ئەو بیرەوەرییانە یا ئەو نووسراوانە بە چ مەبەستیك و بە چ گوتارێك دارێژرابن و چ كاریگەرییەك دابنێن.

یەكێك لەو نووسراوانە كە لەم دوایانەدا بڵاو كراوەتەوە، بڵاوكراوەیەكی بەڕێزكاك جەلیل گادانییە لە ژێر ناوی "پەنجا ساڵ خەبات." ئەو كتێبە ئەگەر وەك بیرەوەریی شەخسیی كاك جەلیل نووسرابا، دەچووە ریزی ئەو جۆرە كتێبانە كە وەك بیرەوەری نووسراون. بەڵام ئەو كتێبە وەك مێژووی حیزبی دیمۆكراتی كوردستانی ئێران نووسراوە و وەك نووسەر لە سەرەتاكەیدا، دەڵێ" بە مەبەستی پەند وەرگرتن و پتەو بوونی ریزەكانی حیزب و..." و هەر وەك باس كرا ناوی مێژووی حیزبی لە سەرە. بەداخەوە نووسەر لەو كتێبەدا لایەنی بێ لایەنی وەلاناوە و راستییەكانی وەك ئەوەی بوون باس نەكردوە و مەبەستەكەی كە پتەو كردنی ریزەكانی حیزب بێ، نەپێكاوە و تێكۆشاوە یەك لایەنە رەوایی بدا بە هەڵوێستی بەشێك لە كادر و پێشمەرگەكانی حیزب كە پاش كۆنگەرەی ٨ بوو بە هۆی دابران و جودا بوونەوەیان لە حیزب لە ساڵی١٣٦٧(١٩٨٩). ئەزموونێك كە سەركەوتوو نەبوو و لە هەمان كات دا زیانێكی گەورەشی بە حیزب و جووڵانەوە گەیاند.

هەر چەندە نووسەر ئیددیعا دەكا: بە مەبەستی پێكهێنانی تەفاهوم و رۆحی برایەتی زیاتر...." نووسراوە، بەڵام بە داخەوە نووسەر هەموو كەموكوورییەكانی خستۆتە پاڵ حیزب و رێبەریی پاش كۆنگەرەی ٨ و زۆرینەی ئەو كادر و پێشمەرگانە كە لە ریزی حیزب دا مانەوە. ئەوەش ناتوانێ بۆ پێكهێنانی تەفاهوم و روحی برایەتی شوێندانەر بێ. بە داخەوە لەو وتارەدا دەرەتانی وەڵامدانەوەی ورد بەو نوسراوە و ناوەرۆكەكەی نیە و دەمێنێتەوە بۆ ئەو كەسانە كە بیانهەوێ لە داهاتوودا هەڵی سەنگێنن و لە سەری بنووسن. ئەوەی كە پێویستە لێرەدا رای گەیەنین ئەوەیە كە: نووسراوەی بەڕێز كاك جەلیل لە ژێر ناوی "پەنجا ساڵ خەبات" وەك مێژووی حیزبی دیمۆكراتی كوردستانی ئێران حیسابی بۆ ناكرێ و بۆ ئەوە نابێ وەك سەرچاوەیەكی جێگای باوەڕ و متمانە سەیری بكرێ مەگەر ئەو كاتە هەر بابەتێكی بە بەڵگەی جێگەی پەسەند و حاشا هەڵنەگر پشت راست بكرێتەوە. داوا لە ئەندامان، لایەنگران، دۆستانی حیزب و لیكوڵەرەوان دەكەین كە ئەو كتێبە وەك مێژووی حیزب چاوی لێ نەكەن.

## راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران
## بەبۆنەی كۆتاییهاتنی شەشەمین پلینۆمی كۆمیتەی ناوەندییەوە

**هاونیشتمانە بەڕێزەكان!**
**خەڵكی خەباتگێڕی كوردستان!**
**ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران!**

بە خۆشحاڵییەوە رادەگەیەنین كە كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران هەڵبژێردراوی كۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب، سەعات ٩:٣٠ی پێشنیوەڕۆی رۆژی شەممۆ، رێكەوتی ٧ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٩ی ئۆكتۆبری ٢٠٠٥ی زایینی، شەشەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی، جێگرانو موشاویرانی كۆمیتەی ناوەندی پێك هێناو پاش سێ رۆژ كاری بەردەوام، سەعات ٧:٣٠ی پاشنیوەڕۆی رۆژی دووشەممۆ، ٩ی خەزەڵوەر كۆتایی بە كارەكانی هێنا.

شەشەمین پلینۆمی كۆمیتەی ناوەندی بە دەقیقەیەك بێدەنگی راوەستانی بەشداران بۆ رێزگرتن لە گیانی پاكی شەهیدان بەگشتیو شەهیدانی ئەم دوایانەی حەرەكەتە ئێعتیرازییەكانی كوردستان بەتایبەتی دەستی پێكرد. پاشان دەستوری كاری پلینۆم خرایە بە نەزەری بەشدارانی پلینۆمو پاش پەسندكرانی دەستوری كارو بڕگەكانی بەرنامەی پلینۆم، هاوڕێی بەڕێزو تێكۆشەر كاك مستەفا هیجری سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لێكدانەوەیەكی سیاسیی لەسەر وەزعی ئێرانو كوردستانی ئێران لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە پێشكێش كرد.

لە لێكدانەوەی دەفتەری سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی سیاسیی ئێراندا زۆربەی مەسەلە گرینگەكانو ئاڵوگۆڕەكانی وڵاتو یەك لەوان هەڵبژێرانی مەحموودی ئەحمەدینەژاد وەك سەركۆماری رێژیمو مەبەستەكانی رێژیم لە دیاریكردنی مۆرەیەكی ئەمنییەتی ـ نیزامی بۆ سەركۆمارییو یەكدەستكردنی ناوەندە بڕیاردەرەكانی رێژیمو ئاكامو ئەنجامی ئەو دەستنیشانكردنە لە نێوخۆی وڵاتو لە دەرەوەی وڵات، بەڕوونیو بە وردی ئاماژەیان پێ كرابوو. لێكدانەوەكە ئاماژەی بەوە كردبوو كە بە دانانی ئەحمەدینەژاد وەك سەركۆمار، رێژیم سیمای واقیعیی خۆی بە دنیای دەرەوە نیشان داو دەریخست كە گاڵتەی چاكسازیو ئیسلاحتەڵەبی بەشێك لە رێژیم كۆتایی پێ هاتووەو رەوتی گەڕانەوە بۆ سەردەمی دامەزرانی رێژیمی كۆماری ئیسلامی دەستی پێ كردۆتەوە. ئەو رەوتەش هەرچەند ئەگەری توندوتیژی نواندنی رێژیم بەرانبەر بە خەڵكو سەركوتی ئازادیخوازانی لێ دەكەوێتەوە، لە هەمان كاتدا ئەو گومانەشی رەواندەوە كە گۆیا بەشێك لە دەسەڵاتدارەتیی كۆماری ئیسلامی بیر لە ئیسلاحاتو چاكسازی دەكەنەوە. ئەمەش بە نۆرەی خۆی یەكدەستیی خەڵك لە بەرانبەر رێژیمدا مسۆگەرترو مەیدانی خەبات دژی رێژیم بەرینتر دەكاتەوە.

لە لێكدانەوەی دەفتەری سیاسیدا هەروەها ئاماژە بەو گیروگرفتانە كرابوو كە رێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوخۆو لە دەرەوەی وڵات لەگەڵیان بەرەوڕوویە، بەتایبەت كێشەی ئەتۆمیی رێژیم لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیو وڵاتانی رۆژئاواییو یەكهەڵوێستییان بەرانبەر بە رێژیم كەوتبووە بەر باسو بە وردی شی كرابۆوە. لە لێكدانەوەكەدا بەلەبەرچاوگرتنی وەزعی گشتیی وڵاتو سیاسەتو هەڵوێستەكانی رێژیمی كۆماری ئیسلامیو سووربوونی خەڵكی وڵاتەكەمان لەسەر خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی، ئاسۆی خەبات روونتر لە جاران بەدی كرابووو، هیوا بە یەكدەنگیو یەكگرتوویی گەلانی ئێران پتر خۆی نواندبوو. هەر لەو پێوەندییەدا لێكدانەوەكە پێویستیی هاوخەباتیی هێزە سیاسییەكانی ئێران لەو هەلومەرجە تایبەتییەدا بە كارێكی حاشاهەڵنەگر دانابوو، هەر بۆیە بەهێزكردنو بەرینتركردنی كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێرانی فیدراڵ وەك ئەركێكی گرینگ دەستنیشان كرابوو.

٢

**درێژەی**

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## بەبۆنەی کۆتاییهاتنی شەشەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندییەوە

لێکدانەوەکە لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی گشتیی کوردستاندا ئاوڕی لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانو خەباتی خەڵکی کوردستان دابۆوە، بەتایبەت حەرەکەتە ئێعتیرازییەکانی ئەم دوایانەی خەڵکی کوردستان کە لەم ساڵانەی دواییدا هەم لە باری یەکگرتوویی خەڵکی کوردستانو هەم بەرینیو بەردەوامیی حەرەکەتەکە بێوێنە بوو، بەشێوەیەکی گرینگو شوێندانەر لە خەباتی مەدەنیی خەڵکی کوردستان دانا. حەرەکەتێك کە هەم زۆربەی هەرە زۆری شارو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوەو هەم بۆ زیاتر لە مانگێك درێژەی کێشاو هەم داخوازییە سیاسیو نەتەوەیییەکانی گەلی کورد تێیدا ڕەنگی دابۆوە.

پلینۆم لە پێوەندی لەگەڵ ئەم حەرەکەتە بەرینو شوێندانەرەدا جارێکی دیکەو بەناوی خۆیو هەموو تێکۆشەرانی حیزبەوە سوپاسو پێزانین، ئەمەگناسیو قەدرزانیی خۆی پێشکێشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کردو ئەو یەکدەنگیو یەکگرتوویيو فیداکارییەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادیو مافی نەتەوایەتیدا بەهیوابەخش زانی. هەروەها سڵاوی نارد بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانەی کە لەم حەرەکەتانەدا گیانیان لێ ئەستێدراو ڕێزی تایبەتیی بۆ بوێریو خۆڕاگریی هەموو ئەوانە هەبوو کە بە تاوانی ئازادیو مافخوازی ڕەوانەی زیندانەکانی ڕێژیم کراون.

پلینۆم هەروەها سوپاسی تایبەتیی خۆی بۆ هەموو ئەندامانو لایەنگرانو دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی کە لەو حەرەکەتە ئێعتیرازیانەدا دەوری بەرچاویان بینیو لە جۆشدانی ئەم حەرەکەتانەدا نەخشی کاریگەریان گێڕا.

لێکدانەوەی دەفتەری سیاسی لەسەر وەزعی ئێرانو کوردستان لەلایەن بەشدارانی پلینۆمەوە کەوتە بەرباسو پاش دەوڵەمەندترکردنی باسەکە، پەسند کرا.

لە بەشێکی دیکەی کاری پلینۆمدا، هاوڕێی بەڕێز کاك تەیموور مستەفایی ئەندامی دەفتەری سیاسی، ڕاپۆرتێکی وردی لەسەر وەزعی تەشکیلاتیی حیزب پێشکێشی بەشدارانی پلینۆم کرد. لەو ڕاپۆرتەدا خاڵە بەهێزو لاوازەکانی کاری تەشکیلاتی بەوردیو واقیعبینییەوە دەستنیشان کرابوون.

بەشدارانی پلینۆم لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتەشدا چالاکانە بەشداری باسەکە بوونو ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕیو ڕاپۆرتەکەیان واقیعبینانە هەڵسەنگاندو لەسەر پێویستیی بەهێزترکردنو چالاکترکردنی بەشی تەشکیلاتیی حیزبو هەروەها کاروباری ڕاگەیاندنی حیزب پێیان داگرتەوەو بۆ بەجێ هێنانی ئەو ئەرکانەش پلینۆم ڕاسپاردەی تایبەتیی خۆی بە دەفتەری سیاسی دا.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکانی پلینۆمدا، هاوڕێی بەڕێز کاك شاهۆ حوسەینی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، ڕاپۆرتێکی هەمەلایەنەی لە کاروباری تەشکیلاتیو دیپلۆماسیو ڕاگەیاندنو باقیی ئەرکەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی کاروباری حیزب لە دەرەوەی وڵاتی پێشکێش بە پلینۆم کرد. لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەو کارو ئەرکانە کرابوو کە بە ئەنجام گەیشتونو ئەو ئەرکانەش دەستنیشان کرابوون کە بۆ بە ئەنجام گەیاندنیان بەرنامەڕێژی کراوە.

پلینۆم پاش باس لەسەر ئەو ڕاپۆرتەو پەسندکردنی، ڕاسپاردەی خۆی بۆ باشترو چالاکترکردنی ئۆرگانەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، بە دەفتەری سیاسی دا.

بڕگەیەکی دیکەی کاری پلینۆم، تەرخان کرابوو بۆ باسێکی سیاسیی دەفتەری سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد بەگشتی، کە ئەو باسە لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکێش بە پلینۆم کرا. لەو باسەدا دۆزی کورد لە بیروڕای گشتیو لە ڕوانگەی وڵاتانی ڕۆژئاواییو ناوچەییەوە، شی کرابۆوەو دۆزی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان بەجیا خرابۆە بەرچاوو، خاڵە بەهێزو لاوازەکانی خەباتی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەر پارچەیەك دەستنیشان کرابوونو، سەرئەنجام ئاسۆی سەرکەوتنو بەرەوپێشچوونی خەباتی کورد زۆر ڕوونتر لە جاران خرابۆە بەرچاو.

هەر لەو پێوەندییەدا دەسکەوتەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقو دەوری هێزە سیاسییەکانی کورد لەو پارچەیە لە کوردستانو شوێندانانی لەباری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی عێراقو سەقامگیرکردنی دێموکراسی لەو وڵاتەدا بەرز نرخێندراو بە چاوی ڕێزەوە سەیری کرابوو. لەو باسەدا پێویستیی هاوکاریو پێوەندیی برایانەی هەموو هێزە سیاسییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە ئەرکێکی نیشتمانیو کوردپەروەرانە زانراو هەنگاونان لەو بارەوە بە ئەرکی هەموو لایەك دانرابوو. بەشدارانی پلینۆم لەو بڕگەیەش لە کاری پلینۆمدا، چالاکانە بەشداری باسەکان بوونو بۆچوونی دەفتەری سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستانو وەزعی هێزە سیاسییەکانی کوردی لە پارچەکانی دیکەی کوردستانی بە دروستو واقیعبینانە هەڵسەنگاند.

لە بەشێکی دیکەی کاری پلینۆمداو لە چوارچێوەی ئەرکو سەلاحییەتێك کە کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب بە کۆمیتەی ناوەندیی ئەسپاردبوو، سێ کەس لە هاوڕێیانی حیزب لە دەرەوەی وڵات بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێران.

بەشی کۆتایی کارەکانی پلینۆم تەرخان کرابوو بۆ پێداگریو سووربوون لەسەر ئوسووڵو پرنسیپەکانی حیزبو چالاكترکردنی تێکۆشانی ئۆرگانەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. بەشدارانی پلینۆم بە تێکڕاییو بە هەست بە بەرپرسایەتیی تەواوەوە لەو بوارانەشدا ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕیو ڕاسپاردەو پێشنیارەکانی پلینۆمیان بە دەفتەری سیاسی دا.

پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروەك ئاماژەی پێکرا، سەعات ٧:٣٠ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممۆ، ٩ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی، پاش بە ئەنجام گەیاندنی هەموو ئەركو دەستووری کاری دیاریکراوی، کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨٤/٨/١٠ی هەتاوی**
**(٢٠٠٥/١١/١ی زایینی)**

❊❊❊

# شەڕی دیپلۆماسی

**عەباس ئەحمەدی**

هەروەك چاوەڕوان دەکرا دوای دەرچوونی بڕیارنامەی ژمارە Gov/70/2005ی شووڕای ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی لە ڕێکەوتی ٢٤ی سیپتامبری ٢٠٠٥ (١٣٨٤/٧/٢) کە کۆماری ئیسلامیی بە پێشێلکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان تاوانبار کردو ڕێگەی بۆ ناردنی پەروەندەی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەیی خۆش کرد, هەوڵێکی دیپلۆماسی لە لایەن ئەمریکاوە بۆ ڕاگرتنی پشتیوانیی یەکیەتیی ئۆرووپا لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەوە ڕازی کردنی ڕووسیەو چین دەستی پێکردو لەو پێوەندییەدا کۆندالیزا ڕایس وەزیری درەوەی ئەمریکا دوای سەردانەکەی بۆ ئاسیای ناوەندی, سەردانی وڵاتانی فرانسەو ڕووسیە, بریتانیاو کانادای کردو دۆناڵد ڕامسفێلد وەزیری بەرگریی ئەمریکا سەردانی چینی کرد.

لە چاوپێکەوتنەکانی ڕایس لەگەڵ ئۆرووپاییەکاندا ناوبراو گیروگرفتێکی ئەوتۆی نەبوو. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارێ:

١ـ بە بنبەست گەیشتنی وتووێژەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و یەکیەتیی ئۆرووپا کە بە دەستبەکاربوونەوەی دووبارەی دامەزراوەی USFی ئیسفەهانو لە ئاکامدا مەحکووم بوونی کۆماری ئیسلامی بە پێشێلکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان لە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمیدا شکایەوە.

٢ـ هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژادو سەرکوتی زیاترو لە ڕادەبەدەری ئازادییە دێمۆکراتیکەکانو لەو پێوەندییەدا سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵکی کوردستانو خووزستان بوو بەهۆی شکستهێنانی یەکجارەکیی سیاسەتی ئۆرووپا کە دەیویست لە نێوخۆی ڕێژیمدا چاکسازی پێك بێنێو ئێران بەرەو دێمۆکراتیزە بوون بەرێ. ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە یەکیەتیی ئۆرووپا لە ڕێکەوتی ٢٠ی ڕەزبەری ١٣٨٤دا لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا ڕەخنە لە کۆماری ئیسلامی بگرێو لەو پێوەندییەدا داگلاس ئەلکساندر وەزیری کاروباری ئۆرووپای بریتانیا کە وڵاتەکەی سەرۆکی دەورەیی یەکیەتیی ئۆرووپایە ڕابگەیەنێ کە:" لە ماوەی سێ مانگی پێشوودا وەك سەرۆکی دەورەیی یەکیەتیی ئۆرووپا چەندین جار لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا "تژکر"ی بە کۆماری ئیسلامی داوە."

٣ـ ئاشکراکردنی دەستتێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە عێراق بە مەبەستی تێکدانی ئەمنییەتی ئەو وڵاتەو پشتیوانی کردن لە گرووپە تیرۆریستییەکان لە لایەن بەرپرسانی بریتانیاییەوە لە لایەكو لە لایەکی دیکەوە تاوانبار کردنی بریتانیا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەوەی کە دەستی لە تەقینەوەکانی ئەم دوایانەی ئەهوازدا هەبووە, ئاستی پیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتەی بە ڕادەیەك هێناوەتە خوارێ کە تەنانەت کۆماری ئیسلامی هاوردەی کەرەستە بریتانیاییەکانی قەدەغە کردوە کە بێگومان ئەمەش کار دەکاتە سەر وڵاتانی ئۆرووپاییو میکانیزمی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان کە دەبووە هۆی پشتگیریی وڵاتانی ئۆرووپایی لە کۆماری ئیسلامی لە نێو دەبا.

**ڕووسیەو چین:**



هەرچەند کە زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهان سەردانەکەی ڕایس بۆ ڕووسیەیان بە سەرکەوتوو نەزانی، بەڵام چاوەڕوان ناکرێ کە ڕووسیە بتوانێ لە بەرانبەری یەکگرتوویی ئەمریکاو ئۆرووپادا پشتیوانییەکی ئەوتۆ لە کۆماری ئیسلامی بکا. چونکە ئەم وڵاتە نە تەنیا بەدەست چەندین گیروگرفتی دێرینو برینی وەك کێشەی چێچنو مەسەلەی دێمۆکراسییەوە دەناڵێنێو ناتوانێ پێوەندییەکانی لەگەل ئەمریکاو ئوورووپا بباتە قۆناغێکی ئاستەنگەوە, لە ماوەی کورتی ڕابردوودا چەندین فاکتەری دیکە هاتوونەتە کایەوە کە ئەگەری پشتیوانیی ڕووسیە لە کۆماری ئیسلامی کەم دەکەنەوە:

١ـ سەردانی پووتین بۆ ئوورووپاو بردنەسەری ئاستی پێوەندییەکان بە ڕادەیەك کە پووتین بە هاوپەیمانیی ئیستراتژی ناوی برد، ئەو دوو لایەنە زیاتر بە یەکترەوە دەبەستێتەوە
بەرژەوەندییەکانیان پێکەوە گرێ دەدات. بۆیە چاوەڕوان ناکرێ ڕووسیە بە مەبەستی پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی واز لەو هەموو بەرژەوەندییە هاوبەشە بێنێ کە لەگەڵ دنیای ڕۆژئاوا هەیەتی. سەرەڕای ئەمەش ئیزۆلە بوونی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا تا ڕادەیەك لەگەڵ بەرژەوەندییە ناوچەییەکانی ڕووسیەدا دێتەوە, چونکە یەکێك لە ئێمتیازەکانی یەکیەتیی ئوورووپا لە بەرانبەر وازهێنانی کۆماری ئیسلامی لە پیتاندنی ئۆرانیۆمدا ئەوەیە کە ئێران بکرێتە ڕێگای سەرەکیی گواستنەوەی نەوتی ئاسیای ناوەڕاست, ئەمەش پێگەی ڕووسیە لە ناوچەکە لاواز دەکا و بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتەیە کە بەردەوام ویستوویە ببێ بە ڕێگای سەرەکیی ترانزیتی نەوتی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز و لەو پێوەندییەشدا بە مەبەستی پێشگیری لە جێبەجێ بوونی پرۆژەی هێڵی لوولەی باکو ـ جەیهان هەوڵێکی بەرچاوی دا، بۆیە نایەهەوێ کە ئێران ڕۆڵی شادەماری نەوتی ئەو ناوچانە بە دەستەوە بگرێو هێڵی لوولەی قەزاقستان ـ نووروسیسك گرنگیی خۆی لە دەست بدا.

٢ـ قسەکانی ئەحمەدینەژاد کە خوازیاری سڕینەوەی ئیسرائیل لە سەر نەخشەی جیهان بوو نە تەنیا دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامیی تووشی ئیزۆلە بوونی جیهانی کردوە، بەڵکوو دیپلۆماسیی چینو ڕووسیەشی بۆ پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی ئیزۆلە کردوە.

لە لایەکی دیکەشەوە چین وەکوو ڕووسیە لەگەڵ چەندین گیرگرفت لە ئاستی نێودەوڵەتیو نێوخۆییدا بەرەوڕووە, وەك کێشەی تایوانو تەبەتو کێشەی مافی مرۆڤ و کێشەی ئاینی وەکوو "فالونگونگ". لە پەنای ئەم کیشانەدا چەندین کێشەی دیکە زەق بوونەتەوە کە بریتین لە:

١ـ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ڕێبەرانی چین هەوڵێکی بەرچاویان داوە کە بە مەبەستی بردنەسەری پێگەی نێودەوڵەتیی وڵاتەکەیان جۆرێ لە هاوپەیمانیەتی لە نێوان ئەم وڵاتەو هێندو ڕووسیە دروست بکەن, بەڵام سەردانە یەك لە دوای یەکەکانی ڕێبەرانی ئەمریکاو هێند بۆ وڵاتی یەکترو نزیك بوونەوەکانی ئەو دوایەی هێند لە ئەمریکاو مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی عیلمی ـ تکنۆلۆژیك لە نێوان ڕایس, وەزیری درەوەی ئەمریکاو کاپیل سیبال وەزیری ڕاوێژکار لە کاروباری عیلمیو تیکنۆلۆژیی هێنددا و هەروەها بەڵێنی ئەمریکا بۆ دامەزراندنی دامەزراوەی ئەتۆمی بۆ هێند تا ڕادەیەکی زۆر ئەو ئاواتانەی چینی لەگەڵ گومان بەرەوڕوو کردو لایەنی چینی لە هاوکێشە سیاسییەکانی جیهانیدا سووك کرد.

٢ـ چین بۆ درێژەدان بە گەشەی "ڕشد"ی ئابووری ٩/٤٪ خۆی پێویستیی بە "سەقامگیری" (ثبات) هەیەو ناتوانێ پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکاو ئۆرووپا بێنێتە ئاستی بەرانبەر یەك ڕاوەستان. لەم پێوەندییەشدا "کنك کوان" وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین دەڵێ: "چین پێش لە هەموو شتێك خوازیاری دەوروبەرێکی سەقامگیرو لە بارە بۆ پەرەپێدان."

٣ـ وتەکانی ئەحمەدینەژاد لە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا چینی وەکوو ڕووسیە تووشی ئیزۆلە بوونی دیپلۆماسی کردووەو ناتوانێ سەرنجی بیروڕای ڕێبەرانی جیهانو خەڵکی جیهان بۆ پشتیوانی کردنی لە بەرنامە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ.

ئەو هاوکێشە سیاسییانەی کە لە سەرێ باسمان کردن لە ڕاگەیەندراوی ئەو دوایەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا ڕەنگی دایەوەو بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەو ناوەندە نێودەوڵەتییە لە ڕاگەیەندراوێکدا کە بە پەسندی تەواوی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە گەیشت، قسەکانی ئەحمەدی نەژاد لە پێوەندی لەگەڵ سڕینەوەی ئیسرائیل لە سەر نەخشەی جیهاندا مەحکووم بکا. تەنانەت ئەمجارە بە پێچەوانەی ئەو بڕیارنامەیە کە لە شووڕای ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی لە ڕێکەوتی٢٤ی سیپتامبری ٢٠٠٥ پەسند کراو چینو ڕووسیە بێلایەن مانەوە، ئەمجارە پشتیوانییان لە ڕاگەیاندراوەکە کرد کە بێگومان کاردانەوەی ئەو فاکتەرانەیە کە لە سەرەوە باسمان کرد.

❊❊❊

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# هەواڵەکانی کوردستان

## ورمێ

### هێزی ئینتیزامیی‌یەکانی ڕێژیم گیانیان لە لاوێك ستاند

شەوی ٢ لەسەر ٣ی خەزەڵوەری ١٣٨٤، لاوێکی تەمەن ٢٨ ساڵ بە ناوی جەهانگیر عیساپوور، کوڕی میرۆ، خەڵکی گوندی "ناری" سەر بە مەحالی دۆڵ لە کاتێکدا کە بە ماشینی خۆی خەریکی بردنی گازۆیل بۆ ناوچەی سێرۆ دەبێ لە لایەن گەشتیی هێزی ئینتیزامی‌یەوە تەعقیب دەکرێ‌و بەم هۆیەوە ناوبراو تووشی پێکدادانێکی زۆر توند دەبێ‌و هەر لەوێ گیانی لەدەست دەدا.

### ژنێك گیانی لەدەست دا

ڕۆژی ١٣٨٤/٨/٧، لە گوندی "حەمام لار" سەر بە مەحاڵی ئەنزەلی ورمێ ماشینی هێزی ئینتیزامی دەکەوێتە شوێن ماشینێکی سایپا کە دوو گالۆن گازۆیلی تیا دەبێ‌و لە ئاکامدا بەهۆی ڕاوەدوونانی ماشینی هێزی ئینتیزامی‌یەوە سایپاکە لە ژنێك بە ناوی "پەریشان میلانی"، خێزانی سۆفی حسێن، خەڵکی گوندی "حەمام لار" دەداو ناوبراویش لە جێدا گیانی لەدەست دەدا.

شیاوی باسە کە ئەم ڕووداوە نارەزایەتیی خەڵك‌و هێرشی ئەوان بۆ سەر هێزە ئینتزامی‌یەکان‌و پێکهاتنی تێکهەڵچوون لەنێوان ئەوان‌و خەڵك دا، لێ دەکەوێتەوە.

### نارەزایەتیی خەڵکی ورمێ بە هۆی گرانی‌و نەبوونی گازەوە

ڕۆژی چوارشەممە ١٣٨٤/٨/٤، خەڵکی شاری ورمێ بە هۆی چوونە سەرەوەی نرخی گازو هەروەها نەبوونی گاز لەو شارەدا لەبەردەم شیرکەتی گازی‌ورمێ‌دا کۆبوونەوەو دەستیان کرد بە دروشمدان لە دژی بەرپرسانی شیرکەتی گازو بەرپرسانی ئوستان ئازەربایجانی ڕۆژئاوایی‌و دواتر بە داروبەرد شیشەی دەرگاو پەنجەرەی شیرکەتەکەیان شکاند. لە ئاکامی تووڕەیی‌و نارزایەتیی خەڵك دا بەرپرس‌و چەند کارمەندێکی ئەو شیرکەتە بریندار بوون‌و هەروەها ئەم خۆپیشاندانە تا کاتژمێر ١١ی بەیانی خایاندو لە کۆتایی‌دا هێزەکانی ڕێژیم بەزۆر بڵاوەیان بە خەڵك کردو هیچ وەڵامێکیشیان بە داخوازییەکانیان نەدایەوە.

**

### هەوڵی ڕێژیم بۆ چەکدارکردنی خەڵکی شارەکانی سەردەشت‌و بانە

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕێژیمی دژی گەلیی ئاخوندی لە شارەکانی سەردەشت‌و بانەدا هەوڵەکانی خۆی بۆ هاندانی خەڵك بۆ هەڵگرتنی چەك‌و ناونووسی کردن لە ڕیزی جاشەکانی‌دا خستۆتە گەڕو بۆ ئەم مەبەستەش ٣٠٠ هەزار تمەن مانگانەی بۆ هەر کەسێ کە خۆی ناونووسی بکا، داناوە کە بە هۆی وشیاری‌و تێگەیشتوی خەڵکەوە لەم پیلانەی‌دا سەرکەوتوو نەبووە.

### مانۆڕی نیزامیی هێزەکانی ڕێژیم

هێزەکانی ڕێژیم لە ناوچەی سەردەشت لە سنووری دووبەگرەو بۆڵفت تا سنووری باژارو نزیك گوندی قەلەڕەشێ، لەسەر سنووری نێوان ئێران‌و عێراق دەستیان کردوە بە مانۆڕدان‌و تا گەیشتنی ئەم هەواڵە مانۆڕەکەیان هەروا بەردەوامە.

### خۆکوشتنی ژنێك بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی‌یەوە

ڕۆژی پێنج شەممە ١٣٨٤/٨/١٢، لە گوندی "ساوان"ی بانەدا ژنێك بە ناوی سوەیبە بووکی مام سمایل بەهۆی کێشەی بنەماڵەیی‌یەوە خۆی خنکاند.

***

## کرماشان

### گوشاری ڕێژیم بۆ سەر خوێندکارانی زانکۆی ئازاد

ماوەیەکە مەئموورانی ڕێژیم لە زانکۆی ئازادی کرماشان دا پێشگیری لەو لاوانە دەکەن کە بە دڵخوازی خۆیان جلوبەرگ لەبەر دەکەن‌و گوشاریان بۆ هێناون کە ڕەچاوی ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان بکەن.

جێی باسە کە هەر خوێندکارێك لە چوارچێوەی ویست‌و داخوازییە دواکەوتوانەکانی ڕێژیم دا نەجوولێتەوە دەکەوێتە بەر ئازارو ئەزییەتی کۆنەپارێزان. شایانی باسە "خواهران زینب"یش ئەو کچانەی کە ڕەچاوی ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان ناکەن، دەگرن‌و بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین‌و توند لەگەڵیان دەجوولێنەوەو دەیانەوێ بەم شێوە کۆنەپەرستانەیە ترس بخەنە نێو دڵی لاوانەوە.

## پاوە

### بەشداری‌نەکردنی خەڵك لە ڕێپێوانی ڕۆژی قودسدا

ڕۆژی هەینی ١٣٨٤/٨/٦ کە لە لایەن ڕێژیمەوە بە ڕۆژی جیهانیی قودس ناوزەد کراوە لە شارەکانی ئێران دا لە لایەن ڕێژیمەوە ڕێپێوانی فەرمایشی‌و زۆرەملێ ڕێك دەخرێ. بەم بۆنەوە لە شاری پاوەدا تەنیا ژمارەیەکی کەم لە قوتابییان کە ئەوانیش بە هەڕەشەی هێندێ لە مامۆستایان‌و بەرپرسانی قوتابخانەکان ناچار دەبن، بەشداری دەکەن، کە ئەوانیش بۆ نیشان دانی نارەزایەتیی خۆیان لەوەی کە بە زۆرەملێ ناچار کراون بەشداری بکەن لە کاتی ڕێپێوان دا هەڵدێن‌و دەچنەوە بۆ ماڵ. بەڵام هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیم بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێپێوانە نەبێ بە ریسوایی بۆ ڕێژیم‌و ژمارەی بەشداران لەوە کەمتر نەبێ پێشگیری لە هەڵاتنی قوتابییان دەکەن کە قوتابییانیش بۆ نیشاندانی بێزارییان لە ڕێژیم دەست دەکەن بە هۆهۆ... کردن‌و بەجێهێشتنی ڕێپێوانی فەرمایشیی ڕێژیم. هەر بۆیە لە هێندێ شوێنی شاردا لەنێوان قوتابییان‌و هێزەکانی ڕێژیم دا تێکهەڵچوون ساز دەبێ کە ئەم تێکهەڵچوونە لە گەڕەکی "دەرەبەسام"دا زۆر توند دەبێ.

شیاوی باسە کە هێزە بەناو ئینتیزامی‌یەکانی ڕێژیم لە ڕۆژی قودس دا بەو پەڕی دڕندەیی‌یەوە بە باتۆم لە قوتابیانییان دەداو هەروەها چەند کەس لە لاوان‌و قوتابییان لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە گیراون کە تا ئێستا هەواڵێك لە بارەیانەوە نیە.

## سنە

### درێژەی مانگرتنی کرێکارانی شیرکەتی نەساجی

سێ مانگە کە هەقدەستی مانگانەی کرێکارانی شیرکەتی نەساجیی سنە نەدراوەو هەر بەم بۆنەوە ئەم کرێکارانە ٣٨ ڕۆژە مانیان گرتووەو هەروەها ڕۆژی هەینی ١٣٨٤/٨/٦، لە نێوان کرێکارانی مانگرتووو هێزەکانی ڕێژیم دا کە دەیانەوی بڵاوەیان پێ بکەن شەڕە قسە سازدەبێ. جێی باسە کە تا ئێستا ١٠٠ کەس لە ٤٨٠ کرێکاری شیرکەتی نەساجی لەسەر بیروڕای سیاسی بەند کراون.

هەروەها ڕۆژی شەممە ١٣٨٤/٨/٧ لە شیرکەتی نەساجی‌دا بە نوێنەرایەتی لە لایەن بنیاتی "مستضعفان"و ئوستانداری‌و هێزی ئینتیزامی کۆبوونەوەیەك لەگەڵ کرێکاران دا بەڕێوە چوو کە تێدا داوایان لە کرێکارەکان کرد کە کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بهێنن کە ئەوانیش گوتوویانە تا وەڵامی داخوازییەکانیان نەدرێتەوە درێژە بە مانگرتن دەدەن.

### نارەزایەتی‌و تێکهەڵچوون لە شاری مەهاباد

لە دوا ڕۆژەکانی ڕەمەزان‌و جەژنی ئایینی ڕەمەزان دا، لە نێوان خەڵکی مەهاباد‌و هێزە ئینتیزامی‌و نیزامی‌یەکان دا لە چەند شوێن، تێکهەڵچوون ڕووی داوە. خەڵکی شار بە پێی نەریتی ناوچەیی‌و چەند ساڵەی خۆیان، لە یەکەمین کاتژمێرەکانی ڕۆژی پێنجشەممە ١٢ی خەزەڵوەر، بە بۆنەی جەژن‌و بە مەبەستی سەردان لە گلکۆی خۆشەویستانیان چوونە گۆرستانی شارو پاشان لەسەر گلکۆی لاوی کورد "شوانە سەیدقادری" کۆبوونەوە. لەم نێوانەدا ژمارەیەك لە بەشداربووان خوازیاری ئازادکردنی لاوی بەندکراوی کورد "مستەفا ڕەسووڵنیا" بوون کە بە هۆی کاردانەوەی توندی ئەو هێزە ئینتیزامییانەی کە لەوێ بوون ڕێوڕەسمەکە بەرەو توندوتیژی چووو هێزە ئەمنییەتی‌و ئینتیزامییەکان کەوتنە سەرکوت‌و لێدان‌و گرتنی خەڵك. وا باس دەکرێ کە لە ڕەوتی ئەم تێکهەڵچوونانەدا کە لانیکەم ١٢ کاتژمێری خایاند، هێزە دەوڵەتییەکان لە چەکی گەرم کەڵکیان وەرگرتووەو تەقەکردنی بەردەوامیش ڕووی داوە.

تێکهەڵچوونی نێوان ئەم هێزانەو خەڵك جیا لە مەیدانی ئیستیقلال (شۆڕش)، بۆ گەڕەکەکانی "پشت تەپ"و "کانی سۆفی ڕەشید"یش پەرەی سەندوە. لە ژمارەی برینداربوان‌و دەستبەسەرکراوەکان تا ئێستا هەواڵێکی باوەڕپێکراو لە دەست دا نیە.

**هەواڵنێرانی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤی کوردستان**
**١٣٨٤/٨/١٥**

## مەریوان

### - ڕێژیم هێزی بەسیج دەبووژێنێتەوە

ماوەیەکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەی ژاوەڕۆی مەریوان دا خەریکی زیندووکردنەوەی بەسیجی‌یە چالاکەکان‌و هاندانیان بۆ کاری سیخوڕی‌و تەبلیغات لە دژی جووڵانەوەی گەلی کوردە. لەم پێوەندییەدا بەشێك لەو بەسیجی‌یە بەکرێگیراوانە کەوتوونەتە داوی ڕێژیم‌و خەریکی تەبلیغاتی ژەهراوی‌و بڵاوکردنەوەی دەنگۆی جۆراوجۆر لە نێو خەڵك دان بۆ ئەوەی وا نیشان بدەن کە گوایە هێزێکی سیاسی نەماوە کە خەڵك پشتی پێ ببەستن‌و حیزبەکان وازیان لە خەبات هێناوەو ئاش بەتاڵیان کردوە. دیارە ئەم کردەوە دژی‌گەلییانە زۆرتر لە لایەن بەکرێگیراوانی پێشووی ڕێژیمەوە بەڕێوەدەچێ‌و هەروەها ڕێژیم زۆربەی ڕایەڵکە سیخوڕییەکانی خۆی بۆ سیخوڕی کردن لەسەر هەر چەشنە جموجۆڵێکی لایەنگرانی بزووتنەوەی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاگادار کردۆتەوە.

### - تێکهەڵچوون لە نێوان خەڵك‌و هێزی ئینتیزامی‌دا

ڕۆژی شەممە ١٣٨٤/٨/٧، بە هۆی گرتنی ڕێگای هاتوچۆی کاسبکاران لە لایەن هێزە ئینتیزامی‌یەکانی ڕێژیمەوە تێکهەڵچوونێك لە نزیك ئاوایی "سەردۆش"ی مەریوان لە نێوان خەڵکی ئاوایی‌یەکانی "سەردۆش" ، "بەردەڕەشە"و گوندەکانی دەوروبەریان‌و هێزی ئینتیزامی دا ڕوویدا. لەم تێکهەڵچوونە توندەدا دوو کەس لە خەڵکی سەردۆش بە گوللەی هێزەکانی ڕێژیم‌و هەروەها کەسێك لە هێزەکانی ڕێژیم بریندار بوون.

## گوندی سەرهوویە ـ مەریوان

### دڵسۆزێکی حیزب بەهۆی پیلانی خۆفرۆشێکەوە گیانی لە دەست دا

چەند ڕۆژێك لەمەوپێش، لایەنگرێکی دڵسۆزی حیزب بە ناوی نەعیم، لە کاتێك دا کە بە مینی‌بووس نەخۆشێکی بۆ یەکێك لە نەخۆشخانەکانی سنە دەگواستەوە، جاشێکی ڕێژیم بەناوی عەبدولمەجید، بە ماشینەوە هاتە سەر ڕێگای‌و پێکدادانێکی ئەنقەستی ساز کرد، کە بە داخەوە لە ئاکامی ئەو پێکدادانەدا کاك نەعیم گیانی لە دەست دا. هەرچەندە خۆفرۆشی ناوبراو بۆ ماوەیەك لەلایەن ڕێژیمەوە دەستبەسەرو زیندانی کرا، بەڵام پاش ئاشکرابوونی هۆکاری ڕووداوەکە بۆ بەرپرسانی ڕێژیم، ناوبراو ئازاد کرا.

جێی باسە کە کاك نەعیم بەهۆی ئەوەی کە لایەنگریی لە سیاسەتەکانی حیزب دەکرد، زۆرجار لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکرا. شایانی باسە کە کاك شەریف، باوکی کاك نەعیم بە بیستنی ئەم هەواڵە کە ئەویش لایەنگرێکی دڵسۆزی حیزب بوو نەخۆش دەکەوێ‌و بەداخەوە ڕۆژی دواتر گیانی لە دەست دەدا.

وێڕای مەحکوومکردنی ئەم کردەوە نامرۆڤانەیەی ڕێژیم‌و بەکرێگیراوانی، پرسەو سەرەخۆشی‌و هاوخەمیی خۆمان بە بنەماڵەو کەسوکاری ئەو دوو لایەنگرە دڵسۆزەی حیزب‌و سەرجەم خەڵکی گوندی سەرهوویە ڕادەگەیەنین‌و، ئاواتەخوازین ڕۆحیان شادو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانیان پڕ ڕێبوار بێ.

***

## بۆکان

### فشاری مەئموورانی ئیتلاعات، ئاگاهی‌و ئەماکن بۆ سەر ژمارەیەك لە دوکاندارەکان

ماوەیەکە مەئموورانی ئیدارەکانی ئیتلاعات، ئاگاهی‌و ئەماکینی شاری بۆکان بە بیانووی جۆراوجۆر هێندێك لە دوکاندارەکانی شار کە زیاتر مشتەرییەکانیان لاون کێشاوەتە بنکەکانی خۆیان‌و پاش هەڕەشەو گوڕەشەیەکی زۆر، لە بری ئازادکردنیان داوای هاوکارییان لێ کردون. دیارە مەبەست لە هاوکاریش سیخوڕی کردنە لەسەر لاوان.

***

## مەهاباد

### خۆکوژیی لاوێك

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١٣٨٤/٧/٣٠، لاوێکی مەهابادی بەناوی "محەممەد نەسیمی‌پوور" تەمەن ٢٢ ساڵ، کوڕی سمایل خۆی کوشت کە هۆی خۆکوژی‌یەکەی ڕوون نەبۆتەوە. جێی باسە کە ناوبراو لە بەرزترین ساختومانی گەڕەکی زەمینەکانی شارەدارییەوە بۆ ئەوەی هەموو کەس ببینن،خۆی هەڵ دەواسێ‌و لە ئاکامدا گیانی لەدەست دەدا.

### خۆپیشاندانی خەڵك بە دژی ڕێژیم

کاتژمێر ٧ی ئێوارەی ڕۆژی سێ‌شەممە ٣ی خەزەڵوەری ١٣٨٤ بە سەدان کەس لە لاوانی شۆڕشگێڕی شاری مەهاباد لە مەیدانی شۆڕش دا کۆبوونەوەو بۆ نیشاندانی نارەزایەتیی خۆیان لە بڕیاری ئێعدام کردنی "مستەفا ڕەسووڵ نیا" یەکێك لەو کەسانەی کە لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکانی هاوینی ئەمساڵدا گیرابوو ئاگریان کردەوەو دەستیان کرد بە گوتنەوەی دروشمەکانی وەك "بژی حیزبی دێموکرات" ، "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" و "زیندانیی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ"و هەروەها داوای ئازادکردنی ناوبراویان کرد. لە درێژەی خۆپیشاندانەکەدا لاوانی خەباتگێڕی مەهاباد لەگەڵ هێزەکانی دژی شۆڕش دا تێك هەڵچوون‌و هێزەکانی ڕێژیم بە گازی فرمێسکرێژو تەقەی هەوایی بەرەنگاری خۆپیشاندەران بوونەوەو ئەوانیش بەداروبەرد پەلاماری هێزە دژی‌گەلییەکانی ڕێژیمیان داو ماشینێکی هێزە ئیتیلاعاتی‌یەکانی ڕێژیمیان تێك شکاند.

جێی باسە کە ئەم خۆپیشاندانە تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا.

### چۆمی مەجیدخان گوشاری بەکرێگیراوانی ڕێژیم بۆ سەر خەڵك

ماوەیەکە بەکرێگیراوێکی ڕێژیم بە ناوی هەمزە عەلیخانی‌و کوڕەکەی بەناوی حەسەن کە سەر بە سوپای پاسدارانی ڕێژیمن، لە گوندی "خانیکەند" سەر بە چۆمی مەجیدخانی مەهاباد، دەستیان داوەتە هێندێ کردەوەی دژی گەلییانەو ئازارو ئەزییەتدانی خەڵك. بۆ وێنە ئەم خۆفرۆشانە شەوانە لەنێو ئاوایی‌دا دەست دەکەن بە تەقەی هەوایی‌و تەنایی‌و ئارامیی خەڵك تێك دەدەن‌و کەس لێیان ناپرسێتەوە، لەبەرچاوی خەڵك داو ڕووهەڵماڵراونە دروشمەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر دیوارەکان ڕەش دەکەنەوەو هەروەها بەو کەسانەی کە هەستی کوردایەتی‌و نیشتمانپەروەرییان هەیە شەڕ دەفرۆشن‌و تەنگوچەڵەمەیان بۆ ساز دەکەن. بۆ وێنە کەسێك لە خەڵکی ئاوایی کە لە کۆڕێکی پرسەو سەرەخۆشی‌دا لە قسەکانی‌دا ئاماژەی بە وتەیەکی پێشەوا کردبوو لە لایەن ئەوانەوە بێ حورمەتی پێ‌کرا.

### کۆبوونەوەی خەڵك لەسەر گۆڕی شەهید شوانە

ڕۆژی پێنج شەممە ١٣٨٤/٨/١٢، بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە سەدان کەس لە خەڵکی مەهاباد بۆ دەربڕینی هاودەردی‌و هاوپێوەندی لەگەڵ بنەماڵەی شەهید شوانەو سەرجەم شەهیدانی خۆپیشاندانەکانی هاوینی ئەمساڵ لەسەر گلکۆی ناوبراو کۆبوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا ئاڵای کوردستان لە لایەن خەڵکەوە هەڵ کراو دروشمەکانی وەك "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"و "دایە مەگری بۆ ڕۆڵە، شەرتە بستێنم تۆڵە" گوترانەوە.

پاشان هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە باتۆم پەلاماری خەڵکیان داو لە نێوان ئەوان‌و خەڵك دا تێکهەڵچوون ڕووی دا.

شیاوی باسە کە هەر بەم بۆنەیەوە سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە لە فەلەکەی "شوانە"دا ئاگرێك کرابۆوە کە دوانیوەڕۆ لە لایەن هێزە تاریك پەرستەکانی ڕێژیمەوە کوژێندرایەوە.

***

## ڕاستکردنەوەی هەواڵی کوژرانی کارمەندێکی بانکی سادرات

ڕۆژی دووشەممە ١٣٨٤/٧/١٨ هەواڵێکمان لەسەر دزی لە بانکی سادراتی بانەو کوژرانی کارمەندێك بەناوی جەعفەر عەبدوڵلازادە بڵاو کردەوە. بۆ ئاگاداریی خوێنەرانی بەڕێز ڕادەگەیەنین، پێمان ڕاگەیەندرا بە خۆشییەوە ناوبراو نەکوژراوە بەڵام بریندار بووەو لە نەخۆشخانەیە.

## وەدرۆخستنەوەی هەواڵێك

ڕۆژی ١٣٨٤/١٠/٢٢ لە سایتی کوردستان پۆست، بابەتێك لەژێر ناوی "یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بنکەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی داخست" بڵاو کردۆتەوە. ناوەرۆکی بابەتەکە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نیەو تەعبیر لە ڕوانگەی نووسەرەکەی دەکا. ئێمە ئەو هەواڵە بە ناڕاست دەزانین‌و بە درۆی دەخەینەوەو بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سلێمانی دانەخراوە.

**سکرتاریای کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨٤/٨/٥**

# یەك وڵاتو یەك نەتەوە، واتە شۆڤینیزمی هومایونی

رامبود لوتفپووری

بەشی دووهەمو کۆتایی

ئاغای هومایوون لە بەشێك لە قسەکانیدا ئاماژە بە هەڵگرتنی دروشمی فیدرالیزم لە لایەن ڕێکخراوە قەومییەکانەوە!! دەکاو بە بەرهەمو ڕەنگدانەوەی ئاڵوگۆڕەکانی دەرەوەی ئێرانو بە تایبەت عێراقی دەزانێو دەڵێ پێش ئەوەی ئەمریکا لە عێراقو ئوستانە کوردنشینەکانی ئەو وڵاتەدا سیستمی فێدراڵی دابمەزرێنێ، خودموختاری ئەوپەڕی دروشمی ڕێکخراوە قەومییەکان!! بوو، کەچی ئێستا لەگەڵ گۆڕانی بارو دۆخەکەدا کردوویانە بە فیدراڵیزمو سبەینێش دەیکەن بە سەربەخۆییو دەڵێ یەکەمین کێشە بۆ دامەزراندنی فیدراڵیزم لە ئێراندا پارچە پارچەکردنی ئەو وڵاتەیەو... . لە پێشدا پێویستە جەخت لە سەر ئەو ڕاستییە بکەینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەك نوێنەری ڕاستەقینەی خەباتی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە مێژە باسی فیدراڵیزم دەکاتو وەك ڕێگا چارەیەك لە بەرچاوی گرتوە، بەڵام لەبەر ئامادەنەبوونی هێندێك هەلومەرجی سیاسی نەکردبووی بە دروشمی ئیستراتژیکی خۆی، لێکدانەوەی حیزبی ئێمە لەو کاتەدا ئەوە بوو کە هێشتا زەمینەی لەبار بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئێران ئامادە نەبووە کە تێکڕاو هاو دەنگ داوای سەقامگیر کردنی فیدرالی لە ئێراندا بکەن، بۆیە کورد نەیدەتوانی بە تەنیا داوای فیدراڵی بۆ ئێران بکاو چارەنووسی نەتەوەکانی دیکەش دیاری بکا، بۆیە کورد تەنیادەیتوانی داوای خودموختاری بۆ خۆی بکا. کەچی ئێستا نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایەی کە دەبێ چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرنو بۆ ئەو مەبەستەش پارتو ڕێکخراوی خۆیانیان دامەزراندوەو لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵدا یەکیان گرتوە.

لە لایەکی دیکەوە لە هەڵبژاردنی هەر ڕێبازو دروشمێکی سیاسیو هەڵوێستگرتنی هەر ڕێکخراو یا دەسەڵاتێکی سیاسیدا کۆمەڵێك هۆی ناوەکیو دەرەکی کاریگەرییان هەیەو ڕۆڵ دەبینن بۆیە زۆر سروشتییە کە جگە لە فاکتەرە ناوەکییەکانی وەك بەرز بوونەوەی ئاستی وشیاریی نەتەوایەتیی نەتەوەکانی ئێرانو یەکدەنگییان لە سەر داوای فیدراڵی، کۆمەڵێك فاکتەری دەرەکیی وەك ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو جیهانیش کاریگەرییان بەسەر هەڵوێستی ڕێکخراوەو دەسەڵاتە سیاسییەکان هەبێ. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی ئێران بە بێ لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی نێوخۆییو تەنیا بە مۆدێل کردنی عێراق ئەم هەڵوێستەیان گرتبێتو باسی فیدرالیزمیان هێنابێتە گۆڕێ. بەڵام سەبارەت بەوەی کە دەڵێ لەوانەیە سبەینێ دروشمەکەیان بکەن بە سەربەخۆییو داوای جیابوونەوە بکەن، وەك پێشتر باسمان کرد جیابوونەوەو دیاریکردنی چارەنووس، مافی هەر نەتەوەیەکەو ئێمەیش نوێنەری نەوەکانی داهاتوو نین کە ئەوانیش هەمان بڕیاری ئێستەی ئێمە بدەن، بەڵام نەتەوەکانی ئێرانو ڕێکخراوەکانیان ئێستا بڕیاری پێکەوە ژیانێکی دڵخوازانەیان داوەو مانەوەو پێداگربوونیان لەسەر ئەو بڕیارە تارادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە نیازپاکیو هەڵوێستی مەنیتیقیی نەتەوەی دەسەڵاتداری ئێرانەوە. ئەگەر ئەوان دان بە مافی نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا بنێن، دەسەڵاتیان لەگەڵ دابەش بکەن، واز لەو شێوەی بیرکردنەوەو بۆ چوونە پاوانخوازانەیە بێنن کە ئەوان بە خاوەنو سەرپەرشتیئێران دەزانێو بە تەمای تواندنەوەی کولتووری نەتەوەکانی دیکە لە کولتووری واندایەو هەروەها دان بە یەکیەتی لە عەینی فرەییدا، واتە یەکگرتنی دڵخوازانەی نەتەوەکانی ئێران بە پاراستنی مافو جیاوازییەکانیانیەوە بنێن، ئەگەری هەڵکشانی خواستی فیدراڵی بۆ سەربەخۆیی تا ڕادەیەکی زۆر دادەبەزێ. وڵاتێکی وەك سویس لە نموونە هەرە بەر چاوەکانی ئەم ڕاستییەیە، لەو وڵاتەدا چوار نەتەوەی ئاڵمانی، فەرانسەیی، ئیتالیاییو ڕۆمانیایی بە شێوەیەکی دڵخوازانەو بە پاراستنی جیاوازییەکانیانەوە یەکیان گرتوەو بە بێ لە بەر چاوگرتنی زۆرینەو کەمینەو بە شێوازێکی یەکسان لە دەسەڵاتدا بەشدارن، هەتا ئێستاش هیچیان نەیان ویستوە جیا ببنەوەو کیانێکی دیکە پێك بێنن. لە جێدا فیدراڵیزم بە مانای یەکگرتنە نە جیابوونەوە، بەڵام پێویستە پێوەندیی نێوان ئەو نەتەوانەو شێوازی پێکەوە ژیانیان سەر لە نوێ پێناسە بکرێتەوە واتە پێویستە ئەو نەتەوانە بە تەواوەتی جیا لە یەکتر لە بەر چاو بگیردرێن، ئینجا بە شێوەیەکی دڵخوازانەو لەسەر هەندێك بنەمای جێگای پەسندی هەموویان، لەسەر داڕشتنەوەو بونیاد نانەوەی ئێرانێکی نوێ ڕێك بکەون، چونکە هەر چەند ئەو نەتەوانە تا ئێستە پێکەوە ژیاونو لە یەك قەوارەی سیاسیدا جێیان گرتوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو پێکەوە ژیانە،و ئەو قەوارە سیاسییە داسەپاو بووە، واتە پێوەندی نەتەوکان لەو پێکەوە ژیانەدا پێوەندییەکی سەردەستیو ژێردەستی بووەو بۆ جێگرتن لەو قەوارە سیاسییەشدا قەت پرس بە نەتەوەکانی دیکە نەکراوەو ئەگەر بۆ خۆشیان باسەکەیان هێنا بێتە گۆڕێ، خێرا لە لایەن تاقمی دەسەڵاتدارەوە بێدەنگو سەکوت کراون. ئاغای هومایوون دەڵێ بەشداریی ڕێکخراوە نەتەوەییەکان لە خەباتی سەرتاسەریدا تا ئەو جێگایەیە کە یارمەتیدەری بیرۆکەی فیدراڵیزمەکەیان بێت.بۆ وەڵامی ئەم قسەیە دەبێ بڵێین لە جێدا پەسند کردنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵی بۆ داهاتووی ئێران هاندەری سەرەکیی نەتەوەکانی ئێران بۆ هاوکاری کردن لە خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دایە، دەنا بەشداریکردن لە خەباتی سەرتاسەریدا بە بێ پەسندکردنی ئەو ئەسڵە گرنگە دووپات بوونەوەی ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردووی لێ دەکەوێتەوە. چوونکە لە ڕاستیدا مەبەستی ڕێکخراوە سیاسییەکانی نەتەوەکانی ئێران نەتەنیا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نیە، بەڵکوو مەبەستی سەرەکی گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانیانو سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتییە، سەقامگیرکردنی دێموکراسییش تاقە ئامانجی خەباتی نەتەوەکانی ئێران نیە، چونکە بە بێ دابەشبوونی دەسەڵاتو دابینو دەستەبەربوونی مافی ئەو نەتەوانە، دێموکراسی لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەك ئێراندا، تەنیا بەرهەمهێنەری دیکتاتۆریی زۆرینەو نەتەوەی دەسەڵاتدارە. ئاغای هومایوون دەڵێ هەر چەشنە هەڵەو زێدەخوازییەك بە گران لە سەر هەموومان دەوەستێو نابێ کەس بە تەمای جێبەجێ بوونی زۆرینەی ویستەکانی بێ. لێرەدا پێویستە ئەم ڕاستییە بۆ ئاغای هومایوونو سەرجەم هاوبیرەکانی ڕوون بکەینەوە، فیدراڵیزمو ئەو شتانەی کە هێزە سیاسییەکانی نەتەوەکانی ئێران داوای دەکەن تەنیا بەشێك لە مافە ڕەواکانیانەو دەکرێ بڵێین ئەوان نیاز پاکانەو بە مەبەستی چارەسەربوونی کێشەکان بەوە قەناعەتیان کردوە دەنا دەیان توانێ وەك مافێکی ڕەوا داوای سەربەخۆییو جیا بوونەوە بکەن. لە ڕاستیدا ئەوان لە ویستەکانیان دابەزیون بۆ ئەوەی پێکەوە ژیانێکی یەکسانو دڵخوازانەیان هەبێت. ئەوە ئێوەن کە زێدە خوازانە بە تەمای وازهێنانی ئەوان لە هەموو ویستو داخوازییەکانیانن. ئەوەی ئێوە ناوی زێدەخوازیی لە سەری دادەنێن لای ئێمە مافی ڕەوامانە، چوونکە ئەوەی ئێمە داوای دەکەین هەمان مافەکانی خۆمانن کە ساڵـەهایە لە لایەن ئێوەوە پێشێل دەکرێن، کێشەکە لەسەر مافەکانی ئێمەیە نەمافی ئێوە، چەنەلێدانی ئێوە لە سەر ئەوەیە کە ئێمە قبووڵ بکەین زۆرترمان بچەوسێننەوە. لە بۆ چوونی ئێوەدا ئەو پێوەندییە سەردەستیو ژێردەستییە حەقیقەتێکی ڕەوایەو خەباتی ئێمە دژ بەوسیستمە پێوەندییەهەڵەو زێدەخوازییە.

> **ئەوەی ئێوە ناوی زێدەخوازیی لە سەری دادەنێن، لای ئێمە مافی ڕەوامانە، چوونکە ئەوەی ئێمە داوای دەکەین هەمان مافەکانی خۆمانن کە ساڵـەهایە لە لایەن ئێوەوە پێشێل دەکرێن، کێشەکە لەسەر مافەکانی ئێمەیە نە مافی ئێوە، چەنەلێدانی ئێوە لە سەر ئەوەیە کە ئێمە قبووڵ بکەین زۆرترمان بچەوسێننەوە. لە بۆچوونی ئێوەدا ئەو پێوەندییە سەردەستیو ژێردەستییە حەقیقەتێکی ڕەوایەو خەباتی ئێمە دژ بەو سیستمە پێوەندییە هەڵەو زێدەخوازییە**

لە بەشێك لە قسەکانیدا هومایوون دەڵێ تا ئەم دوایانە کەسانێك هەبوون کە بە ئاواتی هێرشی ئەمریکا بۆ ئێران بوونەو گوایە ئێستا پەشیمانن. ئەگەرچی تا ئێستا هیچ لایەن یا هیچکام لە حیزبە سەرەکییەکانی نەتەوەکانی ئێران بەو شێوەیە کە ئەو باس دەکات، ئاواتی هێرشی ئامریکایان نەخواستوەو تەنیا خوازیاری پشتگیری هەر هێزێکی دەرەکیو یەك لەوانە ئامریکا لە خەباتی خەڵکی ئێرانو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیدا بوونە. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆ ئاغای هومایوون تەنیا لە هێرشی سوپاییدا کورتی دەکاتەوە؟ لە جیدا ترسی ئەو لەو هێرشە گریمانەیە چیە کە تەنانەت ئامادەیە بۆ بەرپەرچدانەوەی ببێتە پاڵپشتی کۆماری ئیسلامی؟!

لەڕاستیدا ئەم زیاتر هەڵوێستی دوو تاقمی سیاسییە لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا، یەکەم ئەو پارتو گرووپە مارکسیستیو چەپانە بوون کە ئێستا خەونی شۆڕشی سوورو ئۆتوپیای کۆمۆنیزم دەبینەو لە تاپۆی ئیمپریالیزم توقیونو تاقمەکەی دیکەش هاوبیرە شۆڤینیستەکانی ئاغای هومایوونن کە پەرۆشی لە دەستچوونی سەردەستییە ستەمکارانەکەیانو زەقبوونەوەی کێشەی نەتەوەکانو بە قسەی خۆیان هەڵوەشاندنەوەی ئێرانن! ئەوەی ڕاستی بێت ئاغای هومایوون دژ بە پشتگیری کردنی ئەمریکا بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نیە، بەڵام بەو مەرجەی تەنیا پشتگری لە خۆیو هاوبیرەکانی بکرێتو سەروەریی دارودەستەکەی ئەو دەستە بەر بکا.

❋❋❋

---

# دیدارو سەردان

## سەردانی شاندێکی هاوبەشی پارتی سوسیالیستی کوردستانو پارتی دێموکراتی کوردستانی باکوور لە دەفتەری سیاسیی حیزب

ڕۆژی چوارشەممە ١٣٨٤/٨/٤ بەرانبەر ٢٠٠٥/١٠/٢٦ زایینــی هەیئــەتێکی هاوبەشی پارتی سوسیالیستی کوردستانو پارتی دێموکراتی کوردستانی باکوور، کـە پێکهاتبوو لە هـەڤاڵان مەسـعوود تـەك، سکرتێری گشـتیی پـارتی سوسیالیسـتو ڕۆژهــات ئامێــدی، ســکرتێری گشــتیی پــارتی دێمـوکراتی کوردسـتانی بـاکوورو مامۆستا سـەعید چیچـەكو مامۆسـتا کۆڤــانو کــاکۆ دیاربــەکری، ســەردانی دەفتــەری سیاســیی حیزبــی دێمــوکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لە لایەن هــاوڕێی بەڕێز کــاك مســتەفا هیجــری ســکرتێری گشــتیی حیزبــی دێمــوکراتی کوردســتانی ئێرانو هاوڕێیان حەسەن شەرەفی، عــەلی مێهرپــەروەرو محەمــەد نــەزیف قــادری ئەندامانی دەفتەری سیاســی پێشــوازییان لێکرا.

لەو ســەردانە دۆســتانەیەدا، بــەڕێزان کــاك مەســعوود تــەكو کــاك ڕۆژهــات باسێکی سیاسییان لەسەر ڕەوشی کورد لە تورکیە، سیاسەتی یەکیەتیی ئورووپــا بــە نیســــبەت تورکیــــەوەو شــــوێنەواری ئاڵوگۆڕەکــانی ناوچــە لەســەر مەســەلەی کــــوردو بــــە تایبــــەتی کاریگــــەریی دەسکەوتەکانی کــورد لــە عێــراق لەســەر بزووتنــەوەی ڕزگــاریخوازیی کــورد لــە کوردستان کرد. هەروەها ئاماژەیان بەوەو کرد کــە لــە ڕۆشــنایی ئــەو هەلومەرجــە سیاسی‌یەدا ئێمە (هەر دوو پارتی باکوور) بە پرۆتۆکۆلێکی هاوکــاری گەیشــتووینو ئەم پرۆتۆکۆلە دەتوانێ میکانیزمێــك بــێ بــۆ هاوکــــاریو بەشــــداریی پارتــــە سیاسی‌یەکانی باکوور.

پاشان کاك مستەفا هیجری پیرۆزبایی ئــەو یەکگرتنــەی لــە هەیئەتەکــە کــردو خۆشحاڵیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بــۆ گەیشــتن بــەو پرۆتۆکۆڵــەی دەربــڕیو تێڕوانینــــی حیزبــــی لەســــەرگۆڕانکارییە سیاســــی‌یەکانی ناوچــــەو پرۆســەی دێموکراتیزاســیۆنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو دەوری چالاکی کورد لەم پرۆسـەیەدا باس کردو ئامادەیی سیاسیی حیزبــــی بــــۆ هاوکــــاری، دۆســتایەتیو بــەرینترکردنی پێوەندییــــە نیشــــتمانیو نەتەوەیی‌یەکان لەگەڵ هەموو پارتــــە سیاســــی‌یە شۆڕشــــگێڕەکانی کــــورد دەربڕی.

❋❋❋

## سەردانی شاندێکی وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی عێراقی فیدراڵ لە دەفتەری سیاسیی حیزب

ڕۆژی سێشەممە ١٣٨٤/٨/٣ی هــەتاوی بەرانبــەر بە ٢٠٠٥/١٠/٢٥ی زایینــی هەیئــەتێکی وەزارەتــی تەندروســتیی حکوومــەتی عێراقــی فیــدراڵ بــە سەرپەرســتیی دوکتــور "محەمــەد عەبدولجــەبار" ســەردانی دەفتــەری سیاســی حیزبــی دێمــوکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لە لایــەن هاوڕێیــان محەمــەد نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسـیو عەبـدوڵڵا ڕەحیمــی کــادری پێوەندی‌یــەکانی دەرەوە پێشــوازیی لێکرا.

لە دانیشتنێکی ڕەسمی‌دا هەیئەتی میوان ئامانجی سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان باس کردو لەسەر ڕەوشی ژیانو گوزەرانی کوردە ئاوارەکانی ئێــران لــە هەرێمی کوردستان باسێکی کردو بۆ چارەســەرکردنی کەموکوڕی‌یەکانیان بیروڕایان ئاڵوگۆڕ کرد.

## دیداری بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزب لەگەڵ کەریم پاکزاد

ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢٦ (١٣٨٤/٨/٤)، کـــاك خوســـرەو عەبــدوڵڵایی، بەرپرســی پێوەندییــەکانی حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێــران لــە دەرەوەی وڵات چــاوی کــەوت بــە بــەڕێز کەریم پاکزاد لە بەرپرسانی پێوەندییەکانی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە.

لەم چاوپێکەوتنە دا لەسەر بــارودۆخی ئێران پاش دەستنیشان کردنــی مــەحموود ئەحمەدی‌نەژاد بە سەرکۆمار، بە تایبــەتی لــە ڕەوتــی خۆپیشــاندانەکانی خــەڵکی شــارەکانی کوردســتانی ئێــران لـــە مانگەکانی ژووئیەو ئــووت داو هــەروەها بەرنامەی نــاوکیی ئێــرانو بەشــداری لــە کۆنگرەی حیزبی سوسیالیســتی فەڕانســە کە لە مانگی داهاتوودا بەڕێوە دەچێو لە کۆبوونەوەی گرووپی کاری ئەنتێرناسیونال سوسیالیست لەبارەی کێشەی کوردەوە کە بڕیارە ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/٩ لــە لەنــدەن دا بەڕێوە بچێ، باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

## نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ سەردانی پارلمانی ئورووپای کرد

ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٥/١٠/٢٤ کاك میرۆعــەلیار بــە نوێنەرایــەتی لــە لایــەن "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"ەوە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەڕێز د.هــانس Dr.hannes swoboda ســـڤۆبۆدا ســـەرۆکی فراکســیۆنی حیزبــە سوســیال دێموکراتەکان لــە پارلمــانی ئورووپــا ئــەو مەسەلانەی خــوارەوەی خســتە بــەرباسو وتووێژ:

- پێویستیی دامەزراندنی کۆنگرە
- ئامانجەکانی کۆنگرە
- توندوتیــژتربوونی ســەرکوت لــەو ناوچانەی کە نەتــەوە ژێردەســتەکانی تیــا نیشتەجێن

لە کۆتایی ئەو دانیشــتنەدا هێنــدێك زانیاری لەســەر ڕەوشــی سیاســیو مــافی مرۆڤ لــەو ناوچــانەدا پێشکەشــی بــەڕێز سڤۆبۆدا کرا.

# دوو سەردانی مێژوویی و دوو هەڵوێستی جێی سەرنج

عەلی بداغی

لــە ســەرەتای مــانگی خــەزەڵوەری ئەمســاڵدا بــەڕێز مەســعوود بــارزانی، ســەرۆکی هــەرێمی کوردســتانی باشــوور لەسـەر بانگهێشـتنی فـەرمیی کۆشـکی سپی، سەردانی ویلایەتە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکای کـردو لەلایــەن بــەرزترین لێپرسراوی ئەم وڵاتە، واتە جـۆرج دەبلیـو بووش، سەرۆك کۆمار لە کۆشـکی سـپی پێشوازی لێ کرا.

ســی ڕۆژ پێشــتر عــەمر مووســا، سکرتێری یەکیـەتیی وڵاتـانی عـەرەبیش هاتبۆ عێراقو سەردانی هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستانی کردبوو و لە پارلمـانی کوردستانیش وتەیەکی پێشکێش کردبوو.

هــاتنی عــەمر مووســا بــۆ هــەولێرو قسەکانی لە پارلمانی کوردستان کۆمـەڵێك هەڵوێستو بیروبۆچوونی جیـاوازی لـەنێو کۆڕو کۆمەڵە سیاسیو فەرهەنگیـیەکانی کوردستان خستەوە.

عـەمر مووسـا، ئەمینـداری گشـتیی کۆمکاری عەرەبـە، کومکارێـك کـە بـە درێژایی تەمەنی هـەمووکات لەبەرامبـەر ئەو هــەموو کارەســاتو نەهامەتییانــەی لەلایــەن ڕێژیمــە یــەك لــەدوای یەکــە کوردنەویستەکانی عێراقەوە، بەسەر کورد لە باشووری کوردستان هـاتوە، بێـدەنگو قرۆقپ بووە. بێهەڵوێستیو بە بێخوست تێپەڕینی کۆمکاری عەرەب لـە تەنیشـت هەموو کارەساتەکانی ئەنفال، کیمیاباران، قەتڵوبڕی بارزانییەکانو تراژیدیای کۆچی بە کۆمەڵی خەڵکی باشـووری کوردسـتان شەرعیەت پێدانو بەرەوا زانینی هـەموو ئەو نەهامـەتییانە بووە کە ڕێژیمی بـەعس بەسەر خەڵکی کوردستانی هێناوە.

عەمر مووسـا لەگـەڵ خـۆی پـەیامی ئاشتەوایی دەوڵەتی نـوێی عێـراق لەگـەڵ ئوپۆزیسیۆنی ئـەو دەوڵەتـەو پێشـنیاری بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی! لە "شرم الشیخ"ی میسری هێنابوو. پێشنیارەکەی عەمر مووسا لەلایەن گرووپی شیعە وەك لایەنی سەرەکیی هاوکێشـەکانی عێراقـی ئـەمڕۆ، ڕەت کرایـەوەو پێـی گـوترا کـە عێراق پێویستیی بە کۆنگرەیەکی وا نیە. بــەڵام پێشــنیارەکەی مووســا لەلایــەن گرووپی کورادنەوە بە ئەرێنی بـاس کـرا، بــەو مەرجــەی کۆنگرەکــە لــە عێــراق ببەســترێو لــەودا ڕێگــە لــە بەشــداریی گرووپە تێکدەرو تیرۆریستەکان بگیرێ.

ڕوونو ئاشـکرایە کـە سـەردانەکەی عەمر مووسا داننانـە بـە عێراقـی نـوێ لەژێر تیشکی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا کە ڕێبازی سیاسیی ئەو وڵاتەیان گۆڕیوەو بنەماکانی پێشــوویان لەبەریــەك هەڵوەشــاندوە، عێراقێـك کـە لەوانەیـە بـەو ئـاڵوگۆڕە بنەڕەتییانەی تێدا وەدی هـاتوون زۆر بـە ئـارەزووی وڵاتـانی عـەرەبی نـەبووبێت، ئەوەش بەڵگەنەویستە ئەگینا لـە مـاوەی ٣ ساڵی ڕابـردوودا لەلایـەن لێپرسـراوانی ئەو وڵاتانەوە سەفەرێك بۆ عێراق دەکـراو ئـەو گۆڕانـەیان بـە فـەرمی دەناسـی. ئاشـکرایە ئـەمجارەش هاتنـە چاوەڕوان نەکراوەکەی عەمر مووسا بـە مەبەسـتی فریاکەوتنی عەرەبی سوننیو پەلەقاژەیەك بۆ دەرهێنانیان لە دوورەپەرێزیی سیاسیو گەڕاندنەوەیان بۆ بەشـداریی سیاسـی لـە هاوکێشـەکانی ئـەمڕۆی عێـراق دا بـوو. ئەوە لە حاڵێـك دایـە کـە لـە مـاوەی ٣ ساڵی ڕابردوودا هەر جـۆرە سـەردانو بـە فەرمی ناسینێکی واقیعی سیاسیی نـوێی عێراق دەیتوانی پـێش بـە زۆر کـردەوەی تیرۆریسـتیو تێکدەرانـە لـە دۆخـی ئـەم وڵاتەدا بگرێ.

بەڵام عەمر مووسـا چـی کـردو چـی گوت؟ عەمر مووسا داوای ئاشتبوونەوەی دەوڵەتی عێراق لەگـەڵ بەرهەڵسـتکارانو ئوپۆزیسیۆنی ئێستای دەوڵەت بە هـەموو لایەنو گرووپـەکانی کـرد. تەنانـەت ئـەو گرووپانەی لـەژێر نـاوی بـەرگری! ڕۆژانـە خەڵکی عێـراق خـەڵتانی خـوێن دەکـەنو زیــان بــە دامودەزگــا دەوڵــەتیو فەرمییەکانی ئەو وڵاتە دەگەیەنن. لێرەدا پرسیارێك جێـی خۆیـەتی کـە ئـەدی بـۆ ئەوکاتــەی ئوپۆزیســیۆنی دێمــوکراتو ئاشتیخوازی ڕێـژیمی پێشـوو خـەباتی بـۆ نەهێشــتنو چارەســەرکردنی کێشــە سـەرەکییەکانی گـەلانی عێراقـی دەکـرد بــەڵام لەلایــەن دەوڵــەتی ناوەندییــەوە بەتوندترین شێوە دەکەوتـە بـەر تـەوژمی سـەرکوتو دڕنـدەیی ڕێـژیمی بەعسـەوە، بۆچی بەڕێزیانو کۆمکاری عەرەبی هەوڵی نێوبــژیوانیو داوای ئاشــتییان بــەرز نەدەکردەوە کە هیچ، بەڵکوو لەبەرامبـەر هەموو ئـەو کارەسـاتو نەهامەتییانـەی بەســەر کــوردان وەك ئوپۆزیســیۆنی دێمـوکراتو ئاشـتیخواز دەهـاتن، کـپو بێدەنگ دەبوون؟

بە داخەوە عەمر مووسـا لـە تـەواوی ماوەی سەردانەکەی بۆ عێراقو کوردستان دا تاکـە دێڕێکـی دژی تـیرۆرو تۆقانـدنو تەقاندنـەوەو کـردەوە تیرۆریسـتییەکانی عێراق نەگوت، ناوبراو لە سەردانەکەی بۆ کوردسـتانو لـە پارلمـانی کوردسـتان داو لەنێو قسـە فەرمییـەکانی بەرامبـەر بـە پارلمانتـارانی کـورددا دووجـار ئـەوەی دووپات کردەوە کە "هـەرێمی کوردسـتان بەشێکی گرینگ لـە عێـراقو نیشـتمانی عەرەبـە". دیـارە بەشـێك لـە قسـەکانی عــەمر مووســا نارەزایــەتیی لــە بــیروڕای گشــتیی خــەڵکی کوردســتانو میــدیاو ڕاگەیەنــە گشــتییەکانو تەنانــەت سیاسییەکانی کـورددا لێ کەوتـەوە. لـە تەنیشـت ئـەوەش ئامـادەبوونی عـەمر مووسا لە پارلمـانی کوردسـتان سـەلماندنی ئەو ڕاستییەیە کە ئـەوان ناچـارن دان بـە واقیعی فەرمیو دەسکەوتەکانی خـەباتو دەسەڵاتی کوردی دابنێنو ئـەوەش ئەشـێ کـار بکاتـە سـەر گـۆڕینی هەڵوێسـتیان سەبارەت بە کوردو کێشەکەیو بە دیتنـی هەموو ئەو جیاوازییانەی کوردستان لـە بەشەکانی دیکەی عێراق جیـا دەکاتـەوە، ڕوانگــەو بۆچــوونیان لەســەر کــوردو مافــەکانیان بــە جــۆرێکیتر پێناســە بکەنەوە. ئەو سەردانە خۆی لـە خـۆیداو لەلایـەن سـکرتێری یەکـەمی یەکیـەتیی عەرەبەوە، مانـادارەو بـۆ دۆزە ڕەواکـەی کورد پڕ بایەخـەو دەبـی وەك ڕووداوێکـی مێژوویی سەیری بکرێ.

بــەڵام ڕووداوە گرینگەکــەی دیکــەو پێشوازیی جۆرج بووش، سەرۆك کۆمـاری ئەمریکا لە بەڕێز مەسـعوود بـارزانی زۆر ماناو ئامـاژەی گرینگـی لێ دەکەوێتـەوە کە بەر لە هـەموویان داننـانی زڵهێزێکـی وەك ئەمریکا بە واقیعـی سیاسـیی نـوێی کوردسـتان، بــەرز نرخانــدنی هــەموو دەسکەوتەکانی سیاسیی خـەباتی کـوردو ئەزموونــەکانی لــە خۆبەڕێوەبــەریی سەربەستانەو شەرعییەت دان بـە هـەموو دەزگــا ئیدارییــەکانو سیســتمی دێمــوکراتیکی دەســەڵاتی کــوردیو دەرکەوتنی سەنگی سیاسی بەرچاوی کورد لــە هاوکێشــە سیاســییەکانی ئــەمڕۆی عێراقو ناوچـەدا. بەتایبـەت کاتێـك کـە پەیامــەکانی بــارزانی لــەو ســەردانە بانگەشــەی ئاشــتیخوازی، تونــدوتۆڵیی پێوەندیی نێوان گـەلی کـوردو ئـەمریکا، نەهێشتنی توندوتیژیو سەرکەوتن بەسـەر تیرۆریــزم داو بــاڵ کێشــانەوەی هێمنــی بەســەر بەشــەکانی دیکــەی عێــراق داو هــەروەها ســەلماندنی ڕۆڵــی کــورد لــە سەرخستنی پرۆسەی نووسینو چەسـپاندنی دەستوورداو بەرزنەرخاندنی ڕۆڵی ئەرێنیی کورد لە ئاڵوگۆڕەکـانی عێـراقو ناوچـەی ڕۆژهــەڵاتی نێوەڕاســت بــوو. هــەم سەردانەکەی عەمر مووساو هـەم چـوونی بەڕێز مەسـعوود بـارزانی بـۆ واشـنگتۆن سەلمێنەری ئەوەن کە لـە واقیعـی ئـەوڕۆی عێراقو ناوچـەدا سـەنگی کـورد دیـارەو پێگەیـەکی بـەهێزی هەیـەو کێشـەکەی سنووره تەسكو چوارچێوە لۆکاڵییـەکانی بەزانـدو لـە ئاسـتی نێونەتـەوەییدا خـۆ دەنوێنێ. کۆمەڵگای نێونەتەوەییش بـەوە گەیشتوە کە بە بێ ئاوڕدانەوە لە کێشـەی کوردەکـانو چارەسـەری کێشـەی کـورد ئارامیو هێمنـی بـاڵ بەسـەر ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـت دا ناکێشـێ. هـەر ئەوەشـەو لەژێر تیشکی ئەو گۆڕە نوێیانە دایە کـە کۆمکـاری عـەرەب ناچـارە بـەخۆیدا بچێتەوە، بەجۆرێکی دیکە لـە واقعـەکان بنوارێو مل بۆ ئەو گۆڕانانەش بدا. ئەمڕۆ کە کوردو چارەسەری کێشەی کورد کلیلی ئاشتیو هێمنـی لـە ناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاست دان.


بارزانیو بووش ـ کۆشکی سپی

❊❊❊

# حکوومەتی ویـلایەتی فەقیهو مۆتەکەی ڕەخـنە

ڕەسووڵ سوڵتانی

پاسدارانی سوپای ئیسلام لیستەیەکی ٢١٠ کەسیی لە ڕۆژنامەڤانانی بە قەولی خۆیان نارازییـان لـە کۆمـاری ئیسـلامی داوەتە دەرێو ڕایانگەیانـدوە، ئـەم ٢١٠ کەســە دژی کۆمــاری ئیســلامینو جــار نەجارێك دژایەتیی خۆیان لەگـەڵ نیزامـی کۆماری ئیسلامیدا دەردەبـڕن. هـەروەها ئەم کەسانەش کە ڕەخنە لە ڕێژیم دەگرن، بە خاوەن قەڵەمانی شەیتان سیفەت کـە قۆڵیان بۆ لەناوبردنی کولتووری ئیسلامی هەڵماڵیوە، ناو دێنن.

بـۆ لێکدانـەوەی هـەر شـتێکی لـەو بابەتـە، سـەرەتا پێویسـتە ئەگـەر بـە کــورتیش بــێ، ئاماژەیــەك بکــەین بــە "جیهـانبینی"و ڕوانگـەکانی بەرپرسـانی ڕێژیم بۆ دنیاو پێناسەی ئەوان بۆ دۆستو دوژمن:

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەر لـە منداڵییەوە بە ئایدیۆلۆژییەکی داخـراوو پڕ لە توندوتیژی گـۆش کـراون. هـەڵگری ئــەم فیکــرو ڕێبــازە بەشــێوەیەکی دابەشکارانە دەڕوانێتە دنیاو واقیعـەکانی سەردەمی خۆی. لە لایەکیشەوە بـەردەوام لـە خولیـای گەڕانـەوە دایـەو دەیهـەوێ دنیــای خــەیاڵیو بەهەشــتی ونبــووی نێوکـەلێنو قوژبنـەکانی زەینـی خـۆی ڕاگوێزێ بۆ داهاتوو. کەواتە ئـەو بـەهیچ شێوەیەك نایهەوێ داهاتوویەك سـاز بکـا کــە لــە ڕابردووەکــەی نەچــێ، بــەڵکوو دەیهـەوێو هـەوڵی جیددیشـی بـۆ دەدا کۆپییەکی بێئەملاوئەولای ئەو ڕابـردووە دۆڕاوە بــێ کــە ئــەو لــە دەســتی داوە. ڕاگواستنی ڕابردوو بۆ ئێسـتاو داهـاتوو: تەنیا لە چوارچێوەی قسەدا نیـە، بـەڵکوو بـە کردەوەیـەو کردەوەکەشـی هاومانـاو هاوتەریبـە لەگـەڵ دژایـەتیکردنی هـەر چەشنە دیاردەو فیکرێکی نوێو مۆدێرن. ئەوان بە کەڵك وەرگرتن لە هەموو توانـاو دیاردە مۆدێرنەکان شـەڕو دژایـەتیکردنی مۆدێرنیزمو بیری نوێیان دەست پێکرد.

لــە ســایتی ئینێرنێتــیو مۆبایــلو تێلویزیۆنو کتێبو ڕۆژنامە کە هەموویان دەســکەوتی دنیــای مــۆدێرنن کــەڵك وەردەگرن بۆ بەگژداچوونەوەی نوێخـوازیو مۆدێرنیتە. خولیای گەڕانەوە بـۆ ڕابـردوو تەنیا بیرۆکەیەك نیە لە زەینی تـاکی ئـەم دەسەڵاتەدا بێ، بەڵکوو تاکی نێو بازنـەی دەســەڵاتی ڕێــژیم خــۆی لــە بەرامبــەر کۆمەڵگادا بەرپرسیار دەزانێو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەرکی ئـایینیو مەزهـەبیی ئەوە کە کۆمەڵگا بە تـەواوی بگێڕێتـەوە بۆ ئەو قۆناغەی کە ئەم ئیمانی پێیـەتی. چونکە ئەو خۆی بە نێـردراوو مـەئمووری خــودا دەزانــێو پێشــی وایــە کــە بــە نوێنەرایـەتیی خـودا مـافی بـەرەنگاریو لەناوبردنی هەموو ئەو کەسانەی هەیە کە دژی ئــەم گەڕانەوەیــەن. چــونکە لــە چوارچێوەی ڕوانینی بەرتەسکی ئەوانـەوە هەر چەشنە دژایـەتیکردنێك لەگـەڵ ئـەو "حەقێقەتە موتڵەقەی" ئەوی دەسەڵاتدار بانگەشەی بۆ دەکا، دژایەتیکردنە لەگـەڵ خـوداو بـەها پیرۆزەکـان. ئـەم ڕوانگەیـە دنیاو خەڵکی دنیاش بەگشتی بەسەر دوو بەرەی ـ خێرو شەڕ، ئایینداروبێئایین یـا موسوڵمانو کافردا دابەش دەکا. بە پێـی ئـەم دابەشـکارییەش دەسـت دەکـا بـە داوەریو قەزاوەت کـردن لـە سـەر ژیـانی مرۆڤو کۆمەڵگاکان. لەو دیدو ڕوانینـەوە کە کۆمەڵگا بەسەر دوو دەستەدا دابـەش دەکـا، لایـەك مـافی ژیـانی هەیـەو لایەکەیتر تەنیا مافی مەرگە. ئـەوی بـە پێی پێوەرەکانی دەسەڵاتو دەسـەڵاتداران بە موسوڵمان دەرچوو دەتوانێ بژیو بـۆی هەیە ژیان لە بەرامبەرەکەی بستێنێو ئەم کارەش نەك لە ڕوانگـەی ئەوانـەوە تـاوان نیە، بەڵکوو هەزاران ناوی شـەرعیی وەك غـەزاو جیهـادی بـۆ دەبیننـەوە. بـەڵام بەڕاستی ئەم پێوەرانەو سەرچاوەکانیان لە کوێوە دێن کە ئاوا سووكو ساکار لەسـەر ژیانو گیانی مرۆڤەکان بڕیار دەدەن؟

لە سیستمی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامیو دەسەڵاتە هاوشێوەکانیدا کـە دەســەڵاتگەلێکی سیاســی ـ ئـایینینو دەســەڵاتدارەکان خۆیــان بــە نوێنــەرو سێبەری خوداو پـارێزەری ئـایین دەزانـن، هەمیشــە بەرژەوەندییــەکانی دەســەڵات دەخرێنــــە پــــێش بەرژەوەندییــــە ئایینییەکانــەوەو دەقــە پیرۆزەکــانو دەســتووره ئاسمانییــەکان بــە پێــی بەرژەوەندییــەکانی دەســەڵات لێــك دەدرێنــەوەو لــە ئاکــامدا هــەر چەشــنە بەرهەڵســتکارییەك لــە بەرامبــەر دەسەڵاتدا دەخرێتـە پـاڵ دژایـەتیکردنی ئـاایینیو دژایــەتیکردنی ئـاایینیش دژایـەتییـەکی تـاوان خوڵقێنـە. ئـەم دژایـەتیکردنـە بـە مانـای بردنـە ژێـر پرســیاری مەشــرووعییەتی سەرچــاوەی حەقیقــەتێکی موتڵــەقو پــیرۆزە کــە دەســەڵاتداران خســتوویانەتە خزمــەتی پاراسـتنی دسـەڵاتەکەیان. لێرەدایـە کـە دەسەڵات لە پێناوی بەرژەوەندییـەکانیدا پــاڵ وەدەســتووره ئاسمانییــەکان دەداو مۆرکی کافرو بێدین لەو کەسانەی کە بـە هەر چەشنێك ڕەخنەیان لە دەسـەڵاتەکەی ئـەوی دەسـەڵاتدار گرتـوە، دەدا. چـونکە وەك باسمان کرد ئەوان خۆیان بـە سـێبەرو نوێنەری خودا دەزانو دوژمنی خۆیان بـە دوژمنــی خــودا لــە قەڵــەم دەدەن. بــەو شێوەیە ئەوە ئایینو دەستوورەکانێتی کـە پابەنـدو ملکەچـی بەرژەوەندییـەکانی دەسـەڵاتدارانن. گەرچـی دەسـەڵاتداران پاسـاوەکەیان بـۆ سـەرکوتی دژبـەرانو بەرهەڵستکارانو ڕەخنەگران ئەوەیە کە لە پێناوی خزمەت بە ئایینو پاراستنی بـەها ئایینییەکاندا ئەو کارانە دەکەن.

ئەوەتا ڕاگەیەندراوەکەی ئێرهـابیوونی سوپای ئیسلام سـەبارەت بـە نووسـەرانو ڕەخنەگران لە چـەمكو دەسـتەواژەگەلێك کەڵك وەردەگرن کە وەك بڵێی، دەسـەڵاتی ڕێـژیمی کۆمـاری ئیسـلامی ڕاسـتەوخۆ لەلایەن خوداوە بە خومەینیو خامەنەییو لایەنگرەکانی بەخشراوەو ڕەخنـەی قەڵـەم بەدەستان لە سیستمی دەسەڵات بە مانای کــوفری موتڵەقــەو جێــی لێخۆشــبوونو لێبوردن ناهێڵێتەوە.

سەرچـاوەی ئـەو فیکـرە، بیرۆکـەو عەقڵییــەتی خومەینییــە کــە لــە بەرهەمــەکانیدا بەتایبــەت لــە کتێبــی "ولایت فقیـه یـا حکومـت اسلامی"و "کشف الاسرار"دا دەڵێ حکوومەتی ئێمە دەبێ بگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای ئیسـلام. خومەینی هەر لە سەرەتاکانی هاتنییەوە بۆ نێو بیاڤی سیاسەت، دژی هەر چەشـنە مافێکی تاكو هەر چەشـنە ئازادییـەکی تاك لە دەرەوەی باوەڕەکانی خۆیدا فتوای داو بۆ وێنە سەبارەت بە مافـەکانی ژنـان گوتی: "بۆ مەگەر پیاوەکان مافیان هەیـە کە ژنەکان دەیانهەوێ بیانبێ؟!"

ئــەو چەشــنە بیرۆکــەو بــاوەڕە کۆنەپەرستانەیە بۆتە بنەمای بناژۆخوازیی لــە دەســەڵاتی ڕێــژیمی ئێرانـدا. ئـەوەتا ئێستا کە هەموو جیهـان بـەرەو ئاشـتیو وەدیهێنانی ئاشتیو دێموکراسی هـەنگاو دەنێن، سـەرکۆماری ڕێـژیمی ئیسـلامیی ئێـران بـە ڕاشـکاوی لـە کۆنفرانسـێکدا دەڵێ: "ئیسـرائیل دەبـێ لـە نـاو بچـێو نەمێنێ". ئەویش نە ڕێژیمەکەی، بـەڵکوو ئیسرائیل بەگشتی لەسەر نەخشـەی زەوی پـاك بکرێتـەوە. ئـەو بیرۆکەیـە شـتێکی کتــوپڕ نیــە، بــەڵکوو سەرچــاوەیەکی مێژوویی هەیەو دەگەڕێتـەوە بـۆ هـەمان عەقڵییەتی خومەینی کە دروشمی ناردنـە دەرەوەی شۆڕشـی لـە گـوێی سـوپاهیان دەخوێندو بەو چەشنە هەزاران هەزار لاوی وڵاتی لـە بـەرەکانی شـەڕدا فیـدای ئـەم خولیا ناپیرۆزەی خۆی کرد.

دوور نەچـین لـە مـاوەی دوو سـاڵی ڕابــردوودا بــە دەیــانو ســەدان گرووپــی تیرۆریسـتی لـە لایـەن دەسـەڵاتدارانی ئێرانەوە بۆ گێرەشێوێنیو ئاژاوەنانەوە بـۆ نێــو خــاکی عێــراق بــەرێ کــراون کــە دژکـردەوەی ئامریکـاو هاوپـەیمانانی بـە دواوە بووە.

لە هێرشە تیرۆریستییەکەی چەند ڕۆژ لەوە پێشـی شـاری سـلێمانیشدا کـە بـە داخەوە ژمارەیەك شەهیدو برینداری لـێ کەوتەوە، بە پێی بەڵگـەی حاشاهەڵنەگر دەرکەوت کـە شـوێن پەنجـەی ئێـران لـەو کردەوە دزێـوەدا بـووەو ئـەوەش هـەروەك کــەناڵی ســەتەلایتی "کوردســات" ڕایگەیاند، کەسێکی ئێرانی دەستی تێدا بووە.

هەمووی ئەو بەڵگانەو ئـەو هـەزاران بەڵگـە جەنایـەتو تیرۆرەکـانی دیکـەی کۆمـاری ئیسلامی وەك دێکـۆمێنتێکی حاشـاهەڵنەگر لـە پـاش خـۆی بـەجێ هێشـتوون، سـەلمێنەری دڕنـدەیی ئـەو ڕێژیمەو ئەو ڕاستییەش دەسـەلمێنێ کـە چەکی کۆمەڵکوژی ناوکیشی تەنیاو تەنیا بـۆ لـەناوبردنی نـەیارانو پاراسـتنی دەسەڵاتەکەی دەوێو ئەو لایەنانەش خامو سـاوێلکەن کـە بـاوەڕ بـە نییـەتی ئاشـتیخوازانەی کۆمـاری ئیسـلامی بـۆ دەستپێڕاگەیشتن بە وزەی نـاوکی دەکـەن. چونکە فەلسـەفەی ئـەم ڕێژیمـە لـە سـەر بنـەمای سـڕینەوەی لایـەنی بەرامبـەر دامەزراوە.

❊❊❊

# ئەفلاتوون، خاڵی دەسپێکی رەخنەی ئەدەبی

**وەرگێران لە فارسی یەوە: قادر وریا**

یونانی یەکان وتار بێژی گەورە بوون و، گومانی تێدا نیە هەروەك لەبارەی زۆری شتی دیکەوە وتەیان هەیە، لەبارەی شێعریشەوە قسەیان کردوە. بەڵام ئەمڕۆ شوێنەوارێکی ئەوتۆ لە قسەکانیان نەماوەتەوە.

جگە لە یەك دوو دێرە شێعر و چەند دەستەواژەیەکی بەربڵاو و کورتی نێو نووسراوە فەلسەفی یەکان هیچ چەشنە رەخنەیەکی ئەدەبیی راستەقینە کە بکری ناوی تیۆریی ئەدەبیی لەسەر دابنێین، هی پێش سەردەمی ئەفلاتوون، بەدەستەوە نیە. تەنانەت ئەو هەڵسەنگاندنە ئەدەبی یە پرشنگدارانەی لە کۆمێدیاکانی ئەریستوفانس دا هەن، زیاتر وەك داوەریی کردەکی (قضاوت عملی) دێنە بەرچاو و، بە زەحمەت دەتوانین بیانخەینە خانەی تیۆریدانانی ئەدەبی. بەم پێ یە ئەگەر بمانەوێ باسەکەمان لەو کەسانەوە دەست پێ بکەین کە لەبارەی ئەدەبیاتەوە، وتە و بۆچوونی گشتییان دەربڕیوە، دەبێ لە ئەفلاتوونەوە دەست پێ بکەین. بەڵام جێی خۆی بوو باسەکە لە کەسێکی دیکەوە دەست پێ بکەین، چونکە ئەفلاتوون کە زمانێکی شاعیرانەتر لە هەبوو فەیلەسووفەکانی دیکەی هەموو دوژمنی شێعر بوو. ئەمە راستی یەکی ئەوەندە هەژێنەر و سامناکە کە زۆر کەس نەیان ویستوە قبوڵی بکەن. ئەم جۆرە کەسانە وەك دڵدارێکی ساویلکەوان کە نایانهەوێ ئەوەی بەچاوی خۆیمان دەیبینێ، بڕوای پێ بکەن. چونکە پێیان وایە ئەفلاتوونی وتە شیرین ناکرێ خەیانەتکار و ناراست بێ.

لەگەڵ ئەمەش دا دژایەتیی ئەفلاتوون (٣٤٧ - ٤٢٧ی پێش زایین) لەگەڵ شێعر، شتێکی روون و ئاشکرایە. ئەفلاتوونیش وەك تۆلێستۆی، چەندین ساڵ دواتر بۆی دەرکەوت کە دەبێ واز لە هونەری خۆی بێنێ. چونکە گەیشتبووە حەقیقەتێك کە پێی وا بوو لە هونەری شاعیری گەورەترە. دواتر قەدیس ئاگوستین، لە بیرو بۆچوونەکانی ئەو لە بارەی شێعرەوەی کۆڵیەوە و، بۆ بەهێز کردنی دوژمنایەتیی کەلیسەی کۆنی مەسیحی لەگەڵ ئەدەبیات، زۆری کەڵك لێ وەرگرت. ئەمڕۆ لە سەدەی بیستەم دا سیاسی یە ملهوڕەکان، هەم فاشیستەکان و هەم کومونیستەکان، لە شێوەی روانین بۆ هونەر و ئەدەبیات دا، قەرزداری ئەون. بە شێوەیەکی گشتی هەموویان وا بیر دەکەنەوە کە گەیشتوون بە حەقیقەت، لە بەرامبەر هونەر و ئەدەبیات هەمان هەڵوێستیان هەیە کە ئەفلاتوون هەیبوو. ئەگەر کەسێك یەك خولیای هەبێ و ئەویش پێکهێنانی کۆمارێکی ئەفلاتوونی، ئایینی (مدینەی فاضلە دینی) بێ، بێگومان دەگاتە هەر ئەم ئاکامە کە دەبێ هونەر و ئەدەبیات تووڕ هەڵ بدا یا کۆت و بەندی بکا. لەراستی دا لە روانگەی کەسێکی ئەوتۆوە، شێعر لە بەراورد لەگەڵ رۆحی ئەبەدی و هەرماو، یا کۆمەڵگەی بێ چین دا، ناتوانی جێگا و بایەخێکی هەبێ. ئەفلاتوون لە هەر لایەنێکەوە کە دەیڕوانی، لەباری پەروەردەیی، رەوشتی، فەلسەفی یا سیاسی یەوە هەر دەگەیشتەوە ئەم ئاکامە وریا کەرەوەیە کە شێعر شتێکی مەترسیدارە. تەنانەت دەتوانین وای بۆ بچین کە بە واز هێنان لە شێعر کە حەزی لێ دەکرد، بە جۆرێکی داهێنرێنەر ویستە دەروونی یەکانی دادەمرکاند. چونگە ئەفلاتوون ئەگەر شێعری ئەوەندە خۆش ویستبا، تا ئەم رادەیە لێی نەدەترسا. رۆمان و کورتە چیرۆکەکانی "توماس مان" کە هونەر لەوان دا بە زۆری وەك دیاردەیەکی رێ لێ ونکەر و تێکدەری رەوشتەکانی چینە ناوەندی یەکانی کۆمەڵ وێنا دەکرێ، وێڕای هەر جۆرە لێ تێگەیشتنێکی دیکەی ئێمە لەوان، لێکدانەوەیەکی ورد لە بۆچوونەکانی ئەفلاتوون لە بارەی شاعیرانەوە بەدەستەوە دەدەن. ئێمە کە لە سەردەمی پێشکەوتنە مەزنەکانی شارستانەتیی مرۆیی دا دەژین، ئەفلاتوون وەك کەسێك کە دەبینین کە لە سەردەمێك دا دەژیا کە خۆری کەلتووری دەوڵەمەندی ئێمە تازە خەریکی هەڵاتن بوو. بەڵام لە روانگەی ئەوەوە هەلومەرجی رۆژگار لە خۆر ئاوابوون دەچوو. هەموو رووداوە گەورەکان، پێش ئەو روویان دابوو. ئەسینا بە خێرایی بەرەو گەندەڵی هەنگاوی دەنا. خەڵکی هونەر پەروەر و ناسك خەیاڵی مێدیتەرانە وەك مەڕ وەپێش ساویلکە خەڵەتێنانی بێ بڕوا بە رێوشوێنە ئەخلاقی یەکان کەوتبوون. لەباری ئایینی یەوە بڕوایان بە خوداگەورەکان هەبوو کە هەروەك لە بەرهەمەکانی هومێر دا بەدیی دەکرێ، زیناکار و درۆزن و شەڕخواز بوون. ئەوەی لەم بارودۆخەدا خەڵکی ئەسینا پێویستیی زۆری پێ هەبوو، پەروەردە و ژیری بوو کە فەیلەسووفەکانی وەك ئەفلاتوون دەبوایە دابینیان کردبا.

شاعیران، چ ئەوانی رابردوو و چ ئەوانی ئەمڕۆ، بە دوژمنی ئەفلاتوون دادەنران. هەموویان ئەم خاڵەیان قبووڵ کردبوو کە شاعیران، مامۆستایانی کۆمەڵگەن. دەسەڵاتی شاعیریی شاعیران بەرهەمی ئیلهام بوو و، لەم بارەوە هەموویان هاوڕا بوون. ئەمە خاڵێك بوو کە لە روانگەی ئەفلاتوونەوە، بۆ پێشاندانی لەڕێ دەرچوون و لاڕێیی شاعیران بەس بوو. چونکە گومانێك لەوە دا نیە کە حەقیقەت لە رێگای ئەقڵەوە بەدەست دێ. لە ریسالە (نووسراوە)ی ئەیوان دا بوو کە ئەفلاتوون تیۆریی بەناوبانگی خۆی لەبارەی شێعرەوە هێنایە گۆڕێ:

**"....شاعیر بوونەوەرێکی نیان و پیرۆزە و، هەتا ئیلهام وەرنەگرێ و ئاگای لەخۆی نەبڕێ و ئەقڵی لێ دوور نەکەوێتەوە، هێزی خولقاندنی تێدا نیە. هەتا ئەو کاتەی بەم حاڵەتەش نەگەیشتوە، دەستەوەستانە و، ناتوانێ ئەوەی بە ئیلهام بۆی هاتوە دەری ببڕێ. شاعیران لەبارەی کردەوەکانی مرۆڤ زۆر وتەی بەرزیان هەیە، بەڵام وتەی لە چەشنی وتەکانی تۆ لەبارەی هومێرەوە، ئەمجۆرە قسانە بناغەکەیان لەسەر هونەر دانەمەزراوە، بەڵکوو تەنیا بەرهەمی ئیلهامێکن کە لە ئیلاهە (خواژن)ی شێعرەوە پێیان دەگا و هیچی تر. کاتێکیش ئیلهامیان وەرگرت، یەکێك دیتیرامب دەهۆنێتەوە. ئەویتر شێعری وەسفی (مدیح)، سێهەمیان شێعری تایبەت بە کۆرس، یەکێکی دیکە شێعری حەماسی یا یامبیك. کەسێك کە لە هۆنینەوەی یەکێك لە جۆرەکانی شێعر دا مامۆستایە، لە هۆنینەوەی جۆرەکانی تر دا، بێ توانایە. چونکە شاعیر بە یارمەتیی هونەر شێعر ناهۆنێتەوە، بەڵکوو بە یارمەتیی هێزێکی خودایی شێعر دەڵێ.**

ئەفلاتوون دواتر ئەم روانگە بە رواڵەت تێکەڵ بە ستایش و پیاهەڵدانەی خۆی لەبارەی شێعرەوە بەدژی شاعیران بەکار هێنا. "ئەڕابە" لێخۆڕەکان لەبارەی پێشبڕکی یەکانی ئەڕابە لێخورین زیاتر لە هومێر دەزانن. هەر پیشە سازێك لەبارەی پیشەکەی خۆیەوە، لەو شاعیرەی لەبارەی پیشەکەی ئەوەوە شێعر دەڵێ، پتر دەزانێ. کە واتە شاعیر لە پلەی مامۆستا دا، جێگایەکی نزمتر لە پیشەسازەکانی هەیە. بەم هۆیەوە کە قسەی شاعیر نەك لەرووی ئاگایی و ناسیاوی یەوە، بەڵکوو بەرهەمی ئیلهام وەرگرتن و "شێتی"یە، لە روانگەی ئەفلاتوونەوە ئیلهام بۆ هاتن و شێتی هەر یەك شتن، ناکرێ متمانە بە شاعیران لە پلەی مامۆستایەتی دا بکەین.

ئەگەر لەبەر رووناکایی میتافیزیکی ئەفلاتوون لە شاعیرانمان روانیبا، ئەوان لەوە سەربەرزتر نەدەبوون. بە بڕوای ئەفلاتوون حەقیقەت لە جیهانی "مثل" دا هەبوو نەك لە جیهانی دیاردە ماددی یەکان دا. بۆ وێنە، بۆ کورسی، کورسی یەکی نموونەیی هەبوو کە راستەقینە و ئەبەدی بوو. ئەو کورسی یە دیاریکراوەی دارتاش دروستی دەکرد، لاسایی کردنەوەی کورسی یە نموونەیی یەکە بوو. لاسایی کردنەوەش بە گوێرەی ئەو پێناسەیەی بۆ لاسایی کردنەوە هەیانبوو، کارێکی ناتەواو بوو. کاتێك شاعیرێك بە کورسی یەکی هەڵ دەگوت، لەراستی دا لاسایی شتێکی لاسایی کراوی دەکردەوە و، دوو قوناغ لە حەقیقەت دوور دەکەوتەوە. "هونەری شاعیر، کارێکی نزم بوو کە لەگەڵ کارێکی نزمی دیکە یەکدیگر دەبوو و، منداڵێکی نوقسانی لێ دەکەوتەوە".

لەبارەی ئەخلاقیات و کێشە رەوشتی یەکانیشەوە، بە شوێن هەر کەسێکی دیکە دا چووبان، لەوە باشتر بوو کە روو بکەنە شاعیران. لە بەرهەمەکانی هومێر دا خوداوەند خەریکی ئەنجامدانی هیندێك کارە کە لەبارەی ئەخلاقی یەوە دروست نین. "زیوس" بە دڵخوازی خۆی یەکێك بەختیار و کامەران دەکا و، یەکێکی دیکە گیرۆدەی بەڵا و کوێرەوەری. ئەسینا و زیوس وەك خودایانی پەیمان شکێنی و لەبیر بەرەوەی سوێندەکانی خۆیان دەبینین، خوداکانی دیکەش وەك هەڵایسێنەرانی شەڕ و، خۆشکەری ئاگری شەڕی نێوان مرۆڤەکان. ئەوە لە حاڵێك دایە کە چونکە خوداوەند لەسەر خێرە، دەبوو شەڕ سەرچاوەیەکی دیکەی هەبا. کەوا بوو هومێر نەك هەر لەبارەی خوداکانەوە درۆ دەکا، بەڵکوو بە شتەکانی خۆی، هاووڵاتان بەرەو شەڕ و خراپی پاڵ پێوە دەنێ. دەبێ بە دیاریکردنی قانوونی تایبەتی بەربەوە بگیرێ کە سەرچاوەی خراپە، خودایە.

**ئەگەر شاعیرێك بیهەوێ بەسەرهاتی خەمهێنەری "نیوبە" بگێڕێتەوە، یا چیرۆکی بێبەختی یەکانی رۆڵەکانی "پلوپیداس"، یا شەڕەکانی "تەروا" بە شێعر دەربڕێ، نابێ خودا وەك هۆی کوێرەوەری و بەدبەختی یەکان بناسێنێ، ئەگەر وای کرد دەبێ ئەو خاڵە بە گوێرەی وتەی ئێستامان پاساو بدا. واتە دەبێ بڵێ خوداوەند سزایەکی دادپەروەرانەی بۆ ئەوان نارد و، ئەم سزایە بوو بەهۆی رزگاری و بەختیارییان. هیچ کات نابێ رێگا بە شاعیران بدەین کە بڵێن سزای خودایی بوو بە هۆی چارەرەشیی کەسانێك کە سزا دراون، بەڵکوو دەبێ مەبەستەکە بە جۆرێکی دیکە دەرببڕن. واتە دەبێ بڵێین ئەو کەسانە خراپ بوون و، خراپی ببوو بەهۆی بەدبەختیی ئەوان، لەم رووەوە پێویست بوو سزا بدرێن و، خوداوەندیش سزای دان، تا لە چنگ بەدبەختی رزگاریان بێ. بەڵام ئەوە کە خودا جگە لە خێر و چاکە شتێکی دیکەی لە زات دا نیە و، بە هۆی خراپە و بەدبەختی دابنرێ، شتێکە کە نابێ رێگا بە هیچ کەس بدەین بیڵێ. ئەگەر دەمانەوێ کۆمەڵگاکەمان، کۆمەڵگەیەکی شیاو و قانوونمەند بێ، هەرگیز نابێ بێڵێن کەسێك چ لاو بی چ پیر، بە شێعر یا پەخشان قسەیەکی ئەوتۆ بکا یا ببیسێ. چونکە ئەو جۆرە قسانە زیانهێنەر و نەشیاو و پڕ لە ناتەباین. (کۆمار)**

لە روانگەی ئەفلاتوونەوە ناتوانین سیاسەت و ئەخلاقیات لێك جیا بکەینەوە. ئەفلاتوون تێ گەیشتبوو کە نابێ بۆ پەروەردە کردنی بەڕێوەبەران و پارێزەرانی داهاتووی کۆمار، لە شاعیران وەك مامۆستا کەلك وەربگرین. ئەوان هەر نەك لەبارەی خوداکانەوە، درۆ دەکەن بەڵکوو لە شێعرەکانیان دا مرۆڤەکانیش خەریکی ئەنجامدانی کردەوەی نەشیاو و ناڕەوان، لە شێعری ئەوان دا قارەمانەکان بە نیشانەی قەڵسی و تۆران، دەخزێنە نێو خیوەتەکانیان، دادوەران (قازی یەکان) بەرتیل وەردەگرن و، کاربەدەستانی سوپاو فەرمانڕەوایان پەنا بۆ زۆر کاری ناڕەوا دەبەن کە لە کۆمارێکی ئایدیالی دا نابێ بکرێن. یەکێك لە تاوانە گەورەکانی شاعیران ئەوەیە کە "هادێس"یان وەك شوێنێکی داهێزێنەر و ناخۆش وەسف کردوە. دەبێ لاوەکان فێر بکەین کە بۆ سەربەرزیی وڵاتەکەیان بمرن و بەڵێنی پاداشی ئەو دنیایان پێ بدەین. "هادێس"ی شاعیران، گیانی دلێری لە لاوەکان دا دەمرێنێ و، ئەوان دەکا بە تامەزرۆ و ئوگری ژیان و، لە مردن دەیانترسێنێ. کەسانی سەر بە چینی فەرمانڕەوا کە پاسەوانانی کۆمەڵگەن، دەبێ پاراستنی سەربەستی بە تاکە ئەرکی سەرشانیان بزانن و، لە لاسایی کردنەوەی هەر شتێکی نزم و نەشیاو، دووری بکەن.

بەڵام ئەو سەرمەشقەی شاعیران دەیخەنە بەر چاوی پاسەوانانی کۆمەڵ، چین؟ ژنان و پیاوانی ناوازە و تەنانەت کەسانی نزمی وەك "ئاسنگەران و پیشەسازانی دیکە و بەلەم لێخوران و کرێکارانی پاپۆڕ و کەسانی دیکەی لەم چەشنە". لەراستی دا هەر شتێکی کە خەڵکی ساویلکە و کاڵفام حەزی لێ بکەن. خاڵێکی دیکە کە نابێ لەبیرمان بچێتەوە ئەمەیە کە شێعر وەسفی ئەو هەوا و هەوەسانە دەکا کە نابێ رێگای گەشە و هەڵدانیان پێ بدەین. شێعر، لە جیاتی ئەوەی ئەم عاتیفە و هەوا و هەوەسانە بکا بە فەرمانبەر و ملکەچی ئێمە، بەسەر ئێمەیان دا زاڵ دەکا. ئەمەش لە حاڵێك دایە کە ئەگەر بمانەوێ بەرزی و بەختیاریمان بەرەو ژوور بچێ، دەبێ ئەوان بکەین بە ملکەچ و گوێڕایەڵی خۆمان.

هەر کات شاعیرێك بتوانێ لاسایی هەر شتێك بکاتەوە، بێتە شاری ئێمە "وەك پیاوێکی پیرۆز و سەرسوڕهێنەر و لەبەر دڵان رێزی لێ دەنێین، بەڵام پێی دەڵێین کە کۆمەڵگەی ئێمە جێی کەسانێکی وەك ئێوەی نابێتەوە و، قانوونی ئێمە رێگا نادا کەسێکی ئەوتۆ لە وڵاتی ئێمە دا بژی. هەر بۆیە رۆنێکی بۆنخۆش لەسەری هەڵ دەسووین و تاجێکی (کڵاوێکی) خوریی دەکەینە سەر و رەوانەی وڵاتێکی دیکەی دەکەین.

بەم جۆرە شاعیر لە کۆماری ئەوفلاتوون وەدەر دەنرێ.

کەوا بوو ئایا هیچ شێعر و شاعیرێك لە کۆماری ئەفلاتوون دا ناکرێ هەبێ؟ با. هیندێك شێعر و سروود دەکرێ هەبن. بەڵام بەو مەرجەی لەژێر چاوەدێریی فەرمانڕەوایان دا هۆنرابنەوە. ئەو "هەوا" (ئاهەنگ)یانەی لەسەر رێکوپێکیی سوپایی سەربازەکان کاریگەرییان هەیە و، ئەو سروودانەی بۆ خوداکان دەهۆنرێنەوە، هەروەها ئەو شێعرانەی لە پەسنی پیاوچاکان دان، لە کۆماری ئەفلاتوون دا رێگەیان پی دەدرێ. بەڵام تەنانەت ئەو شێعرە رەسمی (فەرمی)یانەش، هەر کەسێك بۆی نیە بیانهۆنێتەوە. تەنیا کەسانێك رێگای دانانی شێعریان پی دەدرێ کە وەك لە زمانی ئەمڕۆ دا باوە لە بارەی سیاسی یەوە جێگای متمانەبن. دیارە ئەو کەسە متمانە پێکراوانەش، تەنیا ئیجازەی هۆنینەوەی شێعرە فەرمی یەکانیان هەیە. کەوابوو دەکرێ براوەی پێشبڕکی یە وەرزشی یەکان کە هێز و توانا بە کۆمەڵگە دەبەخشن، بە شێعر ستایشیان بکەین، بەڵام هەموو کەس ئیجازەی ئەم کارەی نیە.

**"... با ئیجازە بە شاعیران بدەین کە رێز لە براوەی پێشبڕکی یەکان بنێن. بەڵام هەر شاعیرێك ئیجازەی ئەم کارەی نیە، بەڵکوو شاعیرانێك دەتوانن ئەم کارە بکەن: یەکەم، تەمەنیان لە پەنجا ساڵ کەمتر نەبێ و، دووهەم، نابێ ئەم شاعیرانە لەو کەسانە بن کە لە درێژایی ژیانیان دا هیچ کارێکی گەورە و شایانیان نەکردوە. تەنانەت ئەگەر زەوقی ژەنین (موسیقا ژەنین) و هۆزانڤانیان لە ئاستێکی بەرز دا هەبێ. بەڵکوو دەبی لەو کەسانە بن کە لەنێو کۆمەڵگە دا بە هاووڵاتێکی شەریف و خاوەن ئابڕوو دەژمێردرێن و، لە رابردوو دا کاری گەورە و شیاویان لێ بینراوە. دەبێ رێگا بەم جۆرە کەسانە بدەین کە شێعرەکانیان بخوێننەوە، تەنانەت ئەگەر شێعرەکانیشیان ئەوەندە رەوان نەبن. داوەریی لەبارەی ئەوان دەبێ بە داهێنەرە لاوەکان (یا بەرپرسانی پەروەردە و فێرکردن) و پاسەوانانی دیکەی قانوون بسپێرین کە ئیجازەی ئەم کارەیان پی دراوە. تەنیا ئەمانە دەبێ رێگای هۆندنەوەیان پی بدرێ و خەڵکی دیکە دەبێ لەم مافە بێ بەش بن. سێهەم، نابێ هیچ کەسێك ئازایەتیی ئەوەی هەبێ سروودێك بڵێ کە پاسەوانانی قانوون دانی خێریان پێدا نەناوە. تەنانەت ئەگەر ئاوازی قسەکانی لە هۆنراوەکانی تامیراس و ئۆرفیئوس دلگرتر بێ. ئەگەر کەسێك ئیجازەی هۆنینەوەی شێعری هەبوو، تەنیا دەتوانێ ئەو شێعرانە بهۆنێتەوە کە پاسەوانانی کۆمەڵ پێیان وایە شێعرێکی پیرۆزن و لە خزمەت خوداکان دان". (قوانین)**

سەرچاوە: کتێبی "مێژووی کورتی رەخنەی ئەدەبی"، نووسینی "ورنون هال"، وەرگێران بۆ فارسی: مجتبی عبدالله نژاد



# کەلاوە

مستەفا شێخە

لەبەر ژانی شان و پیل و قاچەکانت ئارام و قەرارت نەماوە. هەموو لەشت دەڵێی دە دم ماران دایە. شەقام و بازاڕ و حەشامەتی ناو شار کەوتوونەتە پەراوێزی ژان و برکی لە براننەهاتووی ئەندامەکانی لەشت.ئەوە دەمێکە بەم ئازارەوەدەناڵی.هەموو جارێ بەر لە دەس پێکردنی،لەبەرا پێستی لەشت دەزوولە دەکا.وەك ئەوەی بەرەو تەزین بڕۆی.ئەمجار تەپ دەبی و دادەهێزێی.وورده ورده مچوڕکی ژانێکی وشك لە سەرتەوە سەر هەڵدەداو بە دەمارەکانتدا بەرەو ماسولکەی مل و شان و پیل و هەردوو لاباڵ و جومگە دەست و هەردووك ئەژنۆکانت و لە ئاخردا پەنجەکانی دەست و پێت دادەگەرێ. ئەوکاتەیە مچوڕکی وشکە ژانەکان وات لێ دەکەن خۆت بخزێنیە شوێنێك و هەر چۆنێك بێ چارە سەریەکی خۆت بکەی. جاران زۆر لە وە باشتر بووی. لە بەرا بە حەبێك، تۆزە دەرمانێك یان خۆت گوتەنی بە تۆزێك لە سندانە خۆشەکە دادەمرکای.ئێستا کار لە کار ترازاوە. تۆزی سندانە خۆشەکەش داتنامرکێنێت. دەردی ئەمجارە لە جاری پێشوو گرانترە. هەر وەك هی جاری پێشووش لەهی پێشتر و هی پێشتریش لەوی بەر لەخۆی. لا لە حەشامەتی سەر شەقام و بازاڕ دەکەیەوە، دەزانی هەرچەند هەوڵ بدەی کەس نەزانێت بە چ ئازارێکەوە دەناڵی، بەڵام لەوە تێپەڕیوە بکرێت خۆت لە نیگای وردبینی بەشێکی کەم لەو حەشامەتە زۆرەی وەك مێروو خەریکی هات و چۆ و کێشەوەن، بدزیەوە. هەتا بە سەر ژانەکانتا زاڵ بی و لەنگەری لەشت بپارێزی، بەشێکی کەمتر لێت تێدەگەن. هەوڵ دەدەی هەنگاوەکانت قورس و قایم بن. زگت دەقوپێنی و سنگت دەدەیە پێشەوە. ئەوەیان لە بەر ئەوەی رواڵەتی و درۆ و دەسکردە، هەر خۆی لێت لە هەڵلا دەدات. دوا جار خەریکە ئەو خەڵکەی بە چەپۆك و پێلەقەش مێشکیان رووداوێکی تازەی بۆ قووت نادرێت، لێت تێ‌بگەن. تەوژمی ئێش و ئازار نیگات وەك تەیرێکی وێڵ بۆ شوێنێکی کپ دەگێڕی خۆتی تێ‌بخزێنی. لەوبەری شەقام قوژبنی هۆدەیەك لە بینایەکی کۆنی رووخاودا بەدی دەکەی کە ماوەیەکە ژوانگەی ئەم ساتە وەختانەتە. خۆت لە ناو زبڵ و زاڵ و کوتە مقەباو شووشە شکاو و لەتە ئیسقانی کرووساوەی ناو هۆدە داڕووخاوەکەدا دەبیتەوە.بۆ ئەوەی بە لاباجە گچکەی لای شەقامەکەدا بڕوانیە دەرەوە نەکا کەسێك هەستی بە بوونت لە کەلاوەدا کردبێ، دەستت لە سواغی دیوارەکە قایم دەکەی.سواغەکە لێ دەبێتەوە و دادڕووخێ. بە سەر لووت دا دەکەوی. بە بێ‌وازی خۆڵ و کاو کۆت و لیکاوی دەمت دادەماڵی.دەست بە بەینی سواغ و دیواری گۆشەی هۆدەکە دارماوەکە دادەکەی.نایلۆنێکی رەشی لوول دراو دەر دەکێشی.سورەنگێکی زەرد هەڵگەراوی چلکنی تێدایە.بۆ ئەوەی تۆزی لێ بتەکێنی، فوویەکی بە قەوی پێدا دەکەی.لێوەکانت بۆ کۆ نابنەوە. بەشێکی کەم لە بای فوەکەت بەر سورەنگەکە دەکەوێت.دەس بە پزووی پاتۆڵە شڕەکەت دادەکەی.لە لای کەلەکەوە بەرەو پێشەوە دەڕۆی و گنجی پاتۆڵەکەت بۆ پشتەوە بەرێ دەکەی. شووشە کۆنێکی گچکە بە تەنیشت دێخوونەکەتدا دەر دەکەوێت. هەرخۆت دەزانی چیان بۆ تێکردووی. خۆشت نازانی. چوونکە کاتێ وەرت گرت، شەوبوو. زیبکە بەردێکت بە شووشەی پەنجەرەکەیان دادا و لە بەر دەرگا راوەستای.دەرگاکە بە قەرای هاتنە دەرەوەی مشتە کۆڵەیەك قەڵشیدا. پارەکەتی لە چنگت دەرهێناو ئاودیوی دەروازەکە بۆوە و لە گەڕانەوەدا ئەم شووشەیەی لە مشتت نا.

**سەرە دەرزی خوارو خێچی سورەنگەکەت راست دەکەیەوە. لاستیقی زاری شووشەکە فڕێ دەدەی. هەرچی لە ناوی دایە بە سورەنگەکە هەڵیدەقورێنی. قۆڵی راست هەتا پشت ئانیشکت هەڵدەماڵی. بە شوێن رەگێك دا دەگەرێی پۆرگی نەدابێ و خوێنی تێ نەزابێ. کوتە نایلۆنە رەشەکەت هەڵدەڕی. تیسماڵێکی درێژی لێ ساز دەکەی و بۆ ئاوسانی رەگەکانی لای خوارەوە توند لە قۆڵتی دەهاڵێنی. بەشێك لە رەگی لاباڵت لە مابەینی چەند پۆرگاندا خۆی حەشار داوە. نووکی دەرزیەکەی پێدا دەکەی.لیچی بەرەوەت وەبەر ددانەگرەکانت دەدەی و سورەنگەکەی لێ دەگوشی.وورده وردە ژانی لەشت دادەمرکێ.کەیفت خۆش دەبێت. دادێیە سوێندو ئایەتان ئاخر جارت بێ. بۆ ئەوەی جارێکی‌تر تووشی ئەم هەڵەیە نەبیەوە، چەند شوێنێکی دیکەی لەشت بە پۆلووی جگەرە داغ دەکەیەوە.ژانی لەشت تەواو دەبێت. لە گۆشەی کەلاوەکە بۆی دادەنیشی. لەشت سووك دەبێت، بە ناو خەیاڵاتی رابردووتا هەڵدەفڕی. حەزت لە بیرەوەریە خۆشەکانە. ئەگەر بۆت بلوێ ئەوانەی بە دڵت نین بژاریان دەکەی و تووڕیان هەڵدەدەی. کەچی هەر بیرەوەریەکی بە لەزەت کەوتۆتە گەمارۆی چەندی تاڵ و دێوەزمەئاسا. لە حاندیان چاو دەنووقێنی گوێ داخنی. لە ناو پەڕەی مێشکت دا پەل داوێن و زەق دەبنەوە. ئەوەندە بە دەماغی لە دەستت دێ لە هەر شوێنێك دڵت بخوازێ دەست پێ بکەی.**

گلۆپی رەنگاو رەنگ لە هەر چوار لای ژوورەکە هەڵدەبوون و دەکوژانەوە. سوور، شین، نارنجی، زەرد. خێرا خێرا رەنگی جل و بەرگ و روخساری بەشدارانی هەڵپەرکێ دەگۆرا. سوور، شین، زەرد، نارنجی. ژنەکان هەریەکەو رەنگێکیان لێ دەکاڵێتەوە. لە سووچێك راوەستابووی. هەر ژنەو پڕی بە پیاوێك دادەکرد و بەرەو ناوەندی هۆڵەکەی دەبرد و بە یەکەوە هەڵدەپەڕین.ئەم شێوە هەڵپەڕینانەت تەنیا لە شاشەی تەلەفزیۆن و لە ناو فیلمەکاندا دیتبوو.دەستەکان لێك گرێ دەدران و بەرز دەبوونەوە.ژنە نیوە رووتەکان هەوەسیان لێ دەباری. پرچە رەنگ کراوەکان ساتێ لە سەر دوڵایی پشتەکان ئارامیان نەدەگرت. دەرژانە سەر شان و دەگەڵ هەر چەرخ و سووڕانێکدا چنگیان داویشتە مەمکان و دەگەڕانەوە.کراسەکورتەکان بە هۆی سووڕان و باوەخولێ بایان دەکرد و رە حەوا دەکەتن.هەتا باوەخولێ خێراتر دەبوو، ئەستوورایی رانەکان ئەستوور تر دەبوون و دوو دوو تێکەڵ دەبوونەوە. دەستە ناسك و پەنجە باریکەکان هەموو پیاوەکانی دەورو بەرتیان راکێشا. بای فێنکی کۆلێرەکان بۆنی عەتر و ئودکلۆن و ماتیك و سوورا و سپیاویان بە هەموو لایەك دادەدا. هەستت بە غەریبی دەکرد. غەریبیەکی کوشندە.غەریبیەك تێکەڵاوی هەستی بەرەو تەقینی پیاوەتیت.دەنگی بەرزی مۆسیقا هاوشانی سووڕان و چەرخ و خولی پرچ و مل و مەمك و کەمەرەکان لەشی تەزاندبووی. لە جێی خۆت لە سەر پێ کەوتیە سەما. هەڵپەڕینێك لە هەڵپەڕینی هیچکامیان نەدەچوو. بەوە دڵخۆش بووی نارێکی هەڵپەڕینەکەت سەرنجیان راکێشێ و هەرنەبێ دەورێکت هەڵپەڕێنن. ژن و پیاوەکان شتێکیان بە گوێی یەکدا دەچرپاند، قۆڵیان تێك دەکرد و وەدەر دەکەوتن. بۆ ئەوەی ئاخر کەس نەبی لەوێ بڕۆی، دارت لە دڵت داو بە رەو ماڵ بوویەوە. لە ژووره چۆڵ و هۆلەکەتدا مۆتەکە و دێوەزمەی تەنیایی چاوەڕوانت بوو.حەزت دەکرد مەودای بەرەوماڵت لەبەر یەك بکشێتەوە. دەترسای رواڵەتی هەست بزوێنی ئەو ناسکۆڵانەی سەمایان دەکرد، لە بەرچاوت ون بن و لە گەڵ بیرەوەریە تاڵەکانت جێ‌گۆڕکێ بکەن. دەترسای لەو نەهامەتیەی بە شانتدا هاتوە، باڵەخانەو کۆشکەکانی سەر رێگەت وەك باڵەخانەکانی تیجارەتی جیهانی بڕووخێن و گۆڕەو شارت دەن یان کۆشکە دارماوەکان رێگەت بگرن و چوونەوە ماڵت لێ وەدرەنگ کەوێ.وەدرەنگ کەوتن بە جەحەنەم. رەنگ بوو بە هۆی قژی رەش و رووخساری گەندوومی خۆت لە بەر مێزی دادگایی کردنی ترۆریستان بدۆزیەوە.

**بۆ داسەپاندنی خەوێکی قورس پەردەکان دەکێشی و گلۆپی ژوورەکە دەکوژێنیەوە.خەوی تۆراوت بۆ دەستەمۆ نابێتەوە.بیر لەو رۆژانە دەکەیەوە قوتابخانەت تەواو کرد و بۆ زانستگا دەرنەچووی.رۆژانە رووبەری شەقامەکانت تێك دەکردەوە.خۆت بە دووکان و قاوەخانەو مزگەوت و شوێنە گشتیەکان دادەکرد.ئەوەی لە هەموو شوێنێك پتر سرنجی راکێشابووی ئاودەستە گشتیەکان بوون.لە هەرچاوە ئاودەستێك دا بۆ ماوەیەکی درێژ دادەنیشتی. سەرت لەوە سوڕمابوو، خەڵکی بێجگە لە بەتاڵ کردنەوەی زگیان ئەوەی دەمێشکیشیان دایە هەر لە ئاودەستەکاندا هەڵیدەڕێژن. کاتێ لە ئاودەست دادەنیشتی لەبیرت دەکرد بۆ چی هاتبووی. دیوارەکان نەخشی هەموو بیر و باوەڕێکیان پێوە دیار بوو. بژی... سڵاو لە گیانی... بمرێ... سەرکەوێ... بۆ پێشەوە بەرەو... چینی کرێکار یەك گرن. خانمی »س« ژمارە تەلەفوون... هەرکەسێ دەیهەوێ خۆش رابوێرێ بەم ژمارەیە پێوەندی بکات. وات لێهاتبوو ئاودەستت لە هەموو شوێنێك پێ خۆشتر بوو. چاوەیەکت جێ دەهێشت و کەڵکەڵەی دیتنی چاوەیەکی تر دەکەوتە سەرت. ئاودەست بەشی هەرەزۆری کاتی ژیانتی داگیر کرد. بێ ئەوەی کاری دەس بەئاو گەیاندنت هەبایە لە ناو ئاودەستەکان دادەنیشتی. بەناو شیعارەکان دا دەگەڕای. دڵەڕاوکێی سەیر دایدەگرتی. ئاخۆ سەرەداوی کام نووسراوە بگری. باشترین و سەربڕترین رێگا ئەوەبوو بە شوێن تەلەفوونی خانمی »س« دا بڕۆی. لە کیوسکی تەلەفوونە گشتیەکانی ناو شارەوە دەستت پێکرد.گوشیەکەت هەڵگرت. ئەنگوستت ساویە ژمارەکان. پێنج، شەش، دوو،... . دووود، دووود، دووود. دەنگێکی نێرانە لەو بەر تەلەفوونەکە وەڵامی دایەوە: فەرمووو... بەڵێ فەرمووو... ئەلۆ... . تا ئەو کاتەی زانیت ئەم ژمارەیە بۆ چەواشەی کەسانی وەك تۆ لە ئاودەستەکان نووسراوە، بە هەڵکەوت چەند ژمارە تەلەفوونی ترت گرتبوون. ئافرەتی دەنگ ناسك و چەند جاریش سوێر قسە وەڵامیان دابوویەوە. ئەم تەلەفوونانە وایان لێ کردی زۆرجاران لەسەر نۆبەی کیوسکی تەلەفوونەکان ئامبازی چرۆچاوی هەرزەکاران بی. دەنگە ناسك و گەرم و باریکەکان وەك تەزووی کارەبا لەشتیان دەهەژاند. خەو و خۆراکت ببوە تەلەفوون. ئەو دەنگانەی هەرگیز خاوەنەکانت نەدیبوون، هەریەکەو قەڵافەتێکی کچانەی بە دڵی خۆتیان لێ ساز دەبوو. کچانی دەسکردی دەنگ. ئەمجارەیان بە خەیاڵ هەموو ئاودەستەکانت بەسەر دەکردەوە. لە سەر شیعاری بۆ پێشەوە بەرەو... لەنگەرت گرت. تێکۆشان بۆ رزگاری خوێن و لە خۆ بووردوویی دەوێ. سەر دانان لە پێناوی نیشتمان سەر بەرزیەو پشووی درێژ و خۆ راگری گەرەکە. کاتی زەردەپەڕە. هەرکە تاریك دابێ بە هۆی زانیاریت لە سەر ناوچەکە دەتوانی خۆت لە گەمارۆ دەرباز کەی و بگەڕێیەوە. باوەشی هاوسەنگەرانت. بۆنی توندی باڕووت و ویزەی گوللە و گیزەی ئەو تەلیسمە بەردانەی بە زەبری گوللە دەپەرین و گەرم داهاتنی لوولەی چەکی دەستت، بەدیهێنەری سووکە ترسێك بوون نەکا بەرلە تاریکان بپێکرێی و وەك دوێنێ ئێوارەی هاوڕێکەت تەرمت بخرێتە سەرشانی ئەوانەی ئێستا چاوەنواڕی گەڕانەوەتن. ورده ورده تاریکی شەوێکی هەوراوی راوی ئاخر پەلەقاژەی رووناکی خۆری بەرەو ئاوابوونی دەنا. بەء نابەدڵی ئاخر دەراغی تفەنگەکەت گۆری. ئاگادار نەبی فیشەکت تەواو دەبێ. هەست رادەگری. تەقە دوور دەکەوێتەوە. بۆ ماویەك خۆت مەڵاس دەدەی. کە ئەرخەین بوون کوژراوی، دور کەوتنەوە. کە ئەرخەین بووی دوور کەوتوونەتەوە، بۆ هەستانەوە خۆت هاویشتە سەر ئەژنۆکانت. بە هۆی دانیشتنی سەر لە نیوەڕۆ وە، قاچەکانت تەزیون. بە زەحمەت فێری رۆشتنیان دەکەیەوە. بەسپایی بەرەو شوێنی دیاری کراو هەنگاو دەنێی. فەرمانی وێستانت پێ دەدرێت. وشەی تێپەرین دەڵێی. لە وەڵامدا وشەیەکی تر دەبیسیەوە. بە گوتنەوەی جوابی وشەکە ئیزنی تێپەڕینت پێ دەدرێ. دوای سەر ژمێری یەکێ لە هاورێیان وتاری بۆ دان: »ئێمە وازمان لە ژیانی ئاسایی هێناوە. لەبەر چاومانە وەك دوێنێ تەرمی دۆستانمان بە خاك ئەسپارد ...« پرتە و بۆڵە لە ناو ئاپۆرەکە دا بیستنی وتارەکەی ئەستەم کردبوو. بۆت نەدەکرا بە سەر بیرەوەریە ناخۆشەکانتدا پازدەی و ئەوانی خۆشتر گوڵبژێر کەی. بە سەر بیەرەوەریەکی ناخۆش دادەکەوی: تا ئەو ساتە دەریات نەدیبوو. لە ناو دەریاوە تا چاو هەتەر دەکا دنیا شین دەچێت. ئەو شینایە لە دوورترین شوێن لە گەڵ شینایی ئاسماندا تێکەڵ دەبنەوە و وادێتە بەر چاو ئاسمانیش هەر دەریایە. کاتێك قاچاچیەکان ترسیان لەپاسەوانانی سنوور برا، ئیزنیان دا بۆ نوێ کردنەوی پشوویەك لە بن بار و بەرمیل و ئاسنەواڵە و فەردە ئاخنراوەکان بێنەوە دەر و بۆ چەند ساتێك چاوتان بە دەریا بکەوێ.

ئەوشەوەی لە بارەکە گەڕایەوە، خەو لەچاوانت زڕا. لەم ژوورەی بە ناوی یەکێ لە دۆستانت کرێت کرتبوو، تا کازیوەی بەیانی بە دیار خەون وختووره و بیرەوەریە کۆنەکان و ترسێکی گران لە داهاتوودا گێنگـلت دەدا. زەنگی دەرگاکە لە حەژمەت تەوژمی قامکی قورسی نەناسراوێك زریکاندی. دەرگات کردەوە. هەردووکیان پێناسەیان پێشان دای: » فەرموو بۆ ئیدارەی پۆلیس.«

بەر لەوە سواری فرۆکە بی، خۆت لە مابەینی ئاسمان و زەوی دا دۆزیەوە. بەر لە فڕین فڕیبووی. فڕین بەرەوشوێنێکی ون، بەرەو بۆشایی، بەرەوهەڵواسران لە بەینی ئاسمان و زەویدا. لە بۆشاییەکدا کە سەنگ و قورسایی نامێنێ.قاچ و دەست و هیچکام لە ئەندامەکانی لەش توانای جوڵانەویان نابێ و دەستەڵات لە بچووکترین مانای خۆیدا بێ‌مانایە. لە مابەینی خەو و بێداریدا دەنگی میوانداری فڕوکە دەبیسی:» پشتبێنەکانتان ببەستنەوە، ئەوەندەمان نەماوە بگەینە فرۆکە خانە، فرۆکە دادەبەزێت.« دا دەچڵکێی، وەك ئەوە گۆزێك ئاوی ساردت پێدا کرابێ هەناسەت سوار دەبێ و ژان ئەندامەکانی لەشت دادەگرێتەوە. پێستی لەشت دەزوولە دەکا. سەر و پۆتەڕاکی شێواو و چرچ و لۆچی روومەتت لە سەر لە تە شووشەکانی ناو زبڵ و زاڵەکە قێز وبێزت دەوروژێنن. چەند ئەوەندەی زبڵەکە قێزت لە خۆت دەبێتەوە. کۆی کۆنە پەڕۆ و لەتە مقەبا و شووشە شکاوەکان ئەوەندەی تر دەشێوێنی.

***

تریفە سادقی:

## جگە لە نووسینی شێعر خەریکی نووسینی چیرۆکی منداڵانم

تریفە سادقی شاعیرە،شاعیرێکی بە تەمەن مناڵ بەڵام بە خەیاڵ و روانین و بە تایبەت ئەو کاتەی کە شێعرت بۆ دەخوێنێتەوە گەورە دەنوێنێ.تریفە چەند رۆژ لەوە پێش سەردانی"ئەدەب و هونەر"ی کوردستانی کرد،جیا لەوەی چەند شێعرێکی بۆ خوێندینەوە بە شێوەیە باسی هیندێ لە خەون خولیاکانی خۆشی بۆ کردین.



من ناوم تریفە سادقی یە و خەڵکی شاری بۆکانم و تەمەنم ئێستا ٩ ساڵە.
من تەمەنم ٧ ساڵ بوو کە فێری نووسین و خوێندنەوەی کوردی بووم پاشان لە کلاسەکانی ئەدەبی حەزم لە شێعر بوو.ئەوکات تەنیا شێعر و چیرۆکم دەنووسی. بەڵام ئێستا بە شێوەیەکی باش خەریکی نووسینی شێعرم. زۆر دەستخۆشی لە مامۆستا خۆشەویستەکانم دەکەم.
یەکەم شێعرم بۆ مێرولە نووسیوە:

**مێرولەم و مێرولە**
**وردیلەم و بچکۆلە**
**دەست و لاقم باریکە**
**شارەکەی من تاریکە**
**نان کۆ دەکەم بۆ زستان**
**بەفر دەگرێ دەرک و بان**
**زستانێ بێمە دەرێ**
**دەست و پێم هەڵدەوەرێ**
**مێرولەم و مێرولە**
**خۆشم ناوێ مێشولە**

دایکم و باوکم و یایی (تروسکە) و مامۆستاکانم زۆر هاوکاریان کردووم.
جگە لە نووسینی شێعر خەریکی نووسینی چیرۆکی منداڵانم.
حەز دەکەم لە داهاتوودا ببم بە مامۆستای زانکۆ. بۆ ئەوەی خزمەت بە وڵاتەکەم بکەم.
لە کۆتایی دا هیوادارم هەموومان، هاوپۆلەکان و ئێوەش باش بخوێنن تا بتوانن خزمەتێك بە نەتەوەکەی خۆتان بکەن.

## بەرهەمی نوێ




**ئەم کتێبە بریتییە لە شیکردنەوەولێکدانەوەی"هونەری وەرگێران".بەشی یەکەمی تەرخان کراوە بۆ باسی یاسا و بنچینەکانیوەرگێران.دووهەم کۆمەڵێك بەرهەمی وەرگێڕدراو بە هۆی ژمارەیەك وەرگێڕی ناو بە دەرەوەی ئێران.**

**وەرگێڕ بۆ کوردی:**
**قادر وریا**

## ئەزموون

**کاوە شەریفی**

شارەوانی ئەو شارە پیاوێکی خاوەن بیر و هۆش بوو. رۆژێك بڕیاری دا خەڵکی شارەکەی تاقی بکاتەوە، هەر بۆیەش، لە یەکێك لە شەقامەکانی سەرەکیی شار دا بەردێکی گەورەی دانا تا هەڵوێستی خەڵك بەرامبەر ئەو کارە ببیسێت. خەڵکێکی زۆر بەلای بەردەکە دا تێدەپەرێن، هێندێکیان بەلایانەوە گرینگ نەبوو. هێندێکی تر کاتێك دەگەیشتنە بەردەکە چاوێکیان لێ دەکرد و رێگای خۆیان دەگۆری!!

هێندێکی تر دەیانبۆلاند و هێندێکی تر دەیانگوت: شارەوانیی ئەو شارەی ئێمە چەندە بێ مووبالاتە، باشە ئەوە وەزعە ئێمەی تێدااین، بەو حاڵەشەوە هیچ کامیان زەحمەتی وەلا بردنی بەردەکەیان نەدەدا بەر خۆیان!! ئێوارە کاتی گەرانەوەی خەڵك بۆ ماڵ پیاوێکی کرێکار کە ماندوویی لە دەم و چاوی دەباری بەو شوێنە دا تێپەڕی. بە دیتنی ئەو بەردە لەسەر رێگای خەڵکی زۆر نارەحەت بوو، لەبەر خۆیەوە چەند قسەی گوت بەو کەسەی کە ئەو کارە ناحەزەی کردووە.

بە هەر زەحمەتێك بێت بەردەکەی لەسەر رێگای هات و چووی خەڵکی دوور کردەوە، جانتایەکی چووکە لەژێر بەردەکە دا بوو. جانتاکەی کردەوە بینی کە پڕ لە پارەیە. لەنێو پارەکان دا کوتە کاغەزێك سرنجی بۆ لای خۆی راکێشا، کاتێك کردیەوە و خوێندیەوە تێیدا نووسرابوو: هەر کەند و کوسپێك دوتوانێت شانسێك بێت بۆ گۆرینی رەوتی ژیانی مرۆڤ.

# یاسای بنچینەیی عێراق،
# بڕگەیەکی دیکە لە پرۆسەی رۆژهەڵاتی ناوینی گەورە

محەممەدجەمیل کولاهی

یاسای بنچینەیی‌گرینگترین سەرچاوەی بڕیاردان‌و بەڕێوەبەردنی وڵاتەکە بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی وڵات دەنووسرێتەوەو ویست‌و داخوازییە بنەڕەتییەکانی پێکهاتە نەتەوەیی، ئایینی‌و کولتورییەکان دەسنیشان دەکات‌و لە کاتی پێکهاتنی دەوڵەت ، وڵات یان گۆڕانی سیستمی دەسەڵاتدا دەبێ بنووسرێتەوە. یاسایەکی بنچینەیی کە لەسەر شێوازی دێموکراتیك داڕێژرا بێت لە لایەکەوە ئاسۆیێکی روون دەخاتە بەردەم سەرجەم پێکهاتەکانەی وڵات‌و لە لایەکی دیکەوە هۆکارێکە بۆ نەهێشتنی بێ سەرەو بەرەیی‌وسەر لیشێوازی لە نێو کومەڵگەداو دەبێتە بەربەستێك لەسەر رێگای دەرچوونی هەرچەشنە یاسایەك کە بایەخە مروڤی‌و دێموکراتیکەکان بباتە ژێر پرسیار، هەر بەو پێیەیە کە یاسای بنچینەیی لە وڵاتانی ئازادو دێموکراتیکدا لە خزمەتی بەرەو پێش چوونی پروسەی دێموکراسیدایە، بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتووو دیکتاتور لێدراودا تەنیا لە خزمەتی پاراستنی بەرژەوەندی توێژی دەسەڵاتدارداییە و دەستی ئەو لایەنە کە دەسەڵاتی بە دەستەوەیە بۆ سەرکوتی لایەنەکانی دیکەی نێو کومەڵگاکە ئاوەڵا دەهێڵێتەوە. بە ئاوڕدانەوەیەك لە مێژووی هەشتا ساڵەی پێکهاتنی دەوڵەتی عێراق ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێ، لەو کاتەوەکە عێراق بنیات نراوە چەندین یاسایی بنەڕتی کاتی‌و هەمیشەیی، بۆ بەڕێوەبەریی ئەو وڵاتە داڕێژراون کە لە هەموویاندا کەم تا کۆرتێك ئاماژە بە مافەکانی گەلی کورد کراوە، بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئەو مافانە بۆجێ‌بەجێ نەکراون؟ هۆکارەکانی چی بوون؟

دەتوانین بڵێین باشترین زامن بۆ جێ‌بەجێ بوونی یاساو دابین بوونی مافی پێکهاتە نەتەوەیی، ئایینی‌و کەلتوورییەکان هەبوونی دێموکراسی‌و دەسەڵاتێکی گەلی‌و دێموکراتیکە، کە جێگیر بوونی ئەو سیستمە لە هەر وڵاتێکدا بەستراوەتەوە بە رادەی بەشداریی خەڵك لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات‌و دیاریکردنی چارەنووسی وڵاتەکەیاندا. بۆیە بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر مێژووی دەوڵەتەکانی دەسەڵاتدار لە عێراقدا بە روونی دەردەکەوێ کە سەرەکیترین هۆکاری جێ‌بەجێ نەبوونی ئەو یاسایانە نەبوونی دێموکراسی‌و زاڵبوونی عەقڵییەتێکی داخراوو دابڕاو لە کومەڵگەو بەدوور لە راستییەکانی نێو پێکهاتەی عێراق بەسەر ئەو وڵاتەدا بووە، جیا لەوە هەبووونی بیری بەرتەسکی شوڤێنیستی لەلای دەسەڵاتدارانی رێژیمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بووە کە جیا لە نەتەوەیی عەرەب چاوی دیتنی نەتەوەکانی دیکەیان نەبووە، بۆیە مەسەلەی دانانی یاسای بنەرەتی بۆ وڵاتێك دەبێ هەر لەو روانگەیەوە چاوی لێ بکرێت‌و پیویستە ماددەو بەندەکانی بە شێوەیەك دابڕێژرێن کە لەگەڵ راستیی پێکهاتەی وڵاتەکەو بایەخە مروڤی‌ونەتەوەیی‌یە سەردەمیانەکاندا ناتەباییان نەبێت‌و وا نەبێت کە کومەڵێك لە دەرەوەی ویست‌و بەرژەوەندی‌و تایبەتمەندییەکانی‌کۆمەڵگەوە باس لەسەر ئەو یاسایە بکەن‌و دایبڕێژن. بە سەرنجدانێك بەچۆنییەتی داڕشتنی یاسای بنەڕەتیی ئەمجارەی عێراق بە پێچەوانەی جارەکانی پێشوو کومەڵێك کەسایەتی وەك نوینەرانی چین‌و توێژەکان، پێکهاتوو لە کورد، عەرەبی سوننی‌و شیعە، تورکمان، کلدان، ئاشووری‌و سەرجەم قەوارە سیاسییەکانی عێراق لە نووسینی یاسای بنەرەتیی عێراقدا بەشدار بوون، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەو یاسایە ویست‌و بەرژەوەندی‌و بۆچوونی سەرجەم نەتەوەو ئایین‌و قەوارە سیاسییەکانی عێراقی تا رادەیەکی بەرچاو بەخۆیەوە گرتوە، کە نە تەنیا لە عێراق بەڵکوو لە رۆژهەڵاتی ناوینیشدا شتێکی بێ‌وێنەیە. بێجگە لەوە چەندین تایبەتمەندیی بەر چاوی دیکە هەیە کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئەوە یەکەم یاسای بنەڕەتییە کە عێراق بە وڵاتێکی فێدراڵی،پارلەمانی‌و دێموکراتی پێناسە دەکات، وەك لە یەکەمین ماددەدا هاتوە. دەڵێ ((کۆماری عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆ و شکودارە، سیستمی حوکمرانی تێیدا کۆماری پارلەمانی، دێموکراتی، فێدراڵییە.)). کە ئەمە خەونی لە مێژینەی نەتەوەکانی عێراق‌و یەك لەوان، کورد بوو کە دەیان ساڵە بۆی تێ دەکوشی‌و هاوکات دژیی بیرو بۆچوونی دیکتاتورانەی بەعس‌و شوڤێنییەتی عەرەبە کە دەیان ساڵ بوو بێ‌بەزەییانەو بێ‌گوێدان بە مافی هاووڵاتی‌و بەرژەوەندیی نەتەوەکانی‌ترو بە دوور لە هەموو پێوانە مودێڕن‌و دێموکراتی‌و نێونەتەوەییەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتبووو بەو پەڕی ناعەداڵەتیەوە دەسەڵات‌و داهاتی ئەو وڵاتەیان لە چنگی خۆیاندا کۆ کردبۆوەو هەموو ئەو دەنگانەی کە دژ بەو کردەوە دزێوە بوون بە دڕندانەترین شێوە کپیان کرد بوون. بەڵام ئێستا بەجێ‌گیربوونی ئەو یاسایە هەر وەك لە بڕگەو ماددەکانی دیارە، دەسەڵات‌و داهاتی عێراق بەسەر هەموو نەتەوەکانی عێراقدا دابەش دەبێت. تایبەتمەندییەکی گرینگی دیکەی ئەو یاسایە ئەوەیە کە دەسەڵات لە قۆناخی دیکتاتوریی فاشیستی بەعسەوە

**دەبێ هەموو کاتێك ئەوەمان لەبیر بێت کە هەر قوناخێك جورێك خەبات‌و تێکوشانی دەوێ‌و هەر قوناخێك شێوە دەسکەوتێکمان بۆ بەدی دەهێنێت**

دەگوازرێتەوە بۆ قۆناخێکی نوێ کە لەسەر بێژەی دێموکراسی، مافی مروڤ و پێکەوە ژیان دانراوە. بە تێپەڕ کردنی ئەو قوناخە رەش‌و پڕ لە مەینەتییە کە تێیدا وشەی دێموکراسی گیانێکی مردووی بە بەردا کرابووو لە سەرجەم بایەخە مروڤییەکان‌و ئەوانەی کە پێوەندییان بە نیشتمان‌و خودی تاکەکانەوە هەیە، بێجگە لە ترس‌و دڵەڕاوکێ هیچ شتێکی لێ بەدی نەکرا، ئێستا عێراق بەرەو دابینکردنی بەرژەوەندی گشتیی گەلانی ئەو وڵاتە دەڕوات‌و دروشمی پێکەوە ژیانی دڵخوازانە بوەتە بڕگەیەك لە یاسای بنەرەتیی عێراق، کە ئەمە بۆ خۆی دەسکەوتێکی مێژووییە بۆ گەلانی عێراق بە گشتی‌و کورد بە تایبەتی، ئەگەر سەردەمانێك ترس ببوو بە کەلتوورو هەموو چین‌و توێژەکانی کومەڵێ عێراق بە غەیری چینێکی تایبەت لە ژێر دەسەڵاتی بەعسدا دەیانناڵاند، ئێستا دێموکراسی‌و رێزگرتن لە مافی مروڤ دەبێتە بەشێك لە یاسای بنچینەیی عێراق. تایبەتمەندییەکی دیکە کە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەن ئەوەیە کە ئەو یاسایە لە رێگای دەنگی خەڵکەوە دەچەسپێ‌و گرینگییەکەی ئەوەیە ئەو یاسایە

**دەتوانین بڵێین باشترین زامن بۆ جێبەجێبوونی یاساو دابینبوونی مافی پێکهاتە نەتەوەیی، ئایینی‌و کەلتوورییەکان هەبوونی دێموکراسی‌و دەسەڵاتێکی گەلی‌و دێموکراتیکە، کە جێگیربوونی ئەو سیستمە لە هەر وڵاتێکدا بەستراوەتەوە بە رادەی بەشداریی خەڵك لە بەرێوەبردنی دەسەڵات‌و دیاریکردنی چارەنووسی وڵاتەکەیاندا**

بەرپرس‌و ڕای خەڵك‌و لایەنەکانی نێو پێکهاتەی عێراق پەسەند دەکرێ کە لە ڕابردوودا هەر لە سەردەمی پاشایەتییەوە بگرە تاکو سەردەمی بەعس ئەو بوارە نەرەخسا بوو، کە لە مادەی١٣٩ی یاساکەدا دەڵێ ((ئەم دەستوورە بەکار پێکراو دەژمێردرێت، دوای رەزامەندیی گەل بە ڕاپرسی گشتی (رێفراندم) لەسەری‌و بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیداو دەست بە کار بوونی حکوومەتی پێکهاتوو بە پێ ئەم دەستوورەوە)). لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە لە دیباجەی یاسای بنەرتیدا هاتوە کە یەکپارچەیی خاکی عێراق بەستراوەتەوە بە جێبەجێ کرانی تەواوی بەندو ماددەکانی ئەو یاسایە،کە ئەمە بۆ خۆی بەربەستێکە لە بەردەم ئەو کەسانە کە بیانەوێ ئەو یاسایە بە قازانجی خۆیان پێشێل بکەن‌و جێ‌بەجێ نەکردنی ئەو یاسایە بە پێی ئەو وتەیە کە لە دیباجەکەدا هاتو دەتوانێ عێراق بەرەو پارچە پارچە کردن ببات.

لەگەڵ ئەو هەموو خاڵە بەهێزانەو ئەو تایبەتمەندییە باشانەی کە ئەو یاسایە لە خۆی گرتون، بەو حاڵەش لە لایەن هێندێك لە پێکهاتەکانی عێراق بە تایبەتی عەرەبە سوننیەکان‌و هێندێك لە لایەنە کوردەکان ڕوو بە ڕووی رەخنەو گازندە بۆتەوە، بۆیە کاتێك کە لەسەر بڕگەو ماددەکانی ئەو یاسایە باس دەکرێت‌و چونییەتی دابین‌بوونی ماف‌و بەرژەوەندی لایەنە جوراوجورەکانی پێکهاتەکانی عێراق لەو یاسا بنەڕەتییەدا دەخرێنە بەرباس، هەر کەس‌و لایەنێك بەجۆرێك ڕای لەسەر دەردەبڕێت. عەرەبە سوننیەکان کە لە سەدا بیست‌وپێنجی (٢٥٪) حەشیمەتی عێراقیان پێك هێناوە. بە هۆی ئەوەوە کە بە درێژایی مێژووی عێراق دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووەو بەسەر تەواو پێکهاتەکانی عێراقدا زاڵ بوون. لە شێوەی داڕشتنی ئەو یاسایە نارازین، چوونکە بە پێی ئەو یاسایە چی دیکە ناتوانن وەکوو پێشوو بەسەر عێراقدا زاڵ ببنەوە، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر عەرەبە شێعەکانیش وەکو کوردەکان هەرێمێکی فێدراڵ پێك بێنن، سوننییەکان دەکەونە ناوچەیەکەوە کە لە باری سەرچاوە ژێر زەوینییەکانەوە بە تایبەتی نەوت لە چاو دوو هەرێمەکەی دیکە زۆر فەقیرترە. هەر لە بەر ئەو خاڵەیە سوننەکان دژایەتی لەگەڵ چەسپاندنی فێدراڵی دەکەن، چوونکە وای بۆ دەچن کە ئەگەر فیدراڵی بچەسپێ یان رۆژێك ئەو دوو هەرێمە سەربەخۆیی ڕابگەیەنن سوننییەکان لە باری ئابووری‌و سیاسییەوە بە توندی لاواز دەبن‌و دەکەونە پەراوێزەوە. بۆیە حیزب‌و لایەنە سیاسییە سوننییەکان بەوپەڕی توانایانەوە تێ دەکوشان کە ئەو یاسانە نەچەسپێ‌و بە شێوەیەکی بەربڵاویش پروپاگەندەیان بۆ دەکرد. هەر لەبەر ئەو هۆیە بوو کە رادەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کەبەویاسانە دەنگی ((نا)) یان دا عەرەبی سوننی مەزهەب بوون. بەڵام ئەو پڕوپاگەندانە بە

ئاکام نەگەیشتن. لە ئاکامدا خەڵکی عێراق بە زۆرینەی دەنگ‌و بە کۆی ٧٨/٥٩٪ ی دەنگەکان لە ریفراندومی١٥/١٠/ ٢٠٠٥ دا بە یاسای بنەرەتیی عێراق ((بەڵێ)) یان وت‌و ئەو یاسایەیان چەسپاند. لە بەرامبەر عەرەبی سوننەدا کە لە سەرەتای دامەزراندنی عێراقەوە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە، نەتەوەی کورد بەدی دەکرێ کە بە درێژایی مێژووی ئەو وڵاتە لە پێناو دێموکراسی‌و مافە رەواکانی خۆی‌دا خەباتی‌کردوە، کورد لە باری کولتوورییەوە بە تەواوی نەتەوەیەکی جیاواز لە عەرەبەو لە سەردەمی رووخانی ئیمپراتوریی عوسمانی‌دا بە زۆرە ملێ لە لایەن زلهێزەکانی ئەو کاتەوە بەشێك لە کوردستان بە بەشێك لە خاکی عەرەبییەوە لکێندراو ناسناوی عێراقی پێ‌درا. بە چاوخشاندنێك بە مێژووی عێراق‌دا دەردەکەوێ کە هەر لە سەرەتای دامەزرانی ئەو وڵاتەوە کورد کەوتوەتە بەر پەلاماری دڕندانەو شوڤینستانەی عەرەب‌و کوردیش بۆ پاراستنی کولتوورو شوناسی نەتەوەیی خۆی بەردەوەدام خەباتی کردوەو بۆ ئەوەی وەکوو نەتەوەیەکی سەربەخۆ بمێنێتەوەو ناسنامەی نەتەوەیی‌یەکەی نەسڕێتەوە، لە ئاستە جیاجیاکاندا راپەڕین‌و شورشی زۆری بەرپا کردوە، بۆ وێنە شورشی شێخ مەحموودی نەمر، شورشی ئەیلوول، شورشی گوڵان‌و راپەڕینی ١٩٩١. بەهۆی کوڵنەدانی کوردو راپەڕینە یەك لە دوای یەکەکانی دژی رژیمە دەسەڵاتدارەکانی عێراق بە هەزاران گوندو دەیان شارو شارۆچکەی کوردستان سووتێنران‌و کاولکران‌و خەڵکەکەیان بە زۆر راپێچی کەمپە زۆرە ملییەکان کران، هەشت هەزار بارزانی بێ سەرو شوین بوون، سەدوهەشتادودوو هەزارکەس ئەنفال کران، حەلەبجەو ناوچەکانی دەوروبەری کەوتنە بەر پەلاماری چەکە کیمیاوییەکانی رژیمی بەعس‌و هەزاران کەس لە خەڵکی سیویل وبێ تاوان گیانیان لەدەستداو بوونە قوربانی‌و... بۆیە ئێستا مافی خۆیەتی کە یاسایەك دابڕێژرێت کە لە سایەی ئەو یاسایەدا کورد بحەسێتەوەوبە ماف‌و داخوازییە رەواکانی خۆی بگات. بەڵام هێندێ کەس‌و لایەنی کوردی بە بێ گوێدان بەو هەڵکەوتە سیاسییەی کە کوردی عێراقی تێدایە هێندێ دروشمیان هەڵگرتوە کە لەگەڵ ئەو راستییانەی کوردستانی عێراق یەك ناگرنەوە، بەڵێ ئەو خەباتەی کورد کردوویەتی‌و ئەو هەموو نرخەکە کورد داویەتی‌و ئەومەینەتییانەی کە لە ساڵانی پێش ئێستا تووشی کوردی ئەو پارچەیەی کوردستان بوونەتەوە، لە سەربەخۆی کەمتر شیاوی نیە، بەڵام راستی شتێکەو خەون‌و خەیاڵ شتێکی دیکەیە. "لە سیاسەت کردندا، یان هەموو شتێك یان هیچ، هەڵەیە" واتە "سیاسەت هونەری بەدیهێنانی مومکێناتە." بۆیە ئێمە دەبێ لە بوارگەلی جۆراوجۆرەوە چونییەتیی دەستەبەرکردنی ئەو ماف‌و داخوازییانە

بە شێوەیەکی سیاسییانە تاوتوێ بکەین هەتا تووشی هەڵە نەبین. یەکێ لەو خاڵانە کە دەبێ لە بەر چاو بگیرێن هەڵکەوتی جوغرافیایی خاکی کوردستانی عێراق‌و بواری ژێئوپولێتیکە، بە چاو لێ کردنێکی نەقشەی جوغرافیایی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین دەبینین کە کوردستانی عێراق لە نێوان سێ دەوڵەتی ئێران، عێراق، سووریەدا هەڵکەوتوە، کە ئەو سێ دەوڵەتە بۆ خویان لە داگیر کەرانی کوردستانن‌و بەشێك لە خاکی کوردستانیان داگیر کردوە، کە دەیان ساڵە بە دڕندانەترین شێوە خەڵکی کوردستان سەرکوت دەکەن‌و بۆ بەرپەرچ دانەوەی شورشەکانی کورد سنووری مرۆڤایەتی نەماوە نەی‌بەزێنن، بۆیە لە بەرژەوەندەیی ئەو وڵاتانەدا نییە کە کوردی کوردستانی عێراق نە تەنیا بە سەربەخۆیی بەڵکو بەلانی کەمی مافەکانی خویشی بگات، چوونکە هەر گۆڕانێك کە لە کوردستانی عێراقدا بە قازانجی ئەو بەشە لە گەلی کورد بچەسپێ لە بەشەکانی دیکەی کوردستان رەنگدانەوەی هەیەو راستەوخۆ هەرەشەیە لەسەر قازانجی دیکتاتۆرەکانی ئەو سێ وڵاتە، بۆیە ئەو سێ دەوڵەتە بەو پەڕی توانایانەوە تێ دەکوشن کە دەڵەتێکی سەربەخۆ لەو پارچەیەی کوردستاندا پێك نە هێنرێ، لێرەدایە کە ژێئوپولێتیك‌و هەڵکەوتی جوغرافیایی شتگەلێك کە بە دڵخوازی نەتەوێك نین بە سەریدا دەسەپێنن. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە عێراق ئەندامی کومکاری عەرەبەو بۆیە جیا لەو سێ دەوڵەتە کە کوردیان تێ دایە ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی لە عەرەبەکانی عێراق پشتیوانی دەکەن‌و نە تەنیا لەگەڵ

**بۆیە ئەگەر کورد لەو قوناخەدا توانی بنەمایەکی ئابووریی پتەوو بازەرگانییەکی بە هێزو بەربڵاو لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە دابمەرزێنی، دەستەبەربوونی مافەکانی دیکەی راستییەکی حاشا هەڵنەگرە.**

سەربەخۆیی کوردستان بەڵکوو لەگەڵ فێدراڵیزمیش دژایەتی دەکەن، کە ئەویش بۆ خۆی قورسایی خوی هەیە. خاڵێکی زەق‌و بەر چاوی دیکە ترسی وڵاتانی دەوروبەری عێراق لە رەوشی دێموکراتیزاسیونی ئەو وڵاتەیەو ترسی ئەوەیان هەیە کە ئەو پروسەیە لە داهاتوودا ئەو وڵاتانەش بگرێتەوە، بۆیە بە دەستێوەردان لە بارودوخی نێوخوی عێراقدا نەك هەر دەیانەوێ کورد بە مافەکانی خۆی نەگات، بەڵکوو دەیانەوێ سیستمێك بە ناوی فێدراڵی لەو وڵاتەدا سەقامگیر نەبێ، چوونکە لە هەمووی ئەو وڵاتانە کەمایەتی نەتەوەیی‌و ئایینی هەن‌و ترسی ئەوەیان لێ نیشتوە کە کوماری عێراقی دێموکراتی فیدراڵ ببێتە نمونەیەك بۆ کەمایەتییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوان، بۆیە ئێستاشی لەگەڵ بێ بەدوای چەسپاندنی ئەو یاسایەشدا دەیانەوێ بارودوخەکە لە رێگای تێکدانی ئاسایشی نێوخوی عێراقەوە بە هۆی یارمەتیی تیروریستەکان بە قازانجی خویان تێك بدەن بەلە بەر چاو گرتنی ئەو خاڵانەو ئەو راستییە کە نەتەوەی کورد وەکوو عەرەب پشتیوانێکی ئەوتۆی نیە کە پشتی پێ ببەستێ دەبێ هەموو کاتێك ئەوەمان لەبیر بێت کە هەر قوناخێك جورێك خەبات‌و تێکوشانی دەوێ‌و هەر

قوناخێك شێوە دەسکەوتێکمان بۆ بەدی دەهێنێت بە تایبەتی کاتێك بە روونی دەبینین کە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوین رووی لە ئاڵوگۆڕێکی قووڵ‌و شەپولەکانی دێموکراسی خەریکە وڵاتانی ناوچەکە دەگرنەوە. بۆیە ئەوەی لەو ئاستەدا لە یاسای بنەرەتیی عێراقدا بۆ کورد دابین کراوە، لانی‌کەمی مافەکانیەتی، لەم بارەیەوە بەرێز مەسعوود بارزانی سەروکی هەرێمی کوردستان لە ژمارەی ١٩٤٤ رۆژی ١٢ /٢٠٠٥/١٠ی رۆژنامەی خەباتدا دەڵێ "ئەم دەستوورە هەموو مافەکانی ئێمەی بەدی نەهێناوە، بەڵام لەم قوناخەدا لەوە زیاتر مومکێن نیە، بە واتایەکی‌تر لەم قوناخەدا مەسەلەی پێشمەرگەو داهات‌و چارە سەرکردنی گرفتی کەرکوك لە ماوەیەکی دیاری کراوداو ناساندنی زمانی کوردی بە زمانی رەسمی لە هەموو عێراق‌و لەسەر هەموو نووسراوەیەك، هەروەها سەربەخویی دادگاو بوونی سەروکی هەرێمی کوردستان‌و ئەنجومەنی وەزیران‌و پەرلەمان، لەویش گرینگتر رەتکردنەوەی هەر بڕیارێك کە لە بەرژەوەندی کوردستاندا نەبێ‌و سەربەخویی هێزەکانی ناوخۆو... تاد، ئاماژەیە بەوەی توانیمان لەم ماوەیەدا زۆر مەرجی گرینگی‌خومان بکەینە دیفاکتو." بۆیە کورد دەبێ بۆ وەدیهێنانی سەرجەم مافەکانی قوناخ بە قوناخ بڕواتە پێش‌و لە هەلومەرجی نەگونجاودا لەسەر هەمووی داواکانی پێ‌دانەگرێت چوونکە رەنگە ئەوەیش کە وەدەستی هێناوە بەفیڕو بڕوات. لەو ئاستەدا یاساییکردنی بەشێك لە مافەکانی کورد لە یاسای بنەرەتیی عێراقدا سەرەتایەکی باشە بۆ ریگا خۆش کردن بۆ دەستەبەرکردنی سەرجەم مافەکانی‌گەلی کورد بە تایبەتی لە کاتی رەخسانی هەلی نێودەوڵەتیی گونجاوترو گورانی عەقلییەت‌و شیوەی بیرکردنەوەی نەتەوەکانی دەوروبەری کورد بەرامبەر بە چارەسەری کێشەی کورد، کە ئەویش بە دوور نیە چوونکە ئەوە پروسەیەکە کە دەستی پێ‌کردوە بەرەو ئەوە دەروات کە نەقشەی رۆژهەڵاتی ناوین بگورێت‌و دەستی زلهێزەکانی دنیا لەوانە ئەمریکای لە پشتەو بەرژەوەندی ئەو وڵاتە زلهێزانە لە دێموکراتیزە کردنی وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین‌دایەو پرۆسەی رۆژهەلاتی ناوینی گەورە کە لە لایەن ئەمریکاوە هاتۆتە ئاراوە، ئامانجی دێموکراتیزە کردنی ئەو وڵاتانەیە کە عێراق یەکێ لەوانەیەو لە دوا رۆژیشدا شتی زۆری نەك هەر بە قازانجی کوردی کوردستانی عێراق بەڵکوو بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش تێ دایە، هەر لەبەر ئەوەیە کە کورد نابێ بڕواتە بەرەی ئەو لایانانەوە کە دژ بە سەقامگیری و ئاشتی لە عێراقن، بەڵکوو دەبێ خۆی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانە کە بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا لە ناوچەکە روودەدەن رێك بخات‌و بە پاراستنی یەك ڕێزی‌و پتەوتر کردنی ئێرادەی سیاسیی خۆی دەبێ خوی بۆ هەر چەشنە هەل‌ومەرجێکی گونجاوی ناوچەیی‌و نێودەوڵەتی ئامادە بکات تا بەشێکی دیکە لە مافەکانی کە هێشتا بەدی نەهاتون دەستە بەر بکات، ئەوە لە لایەك‌و لەلایەکی دیکەوە ئەو هێمنی‌و ئاسایشەی کە بەسەر کوردستاندا باڵی کێشاوە دەبێ بە هەموو توناوە بپارێزرێت تاکوو کۆمپانیا بیانییەکان رووکەنە کوردستان‌و بە دانانی سەرمایەو یارمەتیی، بزاڤی ئابووری کوردستان گەشە بسێنێ چوونکە بزاڤی ئابووریی هەر وڵاتێك لە سایەی دوو مەرجی سەرەکی یا واتە ئازادیی سیاسی‌و بوونی ئاسایش‌و هێمنی پەرە دەستێنێ، کە ئێستا ئەو تایبەتمەندییانە لە کوردستانی عێراقدا بەدی دەکرێن. بۆیە ئەگەر کورد لەو قوناخەدا توانی بنەمایەکی ئابووریی پتەوو بازەرگانییەکی بە هێزو بەربڵاو لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە دابمەرزێنی، دەستەبەربوونی مافەکانی دیکەی راستییەکی حاشا هەڵنەگرە. چوونکە بە دامەرزاندنی دەزگای ئابووریی پێشکەوتوو دەبێتە خاوەن قورساییەکی ئەوتو کە هیچ کەس‌و لایەنێك ناتوانێت، مافەکانی لەبەرچاو نەگرێت.

❊❊❊

# نەتەوەو ناسیونالیزم لە دیمانەیەك

## لەگەڵ حەسەن ئەیوب زادە (گۆران)دا

دیمانە: عەولا بەهرامی

بەشی چوارەم و کۆتایی

**پ: ئەگەر یەکەم قۆناغی پێکەوە ژیانی کوردو ئەو وڵاتانەی کوردی بەسەردا دابەش کراوە فیدرالیزم بێ (وەك جەنابیشت باست کرد) ئەو سیستەمە فیدرالیی یا فیدرالییانە دەبێ چۆن بن کە کورد بتوانێ لەوان دا وێڕای کۆتایی هێنان بە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، ناسنامە نەتەوایەتییەکەشی بپارێزێ؟**

**و:** من فیدرالیزم بە دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی پێناسە دەکەم یانی ئێمە ئەگەر ئەو ئەسڵە قبووڵ بکەین ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، ئەوە ئەو حەقە دەدا کە دەسەڵاتی سیاسی لە نێوان ئەو نەتەوانەدا دابەش بکەین.

فیدرالیزم بەمانای دابەشکردنی دەسەڵاتی ناوەندی، ئەوە ئەسڵێکی حاشا لێنەکراوە. ئێمە ئەگەر وەکوو نەتەوە دەمانناسن، وەکوو نەتەوە خۆمان بە نەتەوە دەزانین بۆشمان هەیە کە لە دەسەڵاتی ناوەندیدا بەشدار بین. هیچ ڕێگایەکی دیکە نیە. ئەگەر ئێمە بە قەوم پێناسە دەکەن و نەتەوەی دەسەڵاتدار بە میللەت ئەوە سیاسەتێکە مەربووت بە رابردووو دەوری نەماوەو خەلاس بووە. کەمیی یا زۆریی ئێمە لە ئێران دا بە مانای ئەوە نیە کە ئێمە ئەوە قبووڵ بکەین کە فارس میللەت بێ و کورد قەوم بێ. ئەگەر بینا لەسەر کەمیی و زۆری بێ، خۆ زۆر میللەتی دیکە هەن جەمعییەتیان لە سێسەد هەزار نەفەر زیاتر نیە تەنانەت لە دوو سەدهەزاریش تێناپەڕن بەڵام پێناسەی میلليی خۆیان هەیە، ئێمەش وەك کورد ڕەنگە لە چاو فارسەکان لە باری کەمیەتەوە ئەوندە نەبین، بەڵام ئێمە بەشێکین لە نەتەوەیەکی چل میلیۆنی. یانی ئەگەر حیسابی بکەی بە هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران کە پێکەوە سەرجەم نابنە ئەندازەی نەتەوەی ئێمە لە هەر چوار پارچەکە. کەوابوو پێناسەکردنی ئێمە وەك قەوم کە بەشێکین لە نەتەوەیەکی چل میلیۆنی لە ڕاستیدا غەدرێکی گەورەیە کە ئێمە بۆخۆمان لە خۆمانی دەکەین، ئەگەر قبووڵی بکەین. ئەو غەدرەش پێم وا نیە وەچەی ئێستای ئێمە ئیدی قبووڵی بکا. ئەگەر تا ئێستا ئاوا پێناسەکراوە. ئەحزابی سیاسییش کە تۆ دێیە سەریان تەماشا دەکەی تەنیا حیزبی توودەیە لەسەرەتادا کە گوتی ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، ئەوانی دیکە هیچ کام لە ئەحزابی سەرتاسەری ئێمەیان وەك میللەت پێناسە نەکردوە. لە نێوەکانیان ڕا دەردەکەوێ چریکی فیدایی خەڵکی ئێران یانی هەموو خەڵکی ئێران دەبێتە خەڵکی کرێکار، ئەتۆ لە نێویدا دەبێ بتوێیەوە گەلی کورد نیە، مەوجوودییەتی نیە، سازمانی موجاهیدینی خەڵقی ئێران هەموو خەڵکی ئێران دەبنە ئیسلام و تۆ لە نێو ئەوان دا دەتوێیەوە، ئەتۆ هۆویەتی میللەتت نیە، جەبهەی میلليی ئێران، هەموو خەڵکی ئێران یەك جەبهەیە ئەتۆ دەبێ چوارچێوەی ئەوەی خۆتدا خۆت جێبکەیەوە حیزبی میللەتی ئێرانی فرووهەر ئەساسەن موعتەقیدە بەوەی میللەتان وجوودیان نیە یەك میللەت هەیە ئەویش میللەتی ئێرانەو باقی دیکە دەبێ ویستەکانی ئەو بەڕێوەبەرەێ، واتە



ئێرانی بوون، حیزبی پان ئێرانیست، لەولای ئەو حیزبە میللەتێك بە ناوی کورد ئەگەر هەبێ ئەوە ڕەسەنایەتیی ئەو لەوەدایە کە ئەو ئێرانییە، دەبێ ئەو فەرهەنگەی کە بە فەرهەنگی ئێرانی ناو دەبرێ لە خزمەتی ئەودا بێ یانی ئەوە پێناسەیەکە کە بۆ ئێمەیان داناوە لە ئێران دا. ئەوە دەوری نەما، خەلاس بوو. ئێستا ئەوەی کە ئێمە خوازیارین لە ئێران دا هەبێ بۆ ئەو مەرحەلەیە فیدرالیزمێکە کە تەقسیمی دەسەڵات و قودرەت بکا. بەو شێوەیە کە کورد بەشێك لە دەسەڵاتی هەبێ نەك ئەوەی کە بە نێوی دێمۆکراسی، دروست ئەو حاڵەتەی بەسەردا بسەپێتەوە، کە ئێستاکە هەیە. چۆن مەسەلەن؟ کەسانێك هەن دەڵێن ئەگەر هاتوو لە ئێران دا دێمۆکراسی جێگیر بوو کورد بە مافی خۆی دەگا. بە پێچەوانە، من پێم وایە دێمۆکراسی بۆ وڵاتێکی فرەگەلی بە مانای مانەوەی دەسەڵاتی نەتەوەی فەرمانڕەوایە. نموونەیەك دێنمەوە، ئێمە ئەگەر ١٣ دەرسەدی جەمعییەتی ئەو وڵاتەین، ئازەرییش ٢٢ دەرسەد، فارسیش ٤٤ دەرسەد، عەرەب ٣ دەرسەد، بەلووچ ٢ دەرسەد ئەگەر بەشێوەیەکی دێمۆکراتیك هەڵبژاردن بکەین بۆ وێنە نوێنەری خۆمان دەنێرینە مەجلیس بۆ نموونە ئێمە دەمانەوێ کارخانەی ئاسن تواندنەوە لە کوردستان چێ بکەین چونکە ئێستا لە سەرتاسەری ئەو کوردستانەو ئەو شوێنانە کە کوردی لێیە یەك کارخانەی لێنیە کە پەنجا نەفەری کرێکار هەبێ. ئێمە

**دێمۆکراسی بۆ وڵاتێکی فرەگەلی بە مانای مانەوەی دەسەڵاتی نەتەوەی فەرمانڕەوایە**

***

**باشترین ڕێگاش ئەوەیە کە ئێمە سازمانێکی نێونەتەوەیی دابنێین بۆ کورد، مۆرکی میللەتی کوردی پێوە بێ، نەك حیزبێکی سیاسی**

دەمانەوێ پێش بەوە بگرین کە خەڵکەکەمان دێهاتەکە چۆڵ بکا بچێ بۆ شارەکانی دیکەی فارس نشین یا وڵاتەکانی دیکەو لەوێ ببێتە کارگەری کوورەخانە. ئێمە دەمانەوێ کۆتایی بەوە بێ. دەمانهەوێ کارخانە دابنێین لە وڵاتەکەی خۆمان کە ئەو کارگەرە بێت جەزبی ئەو کارخانەیە بێ. مەسەلەن کارخانەی ئاسن تواندنەوە. ئەگەر دەسەڵاتێکمان نەبێ دەسەڵاتی سیاسیمان نەبێ، دەسەڵاتی ئیقتسادیمان نەبێ هەموو بەرنامەکان لە مەرکەزەوە بەرنامەی بۆ دابنرێ نوێنەرانی ئێمە لە مەجلیس دا ناتوانن دەنگی پێویست بۆ ئەو مەسەلەیە وەدەست بێنن و بەم شێوەیە هیچ وەختێك ئێمە ناتوانین کارخانەیەکی ئاسن تواندنەوە لە کوردستان دا دابنێین کەوابوو وەزعەکە هەر بەم شێوەیە دەمێنێتەوە. دێمۆکراسییەکە بۆ من ڕێگا حەل نیە لێرەدا دێمۆکراسی بۆ وڵاتێکی کە یەك نەتەوەی تێدا هەیە ئەوە ئیدئالە ئەوە بەو مانایە نیە کە من دژی دێمۆکراسی بم نەك تەنیا دژی دێمۆکراسی نیم بەڵکوو خوازیاری دێمۆکراسیم . بەڵام وەختێکی کە من چوارچێوەیەکی کوردیم هەیە بەشێکی ئیقتسادیی جیاوازم هەیە بەشێکی سیاسیی جیاوازم هەیە، لە دەوڵەتی مەرکەزی کە من دەتوانم لەوێدا کاروبارەکەی خۆم بە شێوەیەکی دێمۆکراتیك حەل و فەسڵ بکەم، دەنا من خوازیاری دێمۆکراسیم لایەنگری دێمۆکراسیم، لایەنگری ئەوەم کە هیچ جیاوازییەك لە وڵاتەکەی من دا نەبێ، خەڵك بتوانن ئازادانە بیروباوەڕی خۆیان دەربڕن، بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، بۆ ویژدانی خۆیان بڕیار بدەن، ئەمن لایەنگری ئەوەم، بەڵام ئەتۆ وەك شکڵێك ئەگەر بتهەوێ لە دێمۆکراسی ئیستفادە بکەی بۆوەی حەق دابین بکەی، دێمۆکراسی حەق دابین ناکا لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی دێمۆکراسی شکڵێکە لەو ئەشکالە حکوومەتییەی کە تۆ دەتوانی ڕێگا حەلی پێببینیەوە. ئەو دێمۆکراسییە لە وڵاتێکی فرە گەلیدا ناتوانێ موشکیلەی نەتەوەی ئێمە چارەسەر بکا.

ئێمە یەك موشکیلەمان هەیە موشکیلەی نەتەوەیییە، موشکیلەی نەتەوەییمان پێناسەکردنی خۆمانە ئەوەش وەختێك تەزمین دەکرێ کە ئێمە لە باری سیاسییەوە هۆویەتی موشەخەسی خۆمان هەبێ. مادام هۆویەتی سیاسیی ئێمە ناموشەخەس بێ ئێمە هیچ وەخت ناتوانین بەو حەق و حقووقەی کە ئینسانی و نەتەوەیییە دەبێ هەمانبێ، بگەین. کەوابوو ئەو فیدرالیزمەی کە من پێی موعتەقیدم دابەشکردنی دەسەڵاتە، دابەشکردنی ئیقتسادە، دابەشکردنی هەموو ئوموورێکە بە حاکمیەتەوە ئیرتباتی هەیە یانی دابەشکردنی حاکمیەت بە مەعنای وەسیعی خۆی. چوارچێوەیەکی موشەخەس ئەوەی کە بەڕێوەبەرانی حیزبە سیاسییەکانی کورد لە باشووری کوردستان باسی دەکەن.

فیدرالیزم لە سەر ئەساسی جوغرافیایی نەتەوەیی، ئەوە بە بڕوای من بەشێکە لەوە نەك ئەوەی کە من دەڵێم دابەشکردنی حاکمیەت یا دەسەڵاتی سیاسی تێیدا هەیە، بەڵام نەتەوە ئەمن خوازیاری فیدرالیزمێکم کە حاکمیەت یا دەسەڵاتی سیاسی لەودا موشەخەس بێ بۆ کورد بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش.

**پ: دوایین پرسیار: وەك دەزانین هەلومەرجێکی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بە تەواوی جیاواز بۆ کورد هاتۆرتە گۆڕێ و ئەم هەلومەرجە نوێیە هەڵگری کۆمەڵێك دەرفەتە بۆ کورد، کورد چۆن دەتوانێ لە دەرفەت و زەمینە ڕەخساوەکانی ئەم هەلومەرجە نوێیە بەهرەمەند بێ؟**

**و:** هەلومەرجەکان هەر وەك لە پێشەوە باسمان کرد لە حاڵی گۆڕان دان، هەلومەرجێکی کە ئێستا کوردی تێدایە جیاوازە لەو هەلەمەرجە کە لە سەردەمی ئینقلابدا هەبوو یا پێش ئەوە هەبووە. شەرایەتەکە گۆڕدراوە لە باری جیهانییەوە من دەمهەوێ بگەڕێمەوە سەر ئەوە ئیشارەیەکی موختەسەر بکەم ،پاش تێکچوونی بەرەی سوسیالیستی پاش یازدەی سێپتامبر ئەسڵەن کەشوهەوایەکی دیکەی سیاسی هاتۆتەگۆڕێ، هەروەکوو شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی کە دەوڵەتان هاتن حدودی سوڵتەو قەڵەمڕەوو حاکمیەتی خۆیان لە نێو وڵاتەکانی دیکەدا دیاری کرد. لە ڕاستیدا دەوڵەتە گەورەکان کە هاتنە سەر تەقسیمی جوغرافیایی سیاسیی جیهان، هەرکام بەشی خۆیان موشەخەس کرد، دوای هەر گۆڕانێکی سیاسی، دوای هەر تێکهەڵچوونێکی نێودەوڵەتی، ئەو دەوڵەتانە دادەنیشن سیاسەتی خۆیان دادەڕێژنەوە. ئێستا ئەو هەلە ڕەخساوە. دەبینین لە کاتی شەڕی عێراقدا ئورووپاییەکان ڕازی نەبوون بەو شەڕە، نارەزایەتییان نیشاندا، ئێستاش حازر نین کە ئەوە قبووڵ بکەن کە ئەمریکا بە تاقی تەنیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا یەکەم قودرەت بێ. رووسەکانیش قبووڵی ناکەن دەستیان بە نەوعێك حەرەکەت دژی ئەمریکاییەکان کردۆتەوە. ئێستا کە دەبینین رووسەکان دەیانهەوێ خۆیان بکێشنەوە خاوەرمیانەو داوا دەکەن کە دەستیان لە چارەسەرکردنی کێشەی عەرەب و ئیسرائیلدا هەبێ و ئەوان ببنە شەریك لە مەسەلەکەدا، ئورووپاییەکانیش هەروەتر. ئەمریکاییەکان دەیانهەوێ بە شێوەیەکی دیکە وەزعی جیهان بگۆڕن، وەزعی شوورای ئەمنییەت بگۆڕن وەزعی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بگۆڕن یانی بە بڕوای ئەوان پێداچوونەوەیەکی نوێ پێویستە لە سیستمی سیاسیی جیهان دا. سیاسییە جیهانییەدا ئێستا بۆشاییەك هەیە، کورد دەبێ لەو بۆشاییە ئیستفادە بکا، خوێندنەوەی خۆی بێنێتە گۆڕێ. ئێستا لەسەر کوردو

**کەمیی یا زۆریی ئێمە لە ئێران دا بە مانای ئەوە نیە کە ئێمە ئەوە قبووڵ بکەین کە فارس میللەت بێ و کورد قەوم بێ**

ئەو وڵاتانەی کە ئێمەی تێدایین ئەو ناوچانەی کە ئێمەی تێیدایین بڕیارێکی سیاسی نەدراوە. چۆن ئەو بەرژەوەندییە سیاسییە دابەش دەکرێ ئایا وەکوو پێشوو وڵاتانی ئورووپایی دێنە گۆڕێ، رووسیە ئەو حەقەی هەیە یا ئەساسەن یەك وڵات وەك ئەمریکا. بۆشاییەکی سیاسی هەیە ئێستا دەبێ دای بڕێژینەوە. دەوڵەتان پێداچوونەوەی خۆیان هەیە هەرکام بۆ ئەوە، ئینگلیسییەکان لەگەڵ ئەمریکاییەکان ئێستا لە یەك خەت دان ئورووپاییەکانی دیکە نەهاتوونەتە نێو ئەو کێشەیەوە لە دەرەوە ڕاوەستاون حازر نین هاوبەشی بکەن، ئەمریکا خوازیاری ئەوەیە ئەوان بەشداری بکەن بەڵام داوای بەشێکی زیاتر دەکەن. لەو مەقتەعە زەمانییەدا، لەو قۆناخەدا کە ئێمە ئێستا تێیدایین کورد دەبێ. لە ڕاستیدا لە چ جێگایەك دا بێ، ویستی ئێمە خواستی ئێمە توانای گەلی ئێمە دەبێ ئەوە بسەلمێنێ کە ئەوە نیە کە لە رابردوودا بووە ئەگەر قەراردادی سیڤەر بە قازانجی میللەتی کورد دەردەچێ پاش چەند ساڵ تورکان دێن بە قازانجی خۆیان وەری دەگرن لەو وڵاتانەی کە شەڕیان بردۆتەوە. لە مەقتەعێك دا وڵاتانی دژ بە ئیمپراتۆریی تورکان دێن بە پێی خوێندنەوەیەکی تازە ئەو وڵاتانە دابەش دەکەن. وەختێك کە دابەشیش دەکرێ بەشێك بۆ کورد دابین دەبێ وەکوو قەراردادێ لە سیڤەردا هاتبوو، بەڵام چەند ساڵ دواتر ئەو وڵاتانە دێن لە سەر ئەوەی کە لە سەر کورد ئەو موعاملەیە

**[گرنگترین شت ئەوەیە] گەلی ئێمە بەو قەناعەتە بگا کە سازمانێکی نێونەتەوەیی دابنێ بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی نەتەوایەتیی کوردو بۆ دابینکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی**

بکەن، ئیمتیازەکە دەدەنەوە بە تورکیە بۆ ئەوەی کە لە بەرابەر سۆڤیەت دا دای بنێن. ئەو خوێندنەوەیە هی ئەو سەردەمە بوو. ئێستا شەڕی دژە پاش تێکچوونی یەکیەتیی سۆڤیەت وەکوو قودرەتی دووهەمی جیهانی و هاتنەگۆڕێی ڕووداوی وەك یازدەی سێپتامبر و سەرهەڵدانی تیرۆر لە جیهان داو لێك هەڵوەشانی زۆر لە سیستمە دیکتاتۆرییەکان خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ جیهانی سیاسی پێویستە کە لێرەدا تەنیا دەوڵەتە گەورەکان ئەو نەخشەیان هەیە. لە بیرمان نەچێ زانایەکی بەناوبانگی سیاسی دەڵێ چارەنووسی گەلانی ڕۆژهەڵات لەوپەڕی دەریاکان ڕەقەم لێدەدرێ و دەنووسرێ. ئەوانەی کە لێرە بیردەکەنەوە پێیان وایە کە چارەنووسی گەلانی ڕۆژهەڵات لە خودی ڕۆژهەڵات دا دەنووسرێ زۆر شارەزا نین لە سەر مەسایل. بۆیە ئێستا کورد دەبێ خۆی بناسێنێ وەکوو نەتەوەیەك. تا تۆ داوا نەکەی خەڵك بۆتۆ داوا ناکا. هیچ دەوڵەتێکی بەقودرەتی جیهانی نایە بۆتۆ داوا بکا کە تۆ چت دەوێ تا ئەو بڕیاری لەسەر بدا! مەبەستم ئەوەیە ئێستا کورد دەبێ خۆی پێناسە بکا چی دەوێ لەم جیهانەدا. تەبیعییە لە بەرژەوەندی وڵاتانیش دا نیە دژی کورد هەڵوێستیان هەبێ.

بە کورتی لە بەرژەوەندی وڵاتە گەورەکان دا نیە وڵاتی دژایەتیی پێك هاتنی کیانێکی نەتەوەیی بۆ کورد بکەن، چونکە کورد نیشانی دا ئامادەترین وڵاتە بۆ وەرگرتنی دێمۆکراسی، بەجەرگترین میللەتە بۆ ئەوەی کە دەست لە هێندێك بۆچوونی کۆنەپەرستانەی رابردوو هەڵبگرێ، دەست لەو فکرە کەللە ویشکانەیە هەڵبگرێ کە لە هێندێك وڵاتانی دەوروبەر دا هەیە، سەربازێکی بەوەفای دێمۆکراسییە، خوازیاری مافی مرۆڤە، خوازیاری ئەوەیە کە یارمەتی بکا بە تەمەدونی جیهانی، دژی سەنعەت نیە، دژی بۆچوونی باشی ئینسانیە، کەوابوو باشترین دۆست و هاوخەباتی ئەو میللەتانەن کە لە ڕێی دێمۆکراسیدا حازر بە فیداکارین. کەوابوو ئەوە لەسەر کوردە خۆپێناسە بکا، پێناسەیەکی دیکە بداتەوە بە جیهان، لەسەر مافی نەتەوەیی خۆی پێداگرێ و داوا بکاو تا داواش نەکا هیچ کەس حازر نیە بێت شتی بۆ داوا بکا، ئێمە کە بۆخۆمان داوا نەکەین کەس داوامان بۆ ناکا. کەوابوو لەسەر ئێمەیە داواکانمان قووڵتر بکەین، لێك نزیکتری کەینەوە. ئەوەش ئیمکانی نیە، مەگەر مادام ئێمە بۆخۆمان لەگەڵ یەك بە تەفاهوم نەگەین، باشترین ڕێگاش ئەوەیە کە ئێمە سازمانێکی نێونەتەوەیی دابنێین بۆ کورد، مۆرکی میللەتی کوردی پێوە بێ، نەك حیزبێکی سیاسی، ئەگەر ئەو حیزبە سیاسییانە بیانهەوێ نفووزیشیان هەبێ نفووزیان هەبێ، بە شێوەیەکی غەیرە موستەقیم بێ [گرنگترین شت ئەوەیە] گەلی ئێمە بەو قەناعەتە بگا کە سازمانێکی نێونەتەوەیی دابنێ بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی نەتەوایەتیی کوردو بۆ دابینکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی.

***

# وەڵامێك بە بیر کردنەوەیەکی ئەنتیکەی دیموکراتیك!

ن: دوکتور حسێن خەلیقی
بەشی یەکەم
و: رەسووڵ سوڵتانی

داریوشی هومایوون سکرتێری حیزبی مەشرووتەخوازانی ئێران وتارێکی لەژێر ناوی "یەك نەتەوە یەك ولات" لە رێکەوتی ١٢ی ئوکتوبری ٢٠٠٥دا بڵاو کردەوە کە لە سایتێکی ئینتێرنێتی دا خوێندمەوە.

لەبەر ئەوەی تۆزوخوڵی خۆ بەزلزانی و کۆنەپەرەستی‌یەکی تەواو وتارەکەی داپۆشیبوو، ویستم برێك تۆزوخوڵی لێ بتەکێنم، بە مەرجێك گوێی بیستنی هەبێ.

لە سەرەتادا بە پێی مەزنە و لێکدانەوەکانی خۆی کە لە ناخی کولتووره رزیوەکەیڕا سەرچاوە دەگرێ، سەبارەت بە ویستی فیدراڵی کە بە قەولی جەنابیان "رێکخراوە قەومی یەکان" داوای دەکەن دەڵێ: بەر لە فیدراڵی کردن، ئێران دەبێ لەتوکوت بکرێ. با لەپێشدا پێی بڵێم ئەگەر تەپوتوزی ئەم کولتووره سەدەی نێوەراستییە بەرچاوی نەگرتوە، بەرێزیان دەبێ بزانن کە چەندین ولاتی فیدراڵ لە جیهاندا هەن‌و لەتوکوتیش نەکراون، بۆ وێنە کانادا، هێندوستان، ئەمریکا، ئەلمان، عێراقی نوێ و... .
دووهەم ئەوەی کە مەسەلە و باسی نەتەوە دەگەرێتەوە بۆ سەدەیەك لەوە پێش لە ناوچەی ئێمەدا، لە ئۆرووپاش سەدەکانی نێوەراست و بەشێك لە مێژووی خەڵك ناسیی. ئەگەر لەسەر ئەم باوەرەش کە لە ئێران دا نەتەوەگەلی جۆراوجۆر بە ناسنامەی کولتووریی جیاوازەوە هەن، ئەوە بۆچی سەردێری "یەك ولات و یەك نەتەوە"ی بۆ وتارەکەی هەڵ بژاردوە؟ دەی ئەگەر فارس بە نەتەوەیەك دەزانێ، ئەوە چۆن و بە چ پێوەرێك ئەو نەتەوانەی کە جیاوازن لە فارس هێناونی و دەگەڵ فارس خستوونیە مەنجەڵێکەوە و دەیهەوێ لە کولتوورێکدا بیانکولێنێ و یەك نەتەوەیان لێ ساز کا؟ لە شوێنێك کە نەتەوەکان بە زمانێك بدوێن و خاوەنی یەك رابردووی مێژوویی و کولتوورین، دەکرێ ئەو کارە بکەی.

ئەو دەمەی رەزاخانی میرپەنج گەڵاڵەی نەتەوەی ئێرانی داڕشت و بە هێزی شمشێر و بێ هیچ راپرسییەك هومایون گوتەنی، بە "اقوام ایرانی" ناچاری کرد بە زمانێك بنووسن و بخوێنن و تەنانەت یەك شێوە شەکیش بپۆشن، هیچ هێزێك توانایی بەرەنگاربوونەوەی ئەم زوڵم و ستەمانەی نەبوو. بەڵام هەر وەك دیتمان پاش هەرەسهێنانی ئەم دەسەڵاتە دوو حکوومەتی نەتەوەیی لە کوردستان و ئازەربایجان و لەنێو سنووری ولاتدا دامەزران کە لە راستیدا وەڵامێك

> **جەنابی هومایون میراتی ڕەزاخانی وەك "نووشتەکەی ئەبوو دووجانە" لەسەر شانی داوەو خەبەری لە تێپەڕین و ڕەوتی زەمان و گۆڕانکارییە جیهانی‌یەکان و هاتنەئارای چەمك و پێوانەگەلی نوێ بۆ پێکەوە ژیان و مافی یەکسان نیەو لەگوێی گادا خەوتوە**

بوون بۆ داخوازیی لە مێژینەی دوو نەتەوەی کورد و ئازەری.

بەڵام ئێستا کە جەنابی هومایون میراتی ڕەزاخانی وەك "نووشتەکەی ئەبوو دووجانە" لەسەر شانی داوە و خەبەری لە تێپەڕین و ڕەوتی زەمان و گۆرانکارییە جیهانی‌یەکان و هاتنە ئارای چەمك و پێوانەگەلی نوێ بۆ پێکەوە ژیان و مافی یەکسان نیە و لەگوێی گادا خەوتوە.

دواتر، باسی لە هێنانە گۆڕی ئەو دروشمەی کردوە و ئەوەی کە ئەو شتانە دەبنە هۆی لەناو چوونی هاوکاریی خەباتکارانی ئازاد و مافی مرۆڤ و ئەوەش تەمەن درێژیی کۆماری ئیسلامیی لێ دەکەوێتەوە. با لەپێش دا لێی بپرسین مەگەر خەبات لە پێناو مافی مرۆڤ دا، بە مانای قبووڵ کردنی مافی نەتەوەیی و داخوازییە دیمۆکراتیکەکان نیە؟ لە راستی دا، خەباتی ئەم ئۆپۆزێسیونانە دروشمدان و تاوانبار کردن و تومەت لێدان لەوانی دیکەیە. خەڵکی کوردستان ماوەی مانگو نیوێك لەپێناو دەستەبەر کردنی مافە رەواکانیان و بە مەبەستی بەسزا گەیاندنی جەنایەتکارانی کۆماری ئیسلامی، بەهۆی سووکایەتی بە تەرمی شەهیدان، راپەرین و خوێنیان دا، بفەرموو کام یەك لەو خەباتگێر و رێکخراوە بەناو شورشگێرانەی باسیان دەکەی تەنانەت دڵۆپە خوێنێکیان بەخشی؟ جەنابی هومایوون لە وتارەکەیدا لە پارچە پارچە بوونی ئێران تۆقیوە و زەندەقی چووە، سەیر نیە، چونکە شاهەنشا گەورە و سەروەرەکانی بەرێزیان گەلێ جار ئەم خاکە بەرینەیان لەتوکوت کرد، ٣ لەسەر ٤ی خاکی کوردستان لە شەڕی چالدێراندا، ئەفغانستان لە سەردەمی شاسولتان حوسێنی سەفەوی، ١٧ ئەیالەتی قەفقاز لە سەردەمی فەتحعەلیشا قاجار و هەروەها بەحرەین لە سەردەمی شای ئاریامێهر دا.

ئەم لەتوکوتکەرە ترسنۆك و دیکتاتورانە کە خاکی ئێرانیان لەبری ترس و بەزینی خۆیان داوە، وایان هومایون و هاوبیرەکانی راهێناوە کە بەجێی زیندوو کردنەوەی تەرمی ئەوان و تاوانبار کردنیان بە لەتوکوت کردنی ولات، هێرش دەکەنە سەر بەرماوەی نەتەوەو خاکی بەجێماو و هەر بۆیە بە بیستنی ناوی نەتەوەکانی ئێران تەزوویەکی ساردیان بەلەشدا دێ.

پرسیار، ئایا ئازەربایجان، ولاتی جارانی ئەنجوومەنەکان، ئێستا خاوەنی حکوومەتی نەتەوەیی هەن یا نا؟ دەکرێ بە خەڵکی تورکمەنستان و ئازەربایجان بڵێین نەتەوەی تورکمەن و ئازەربایجان یان نا؟

ئەگەر دەکرێ‌و واقیعییەت سەلماندویەتی، ئەدی بۆچی ئەو بەشانەی ئەو دوو نەتەوەیە کە لە ئێراندا ماونەتەوە، نەتەوە نین‌و قەومن؟

ئەگەر سەفەوی‌یەکان لە بری بەزینی پڕ لە شوورەیی خۆیان خاکی کوردستانیان بە خەلیفەی عوسمانیدا، گوناحی خەڵك‌و ئەم ولاتە لەتوکوتکراوە بە ئەستۆی کێیە؟

جەنابی هومایوون، با بە راشکاوی‌و بە بێ پێچو پەنا پێت بڵێم، کە ئەوە ئەم چەشنە بیروکە و رووبەروو بوونەوە دەگەڵ کێشەی چارەنووسسازی نەتەوەکانە لە ئێراندا، کە دەراوی پارچەپارچە بوونی ئێران خۆش دەکا. دەنا ئەگەر ئێمە هەر وەك چۆن ئیددیعای سەقامگیریی مافی مرۆڤمان لە ولاتەکەماندا هەیە، ئاواش هەستێکی مرۆڤانیی بەرزمان هەبێ، لەو بوارەشدا هیچ دڵەراوکێ‌و ترسێکمان نابێ‌و ئەوەی بۆ خۆمان حەزمان لێیەتی بۆ خەڵکی دیکەشمان پێ خۆش دەبێ.

دیارە دەگەڵ دروشمەکانمان یەك ناگرینەوەو لە ناخماندا جۆراوجۆریی کولتوور و فرەنەتەوەییمان قبوول نیە، هەر بۆیەش زۆر بێجێ لێکدانەوەو بەراوردی لۆژیکی لە شتەکان دەکەین.

لە بەشێکی دیکەدا دەڵێ: "تەواوی ئەو حەول‌و تەقەللایانە بۆ وەیە کە نەتەوەکانی ئێران هەرچی حەزیان لێیەتی راپێچەکی دەن‌و بیبەن‌و لەسەر لەتوکوتی ولات تێك بەربن". سەرەتا ئەوەیکە ئەو خەڵکەی لەوێ دەژین خاوەنی هەر ئەم خاکەن کە بە درێژایی مێژوو لەسەری ژیاون، کەوابوو بۆ کوێی بەرن؟ نەکا چاوەڕێ بن زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران

> **حیزبی واقیعبین ئەو حیزبەیە کە لە بارودۆخی جۆراوجۆرو گونجاودا دروشمەکەی بگۆڕێ. دووهەم ئەوەیکە ئەگەرچی ئەم ئاڵوگۆڕانە لە هەر حزبێکدا نیشانەی چالاکیی دەروونیی ئەو حیزبەن، بەو حاڵەشەوە حاشا لە کاریگەریی هۆکارە دەرەکی‌یەکان ناکرێ**

ولاتی باوو باپیرانیان بەجێ بهێڵن‌وبە تۆ و هاوبیرەکانتی بسپێرن؟ ئەوجار سەبارەت بە گۆڕینی دروشمی خودموختاری بۆ فیدراڵی: بوونی ئامریکاو دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی باشوور لە عێراق بە هۆکاری گۆڕانی ئەم دروشمەی بە قەولی خۆی رێکخراوە قەومی‌یەکان زانیوە، کە دیارە مەبەستی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و رێکخراوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانە. ناوبراو ئەوەی بە "سووڕاندنی قەڵەمێك" ناو بردوەو دەڵێ: "سبەی رۆژێ بە سووڕی قەڵەمێکی دیکە دەبێتە سەربەخۆیی".

با لە پێشدا بڵێین کە ئەویش‌و ئەوانی دیکەش ئاگادار بن کە حیزبی واقیعبین ئەو حیزبەیە کە لە بارودۆخی جۆراوجۆرو گونجاودا دروشمەکەی بگۆڕێ. دووهەم ئەوەیکە ئەگەرچی ئەم ئاڵوگۆڕانە لە هەر حزبێکدا نیشانەی چالاکیی دەروونیی ئەو حیزبەن، بەو حاڵەشەوە حاشا لە کاریگەریی هۆکارە دەرەکی‌یەکان ناکرێ. هەر خودی جەنابی هومایون باشتر دەزانێ کە گۆڕانی رێژیمی سەڵتەنەتی لەساڵی ١٩٧٩ لە ئێراندا زیاتر ئاکامی گۆڕانی سیاسەتی هەر ئەم ئەمریکایە بوو کە هەم هۆکاری دەرەکی بوو هەم ئەوەندەش بەهێز بوو کە بۆ دەرچوونی ئاغاکەی هومایون چرکە ژمێری دەکرد. هەر ئێستا بۆ خۆشی‌و رێکخراوەکەشی‌و رێکخراوە هاوچەشنەکانیشی لە دەرەوەی ولات چاوەڕێی خوای ولاتن کە وەك ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ئەمجارەش کوڕی شا بگەڕێنێتەوە سەر تەختی دەسەڵات، کەچی لەو لاشەوە چاوەڕێ بوونی خەڵك بۆ هاتنی ئەمریکا بە حەرام دەزانن.

***

---

درێژەی هەواڵەکان

## چالاکیی تەبلیغی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە شارەکانی کوردستان

### سنە

ماوەیەك لەمەوبەر ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە شاری سنە کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتییان لە شێوەی بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی‌و نووسینی دروشمی حیزبی‌و شۆڕشگێرانە لەم شوێنانەی خوارەوەدا بەڕێوە برد:

گەڕەکەکانی حاجی‌ئاوای سەرووو خواروو، کارئامووزی‌و قوتابخانەی سەعدی

### شنۆ

رێکەوتی ١٣٨٤/٨/١٢ ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە شاری شنۆ لە چالاکییەکی تەبلیغاتی‌دا وێنەی شەهیدانی رێبەر، پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندییان لەگەڵ ئاڵای کوردستانیان، لەم شوێنانەی خوارەوەدا بڵاو کردەوە.

گەڕەکی حەنەفیان، گەڕەکی مەلاتەها، شەقامی مام تەمەرو دەورووبەری، مزگەوتی مام تەمەر، پشتی هونەرستانی کچانەی شەرەف، سەلیم ئاوای سەرێ، رەحیم ئاواو دەورووبەری مزگەوتی حەزرەتی ئادەم‌و دەورووبەری مزگەوتی مەلا هەمزە

### کامیاران

رێکەوتی ١٣٨٤/٨/١، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە شاری کامیاران لە چالاکییەکی تەبلیغاتی‌دا دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی‌و نووسینی دروشمی حیزبی‌و نەتەوەیی لەم شوێنانەی خوارەوەدا:

تەپەی پیرمحەممەد (لای بنکەی هێزی ئینتیزامی)، رووبەرووی ئیتلاعات، کۆڵانی ١٢ میتری، شەقامی بەهەشتی، شەقامی خومەینی (خوار چوارڕای ئەسڵی‌و سوپا)، قوتابخانەکانی سومەیە، فەهمیدەو تەعریف، شەقامی بەهەشتی (کۆڵانی عەلی موڕادی)، دەورووبەری دەبیرستانی کچانەی غەفاری‌و شەقامی تەورێز:

ئەو دروشمانەی کە نووسرابوون بریتین لە:
- بژی حیزبی دێموکرت
- سڵاو لە خوێنی پاکی شەهیدان
- هەر شەکاوە بێ ئاڵای کوردستان
- لەسەر گڵکۆی شەهیدان ئاڵای کوردستان هەڵ کەین

### سەلاس‌و باوەجانی

چەند رۆژ لەمەوپێش ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەردوو شارۆچکەی سەلاس‌و باوەجانیی لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا لەسەر رێگای "خانەسوور" ـ سەلاس‌و رێگای گوندی "نگرە" ـ سەلاس لە سەر جادەکان‌و تابلۆکانی سەر رێگا ئەم دروشمانەی خوارەوەیان نووسیوە:
- بژی حیزبی دێموکرات ئاڵاهەڵگری خەبات
- قاسملوو قاسملوو، رێگات درێژەی هەیە
- سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب‌و گەل

### نەغەدە

شەوی ١٣٨٤/٨/١٢، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری نەغەدە لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا تراکتی حیزبی‌و وێنەی شەهیدانی رێبەریان لە چەند شوێن‌و گەڕەکی شاری نەغەدەدا بڵاو کردەوە. ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغاتی‌یان تیا کراوە بریتین لە:

دەورووبەری مزگەوتی حاجی خدر، دەورووبەری مزگەوتی سەید عەبدوڵڵاو گەڕەکی فەرهەنگیان.

# کۆنفرانسی ئێرانی نەناسراو، بوارێکی دیکە بۆ فێدرالیزم، هۆکارێك بۆ هەڵچوونی هەستی شوڤێنیستیو پانئێرانیستی

ن: ع. بەهرامی

و: محەممەدجەمیل کولاهی

کردەوەی ئاغای مایکل لیدین لە ئەنستیتوی ئەمریکەن ئێنتر پرایز بۆ گرتنی کونفرانسێك لە ژێر ناوی "ئێرانی نەناسراو، بوارێکی دیکە بۆ فێدرالیزم" هۆکاری ورووژاندنی هەستی لەرزوكو شوڤێنیستیو پان ئێرانیستیی هێندێك لە تاقمو رێکخراوە سیاسییەکان لە راستەوە بگرە تاکو چەپە بناژۆخوازەکانی پێك هێنا. ئەم رێکخراوانە بە دەرکردنی بەیاننامەگەلێك وێڕای دەربڕینی بێزاریی خۆیان لەو هەنگاوەی ئەنستیتوی ئەمریکەن ئینتر پرایزو ئاغای مایکل لێدین، دژایەتیی توندی خۆیان لەسەر هێنانە گۆڕی کێشەی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێرانداو پروژەی فێدرالیزە کردنی ئێران دەربڕیوە.

خاڵێکی جێگای سەرنج ئەوەیە کە ئەو گرووپانە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بیروباوەڕی سیاسیی جیاوازیان هەیە، لەم پەیوەندییەدا یەك دەگرنەوە، بە واتایەکی دیکە بە ئاخێوێکی هاوبەشەوە هاتونەتە مەیدانەوە، کە ئەویش ئەوەیە کە هەمووی ئەو تاقمو ریکخراوانە لە چەپی بناژۆخوازەوە تاکوو راستی راست، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کەترسو دڵەراوکێی خۆیان لە هاتنە ئاڕای مەسەلەی نەتەوەکان یان بە وتەی ئەوان قەومەکانو لە ژێر کاریگەریی ئەوەیشدا هاتنە گۆڕێی مەسەلەی فێدراڵیزم دەردەبڕن، ئەوە بە پروژەیەك بۆ پارچە پارچەکردنی ئێرانی دەزانن.

بۆ دوزینەوەی ریشەی ئەم جۆرە ترسانە دەبی ریشەی ئاخێوێك بناسرێ کە خاڵی هاوبەشی ئەو جۆرە قەوارە سیاسییانە پێك دێنێ، کە ئەویش بریتییە لە ئاخێوی دەوڵەت ـ نەتەوەی فارس کە لانیکەم ریشەکانی سەرهەڵدانی دەگەرێنەوە بۆ سەردەمی مەشرووتەو دوایش سەردەمی پەهلەوییەکان کە هاوکات بوو لەگەڵ پێکهاتنی دەوڵەتی ناوەندی لە ئێراندا. بە پێ ئەم ئاخێوە بۆکۆجێ‌کردنی دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتەدا دەبێ لەسەر بنەمای پروژەیەك وەك ئەوەی کە لە هێندێك لە وڵاتە ئورووپاییەکان وەك فەرانسە، هاوکات لەگەڵ لە نێوبردنی فرەیی نەتەوەیی، زمانی یان کولتووریو بە بنەما دانانی یەك زمان یان یەك نەتەوە، چوار چێوەی کولتووری وڵاتێك لەگەڵ چوار چێوەیەکی سیاسی کە دەوڵەت بێت رێك بخرێت. ئەم پرۆژەیە کە سەپاندنی بە درێژایی تەمەنی پەهلەوییەکان بە شێوەیەکی پانو بەرین بە سەر قەومو نەتەوەکانی ئێران دەستی پێ‌کرد، لە سەردەمی رێژیمی ئیسلامیشدا بە بنەما کردنی ئایینو مەزهەبی نەتەوەی فارس لە رێگاگەلیترەوە درێژەی پێدراوە. لەگەل پرۆژەی دەوڵەت ـ نەتەوەی پەهلەوییەکان کە دوایی بوو بە بنەمای کوماری ئیسلامی، پروژەی دەوڵەت ـ نەتەوەی ئیسلامیی کوماری ئیسلامی کە موسڵمان بونو شێعە بوونی وەکوو مەرجی سەرەکیی شوناسی تاکی ئێرانی داناوە، لە ناخی خویدا لەگەڵ فرەیی نەتەوەیی، قەومی، کولتووریو بە گشتی لەگەڵ هەر چەشنە جۆراوجۆرییەك کە پیشاندەری شوناسی سەربەخۆ لە شوناسی دەسەڵاتدارێ، دوژمنایەتییەکی لە ئاشتی نەهاتوی هەیە. ئەگەرچی ئەم پروژەیە جێبەجێ‌کەرانی جوراوجوری بووەو هەیە، بەڵام لە راستیدا بە دوای دەستەبەرکردنی ئامانجێکە کە بریتییە لە یەك جۆرکردنیو لە نێوبردنی جۆراوجۆریی نەتەوەیی، قەومی، کولتووری، مەزهەبی، بیرو باوەر ... .

**ئەم جۆرە رێکخراوە سیاسی‌گەلە کە لە هێندێکیان‌دا شوڤێنیزمو شوێنەوار پەرستیو خەونو خەیاڵی نەتەوە ساز کردن لە نێوەکانیاندا بە روونی دیارە، لە راستی‌دا باوەڕیان بە لە نێو بردنو حاشاکردن لە نەتەوەکانیتری ئێرانە**

گەرچی لە دەست پێ‌کردنی پرۆژەی دەوڵەت ـ نەتەوە نزیکەی هەشت دەیە تێپەڕ بووە، بەڵام روونیو زەقبوونی پرسی فرە نەتەوەیی، قەومی، کولتووری بۆتە هۆی ئەوە کە، بە پێچەوانە، ویستە شوڤێنییەکانی، بنیات نەرانو جێبەجێ‌کەرانی ئەو پرۆژەیە بەرەو رووی شکست ببنەوە.

**ئەم رێکخراوانە لە زەق بوونەوەی فێدراڵیزم وەك سیستمێك کە لەودا لەسەر هەموو شوناسەکان حیساب بکرێو لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی، کولتووری ... دەسەڵاتی سیاسی دابەش بکرێو لە پێش بە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەندا یان لە چنگی دەسەڵاتدارانی یەکێ لە نەتەوەکانی وڵات بگیردرێ، ترسیان هەیە**

رێکخراووگرووپە هەلچووەکان لە کونفرانسی ناوبراو بە دەرکردنی راگەیەندراوو بەیاننامە لە دژی پێکهاتنو پێکهێنەرانی ئەو کونفرانسە، هەموو تێکرا لەسەر ئەوە پێیان ڕاگرت کە باسکردن لەسەر "قەومییەتەکان" و "فرە قەومی" ئێرانو هەروەها فێدرالیزم شتێکی نایاسایەو لە پێناوی پارچە پارچە بوونی ئێران دایەو لە ڕوانگەی ئەوانەوە بەزاندنی هێڵی سووری دەوڵەت ـ نەتەوەی ئارمانجی ئەوانە. بە شێوەیەك کە هێندێك لەو رێکخراوە سیاسییانە کە هێندێکیان بریتین لە حیزبی مەشرووتەی ئێران، حیزبی سنووری پڕ گەوهەر!! یەکیەتیی نەتەوەیی بۆ دێموکراسی لە ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تا رادەیەك هەڵچوون کە پێکهاتنی ئەم کونفرانسە لە پێناوی درێژەپێدانی تەمەنی کوماری ئیسلامیو تەنانەت بە خزمەت بە دەسەڵاتدارانی کوماری ئیسلامی دەزاننو ئوپوزێسیونی ئێران بۆ بەرنگار بوونەوە لە بەرامبەر ئاوەها پرۆژە گەلێك بانگهیشت دەکەن. ئەڵبەت، لە ئاوەها رێکخراوگەلێك کە لەسەرەوە بە بنەمای بیروباوەڕیان ئاماژەکرا، بە هیچ شێوەیەك بە دوور نیە کە لەبەرامبەر هاتنەگۆڕی مەسەلە نەتەوەکان یان بە وتەی ئەوان قەومە ئێرانییەکان ئاوەها دژکردەوەیەك لە خۆیان پیشان بدەن، چونکە ئەم جۆرە رێکخراوە سیاسی‌گەلە کە لە هێندێکیاندا شوڤێنیزمو شوێنەوار پەرستیو خەونو خەیاڵی نەتەوە ساز کردن لە نێوەکانیاندا بە روونی دیارە، لە راستیدا باوەڕیان بە لە نێو بردنو حاشاکردن لە نەتەوەکانی تری ئێرانە، ئەو رێکخراوانە بە هێنانە ئارای دروشمگەلێك وەکو دێموکراسیو مافی مروڤ وەك شتی سەرەکی لە ئاڵوگوڕە سیاسییەکانی وڵات، لە راستیدا بە دوای ئەوەوەن کە لە ئاڵوگوڕەکانی داهاتوو لەسەر رێگای هاتنە گوڕی مەسەلەی نەتەوەکانی ژێر ستەمی ئێران بەربەست پێك بێنن. هەر بەم بونەیەوەیە کە ئەم رێکخراوانە لە زەق بوونەوەی فێدراڵیزم وەك سیستمێك کە لەودا لەسەر هەموو شوناسەکان حیساب بکرێو لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی، کولتووری ... دەسەڵاتی سیاسی دابەش بکرێو لە پێش بە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەندا یان لە چنگی دەسەڵاتدارانی یەکێ لە نەتەوەکانی وڵات بگیردرێ، ترسیان هەیە.

دروشمی مافی مروڤ و تێکوشان بۆ دەستەبەر بوونی مافی مروڤ هەموو کاتێك لە رێزی سەرەکیترین داخوازیی خەباتی، خەباتکارانی کوردستان بووەو هەیە.

بەڵام خەباتکارانی کوردستان لە سەرووی هەموویانەوە خەباتکاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو باوەڕە گەیشتون کە تەنیا بە شێوەیەك دەتوانین بە دەستەبەربوونی مافی مروڤیی مروڤەکانی بە بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە نەژادی، رەگەزیو نەتەوەیی بگەین کە لە قوناخی یەکەمدا پێکهاتەیەکی سیاسی عادێل کە باوەڕی بە مافی مروڤ، دێموکراسی، دابەشکردنی عادیلانەی دەسەڵاتو سەروەتو سامان هەبێت، جێگیربێت. بۆیە هیچ کات باوەری بەوە نەبووەو نیەتی پێکهاتەیەکی سیاسی بە ڕواڵەت دێموکراتیك بە بێ کەڵك وەرگرتن لە سیستمێك کە شوناسی گرووپە مروڤییەکانی لە بەر چاو بێتو بەو پێیە دەسەڵات دابەش بکات نە تەنیا ناتوانێت ستەمی نەتەوایەتی لاببات، بەڵکوو بە کەڵك وەرگرتن لە کەرەسە دێموکراتیکەکان رێگا بۆ دووپات بوونەوەی ستەمی زۆرینە (بۆ وێنە نەتەوەیەك کە لە باری حەشیمەتەوە لە زۆرینە دابێت) بەرامبەر بە کەمینە خۆش دەکات. بەم جۆرە هەڵگرتنی دروشمی چەسپاندنی مافی مروڤ لە ئێران لە لایەن رێکخراوگەلی تەواوخوازو شوڤێنیستی ئێرانی بە شێوەیەکی دیکە لە حاشاکردنی شوناسی گرووپی مروڤەکان (کە نەتەوەکان بن) دەزانێ.

لێرەداو لە کوتایی ئەم وتارەدا بیرهێنانەوەی چەند خاڵی زۆر گرینگ بە بیری کەسایەتی، رێکخراوو لایەنە سیاسییە شوڤێنیستو پان ئێرانیستو شوێنەوارخوازکان پیویستە:

**گەرچی لە دەست پێ‌کردنی پرۆژەی دەوڵەت ـ نەتەوە نزیکەی هەشت دەیە تێپەڕ بووە، بەڵام روونیو زەقبوونی پرسی فرە نەتەوەیی، قەومی، کولتووری بۆتە هۆی ئەوە کە، بە پێچەوانە، ویستە شوڤێنییەکانی، بنیات نەرانو جێبەجێ‌کەرانی ئەو پرۆژەیە بەرەو رووی شکست بینەوە**

١ـ نەتەوەکانی نیشتەجێ لە ئێران بە شێك لەو نەتەوە گەورانەن کە لە ئاکامی تێکشکانە یەك لە دوای یەکەکانی شاکانی ئێرانو سیاسەتی کۆلونیالیزمی (دوای شەری جیهانیی یەکەم) لە نێوان وڵاتانی ناوچەدا دابەش کراون. ئێستا یەکێ یان هەمووی ئەو نەتەوانە لە بواری حەشیمەتییەوە لە هەرکام لەو وڵاتانە لە کەمایەتیدا بن بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ پاساوێك بۆ حاشا کردن لە شوناسی نەتەوەییو فەرهەنگی ئەوان بێت.

٢ـ بە جیهانیبوونی ئابووری، زانیاریو تێکنولوژیی ئەگەر لە لایەکەوە ئەو نەتەوانەو نەتەوەکانی دیکە جیهانی بۆ نێو مەیدانی کێبەرکێ کێشاوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆارگەلێك (ئەگەر چی ناتوانێ بلێی بەرامبەر) گونجاوی بۆ ئەوان پێك هێناوە، تا بە کەڵك وەرگرتن لەوانە بە شوناسێکی سەربەخۆ، خۆیان پێناسە بکەنو لە راستیدا بە زیندوو کردنەوەی ناسنامەی نەتەوەییو فەرهەنگیی خۆیان خەریك بن. بە لە بەرچاو گرتنی ئەو راستییە کە هیچ نەتەوەیەك ناتوانێ بە ئاوڕدانەوە لەوە کە بە تەنیا بە هۆی هۆکارگەلێکەوە بەسەر نەتەوەگەلێدا زاڵ بووە، لە شوناسی ئەوان حاشا بکات، بنیاتنەرانو جێبەجێ‌کەرانی ئەو سیاسەتانە یان لە روحی زەمانە تێنەگەیشتونو یان توانایی قبوولکردنی راستییەکانیان نیە.

٣ـ دێموکراسی بە جورێك کە بە دوور لە جوراوجوریو نەبوونی پلورالیزمدا بێت هەموو کاتێك لەبەرهەرەشەی سەرلە بەر گەرانەوەی دیکتاتوریو ئێستبدادایە. بەم هویەوە داننان بە جوراوجوریو رەنگ گەلێك جیا لە یەك نە تەنیا پیویستە بەڵکوو مەرجی مانەوەی دێموکراسییە.

٤ـ فێدرالیزم لە راستیدا جورە یەکگرتنێکی دڵخوازانەی بەشەکانو شوناسەکانی جیا لە یەكو سەربەخۆە. یەکگرتنی دلخوازانە، مەرجی یەکپارچە مانەوەی پێکهاتەی سیاسییە.

***

**بۆ هاوکاریی هێزە دێموکراتو پێشکەوتووەکانی ئێران تێ‌بکۆشین**

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan
No: 424    6 Nov 2005

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، رۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanmedia.com    http://www.pdk-iran.org    www.rdki.com
e- mail: info@kurdistanmedia.com    e- mail: pdkiran@club-internet.fr    e- mail: rdk_iran@yahoocom

# لە قامووسی فیمینیزم دا (١)



کتێبی "فرهنگ نظریەهای فمینیستی" (قامووسی بیردۆزە فیمینیستییەکان) لە نووسینی "مەگی هوم"و "سارا گەمبل"و، وەرگێڕانی: نووشین ئەحمەدی خۆراسانی، فیروزە موهاجیر، فەڕڕوخ قەرەداغی، لەو کتێبە بەنرخانەن کە لەم ساڵانەی دواییدا لە بارەی فیمینیزمەوە بڵاوبوونەتەوە.

"قامووسی بیردۆزە فیمینیستییەکان" لە ٥٩٨ لاپەڕ پێك هاتووەو ساڵی ١٣٨٢ لەلایەن دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی "توسعە" لە تاران، بڵاوبۆتەوە. لەم کتێبەدا بەسەدان زاراوەی باو لە ئەدەبیاتی فیمینیستیدا، جۆرەکانی فیمینیزم، پێشڕەوانو ئاڵاهەڵگرانی بزووتنەوە فیمینیستییەکانو چەمكو دیاردە جۆراوجۆرەکان لە روانگەی فیمینیستەکانەوە، ناسێندراونو شیکراونەوە. هێندێك لە جۆرەکانی فیمینیزم کە لەم قامووسەدا ناسێندراون بریتین لە: فیمینیزمی مەسیحی، فیمینیزمی رەش، فیمینیزمی کولتووری، فیمینیزمی ژینگە پارێزی، فیمینیزمی سوسیالیستی، فیمینیزمی رادیکال، فیمینیزمی تایبەت بە جیهانی سێهەمو فیمینیزمی ئانارشیستی.

لەم کتێبەدا روانگەی فیمینستەکان لە بارەی زۆر دیاردەو مەسەلە دەخوێنینەوە، بۆ وێنە: منداڵ لەباربردن، خەتەنەکردنی کچان، جوانیناسی، جیاوازیدانانی ئەرێنی، نامۆیی، پیاوسالاری، دوو رەگەزێتی (دوجنسیتی بوون)، مرۆڤناسی، بیناسازی، هونەر، شێعر، دەسەڵات، سەربەخۆیی، لێدانی ژنان، زاوزێ، سانسۆر، چاوەدێریکردنی منداڵ، هاووڵاتێتی، پێشگیری لە دووگیان بوون، رەخنە، کچێنی، دێمۆکراسی، جیاوازیدانان، دابەشینی کار، بەجیهانیبوون، ژن سالاری، فێرکردن، زمان، عادەتی مانگانە، مامایی، مۆدێرنیزم، دایکایەتی، دەستدرێژیی سێکسی، لەشفرۆشیو توندوتیژی.

**"کوردستان" لەمەودوا هەوڵ دەدا لە هەرژمارەیەکی وەرگێڕاوی بابەتێك لەم قامووسە بخاتە بەرچاوی خوێنەران.**




# براوەکانی خەڵاتی ئەدەبیی نوبێل چۆن هەڵدەبژێردرێن



سەرچاوەی ماڵیی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل، ئەو سامانەیە کە لە داهێنەرو خاوەن کارخانەی بەناوبانگی سوئێدی ئالفرێد بێرنهارد نۆبێل بەجێماوە. ئەم خەڵاتە بەهۆی بنیاتی نۆبێلو بە هاوکاریی ئاکادیمیی سوئێد پێشکێش دەکرێ.

تەنیا کەسانێکی تایبەتی مافی ئەوەیان هەیە کە کاندیدای خەڵاتی نۆبێل هەڵبژێرن. ئەم کەسانە بریتین لە ئەندامانی ئاکادیمیای سوئێد، ئەندامانی کومیتەکانی نۆبێل (کاندیدا بۆ خەڵاتی تایبەت بە لقەکانی خۆیان)، مامۆستا پایەبەرزەکانی زمانو ئەدەبیات، براوەکانی پێشووی خەڵاتی نۆبێل لە بواری ئەدەبیات داو، سەرۆکی دەزگایەکی بڵاوکردنەوە کە بەرهەمی کاندیدایەکی لە بواری ئەدەبیات دا بڵاوکردۆتەوە.

ئەو بەرهەمانەی بۆ کومیتەی نۆبێل دەنێردرێن (بۆ خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل کاندیدا دەکرێن)، دەبێ تا سەرەتای مانگی فێوریە بگەنە دەستی کومیتەکانی نۆبێل. هیچ کەس ناتوانێ بۆخۆی، خۆی وەك کاندیدای ئەم خەڵاتە بناسێنێ. هەموو ساڵێ، زیاتر لە فەسڵی بەهاردا، ٥٠ بەرهەمی نێردراو بە هۆی کومیتەی نۆبێلەوە هەڵدەسەنگێندرێنو، لە مانگی ئاوریل دا، لیستێك کە ناوی ٢٠ کاندیدای ئەم خەڵاتەی تێدایە، بۆ بڕیار لەسەردان دەنێردرێتە ئاکادیمیی سوئێد. پێش ئەوەی ماوەی پشوودانی کاتیی ئاکادیمی لە هاوین دا دەست پێبکا، ئەم ناوانە تا رادەی ٥ ناو کەم دەکرێنەوە. لە مانگی ئۆکتۆبردا، ئاکادیمی یەکێك لە کاندیداکان هەڵ دەبژێرێ. دیارە کاندیدایەك بە براوە یا هەڵبژێردراو دەناسرێ کە زیاتر لە نیوەی دەنگەکانی هێنابێتەوە.

براوە، خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل کە زیاتر لە یەك میلیۆن دولارە، لە رۆژی ١٠ی دیسامبر (رۆژی نۆبێل)و لە دەستی پادشای سوئێد، وەردەگرێ.

# کێشەو هەڵلا لەسەر چاپو بڵاوکردنەوەی ١٢ وێنەی خەیاڵیی پێغەمبەری ئیسلام

چاپو بڵاوبوونەوەی ١٢ وێنەی خەیاڵیی پێغەمبەری ئیسلام لە یەکێك لە رۆژنامەکانی دانمارك دا، بوو بە هۆی دروستبوونی کێشەو هەڵلایەکی تایبەت بە راگەیەنەکان. بە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم وێنە خەیاڵکردانە، ئیمام (پێشنوێژ)ەکانی مزگەوتەکان لە پێش دا دەستیان کرد بە نارەزایەتی دەربڕین، پاشان تاقمە ئیسلامییەکان هاتنە مەیدان. تەنانەت هێندێکیان هەڕەشەی کوشتنیشیان لە وێنەکێشەکان کرد. باڵوێزی چەند وڵاتی ئیسلامیو یەك لەوان سەفیری رێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە نامەیەك دا داوایان لە سەرۆك وەزیری دانمارك کرد ئەم کردەوەیەی رۆژنانەی "یولان پوستن" مەحکووم بکا. بەڵام "راس موسن" سەرۆك وەزیری دانمارك گوتی: بە سەرنجدان بە مافی ئازادیی بیروڕا دەربڕین لە وڵاتەکەی دا، خۆ لەم مەسەلەیە هەڵناقورتێنێ". لە کاتێك دا رەخنەو نارەزایەتی دەربڕینی گرووپە ئیسلامییەکان لە زیاتر بوون دایە، رێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤیش بە وەڕێخستنی زنجیرەیەك چالاکی، کەوتوونەتە داکۆکیکردن لە ئازادیی بیروڕا دەربڕین.

<u>رادیۆ فەردا</u>

## زاتێکی بۆ دنیا ناسراو




# یاخیبوونی لاوان لە پاریس



رۆژی پێنج شەممە ٢٧ی ئۆکتۆبر لە ناوچەی "کلیشی سوبۆئا" لە پەراوێزی پاریس، دوو لاوی بیانی کە پۆلیس بە شوێنیانەوە بوو بیانگرێ، بۆ خۆشاردن چوونە نێو دامەزراوێکی تایبەت بە کارەباری بەهێز (برق فشار قوی)، کە کارەباکە گرتنیو لە ئاکام دا هەردووکیان مردن. بە دوای ئەم رووداوەدا، ئەم گەڕەکە هەژارنشینە، ئارامیو هێمنی بەخۆیەوە نەدیوەو بووە بە مەیدانی راپەڕینی لاوە یاخیبووەکان. سەدان دەزگا ماشێن ئاگریان تێبەر دراوەو ژمارەیەك بیناو ئاپارتومان زیانیان پێگەیەنرا.

رۆژی چوار شەممە ٢ی نوامبر ژاك شیراك سەرکۆماری فەرانسە داوای هێمن بوونەوەو بەسەر خۆ زاڵبوونی لە خەڵکی ئەم ناوچەیە کرد. "دومینیك دو ولپن" بەڵێنی بەرنامەی بەپەلەی یارمەتی بۆ لاوانی راگەیاند.

قەیرانی ترسو وەحشەت، چەند هۆی مەنتیقی هەن. گرنگترین هۆ قەیرانی دڵتەزێنی ئابوورییە کە بێکارییەکی بەرینی لێ کەوتۆتەوە. هۆیەکی دیکە، بڵاوبوونەوەی کەشوهەوای رەگەزپەرستانەی توند لە فەرانسە دایە. رەگەزپەرستیی رۆژ بە رۆژ زیاتر لە فەرانسە گەیشتۆتە جێگایەك لەگەڵ کۆچەرانی بیانی وەك هاونیشتمانی پلە ٢ رەفتار دەکرێ.

ئێستا دەوروبەری پاریس گڕی گرتوە. لاوانی یاخی، هەرکەس لەنێو ئونیفۆرمێکی رەسمیدا ببینن ـ لە مەئموورانی پۆلیسەوە بگرە تا مەئموورانی ئاگر کوژاندنەوە ـ وەك نوێنەری دەوڵەت سەیری دەکەن کە ئەوانی پشت گوێ خستوە. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا وەزیری نێوخۆی فەرانسە "نیکولا سارگوزی" کە بۆخۆی کوڕی کۆچەرێکەو دەیهەوێ لە ساڵی ٢٠٠٧دا ببێ بە سەرکۆمار، بە زمانێکی پۆپۆلیستیو خەڵك خەڵەتێنانە وەڵام دەداتەوە. سارگوزی لەوپەڕی شێلگیریدا! لاوانی گەڕەکە پەراوێز نشینەکانی شاری بە "مشەخۆرانێك کە دەبێ فڕێ بدرێنە نێو زبڵدان" ناو بردوە.

## مرواریی دەریای وشە

**[دەبێ] ئازادیمان لە هەموو شتێك خۆشتر بوێو تەنانەت لە پێناوی [بەدەستهێنانو پاراستنی] تەختی پاشایەتیش دا، نابێ خەیانەت بە حەقیقەت بکەین. (بتهووێن)**

**لەبیرت نەچێ ئازادی، یانی ئازادیی دژبەر (مخالف)، یانی ئازادیی کەسێك کە وەك تۆ بیرناکاتەوە. (ئوکتایوپاز)**

**ئەوەی بەردەوام هەڕەشەی نەمان لە ئازادی دەکا، نەبوون یا لاوازبوونی هەست بەبەرپرسایەتی کردنی تاکەکانە.**

**(ویکتۆر فرانکل)**

## چیرۆکی ئەمجارە

### من سێنتێکم دۆزیەوە ...

کورێژگەیەك، رۆژێك لە کاتی رۆیشتنی بە شەقام دا پوولێکی ئاسنی یەك سێنتیی دۆزیەوە. کورێژگەکە لە دۆزینەوەی ئەم پوولە کە هیچ خۆشی پێوەماندوو نەکردبوو یەکجار خۆشحاڵ بوو. ئەم رێکەوتە بوو بە هۆی ئەوە کە رۆژانی دواتر، بە شوێن دۆزینەوەی گەنج دا سەری بەرداتەوەو بڕوانێتە بەرپێی خۆی. ئەو کوڕە لە ماوەی ژیانیدا، ٢٩٦ پوولی ئاسنی یەك سێنتی، ٤٨ پوولی ئاسنی ٥ سێنتی، ١٩ پوولی ئاسنی ١٠ سێنتی، ١٦ پوولی ئاسنی ٢٥ سێنتی، ٣ نیودولاریو پوولێکی کاغەزیی یەك دولاری دۆزیەوە. واتە سەرجەم ١٣ دولارو ٣٦ سێنتی دۆزیەوە. لە بەرامبەر بەدەستهێنانی ئەم ١٣ دولارو ٣٦ سێنتەدا، جوانیی هەست بزوێنی ٣١٣٦٩ هەڵاتنی خۆر، پرشنگدانەوەی ١٥٧ کۆلکەزێڕینەو دیمەنی دارە ئەفراکان لەسەرمای پاییزیدا، لەکیس چوو. ئەو، هیچکات رابردنی هەورە سپییەکانی بە ئاسمان دا نەبینی کە بەردەوام وێنەی سەیرو سەمەرەیان لێدروست دەبوو. باڵندەکان لە کاتی فڕین دا، درەوشانەوەی خۆرو بزەی هەزاران رێبوار، هیچکات نەبوون بە بەشێك لە بیرەوەریی ئەو.

<u>وەرگێڕان لە فارسییەوە:</u>

<u>ب. هیوا</u>

# دیکتاتۆرەکان دەمرن دەسەڵات دەبێتەوە هی خەڵك

**بەر لەماڵاوایی**

**و: ع. وریا**

## قسەکانی چارلی چاپلین لە بەشی کۆتایی فیلمی "دیکتاتۆری گەورە" دا:

زۆر بەداخم، پێم خوش نەبوو لەم جورە شوێنە بم. ئەوە کاری من نیە، حەزناکەم بەسەر کەسداحکوومەت بکەمو، فەرمانرەوا بم. من حەزدەکەم ئەوەندەی بۆم دەکرێ یارمەتیی هەموو لایەك بدەم. رەش، سپی، جوولەکەو هتد. ئێمە هەموومان دەبێ یارمەتیی یەکتر بدەین. ئێوە دەبێ هاوکاری یەکتربن. ئەرکی ئێمە خولقاندنی شادیو، چاکە کردنە، نەك پێکهێنانی بەدبەختیو نەهامەتی. ئەوەیە ئەو ئینسانەی من خۆشم دەوێ بەڵام بەداخەوە، ئێمە رێگای ژیانمان لێ ون بووە.

ژیان ئیمکاناتێکی بێ سنووری بۆ هەموو ئینسانەکان پێیە، بۆ خێرو خۆشیی ئەوانو، بۆ خولقاندنی جوانیو دەوڵەمەند کردنی ژیان. بەبێ ئەمانە، ژیان وشكو پڕ ئازارو ئەستەم دەبێ، بەڵام تەماحو چاو برسیەتی، رۆحی ئێمەی ژاراوی کردوە. رقو نەفرەت بەری دەرگای دڵەکانمانی گرتووەو، خوێنرێژی هەمووجێیەکی داگرتوە. زۆر دەدوێینو کەم دەبینین. وەك ماشێنمان لێ هاتوە. لە بەزەیی بێ بەریینو، کەمتەرخەمین. زانستی ئێمەو داهێنانەکانمان خێریان نەداوەتەوە. ئێمە بەر لە ماشێن، ئینسانەتیو خێرو خۆشیی مروڤەکانمان پێویستە. فرۆکەو رادیۆ ئێمەیان لێك نزیك کردۆتەوە. سروشتی ئەم داهێنانە، برایەتیی جیهانیو، دلۆڤانییلێمان دەوێو، شادیو ئازادیی هەموو دایکانو منداڵانی جیهان دەخوازێ.

هەمووی ئەو پیاوو ژنو منداڵانەی قوربانیی ئەم سیستەمەنو، ئەشکەنجە دەدرێن، لە هەموو جێیەك بە هۆی رادیۆوە، قسەکانی من دەبیسن. دەبێ بۆهەمووان ژیانێکی باشو پڕلە شادیو جوانی دابین بکرێ. هەر تەماشاچی مەبن. تەماحو رقو نەفرەتێك کە رێگای ئینسانەتیی بەربەست کردوە، لە نێو دەچێ. ئەوەی لە مرۆڤەکان ستێندراوەتەوە، پێیان دەدرێتەوە. دیکتاتۆرەکان دەمرن، دەسەڵات سەرئەنجام دەبێتەوە هیخەڵك.

### چارلی چاپلین پاشان رووی قسەکانی دەکاتە سەربازەکان:

سەربازینە! مەهێڵن فریوتان دەن. هەڵ مەفریون. ئەوانەی ئەم هەموو درۆیەیان لەگەڵ کردوون، ئەوانەی پێتان دەڵێن چون بیربکەنەوە، چ هەستێکتان هەبێو چۆن بدوێن، ئەوانەی وەك مێگەلەمەڕ لەگەڵتان دەجوولێنەوە،فریوی قسەکانیان مەخۆنو هەڵمەخەڵەتێن. رەفتاری ئەوان لەگەڵ ئێوە ریاکارانەو دژی مرۆییە. ئەوان، بوون بە هۆی ئەوە دڵو گیانو بیرو مێشکتان ببێتە ماشینی ئەوان. تۆی نەفرەتیان لە دڵی ئێوەدا چاندوە. بەڵام خۆ ئێوە ماشین نین. ئێوە مێگەلەمەڕ نین. ئێوە مرۆڤی خاوەن دڵێکی پڕ لە بەزەییو، خوازیاری شادیو بەختەوەریی ئینسانەکانن.

سەربازینە! بۆ ئازادی شەر بکەن نەك بۆ کۆیلەتی. دەسەڵات ملکی تایبەتی کەس یان تاقمێکی دیاریکراو نیە. دەسەڵات ملکی هەموو خەڵکە. ئەوە تواناو دەسەڵاتی ئێمەیە کە ماشین دروست دەکاو، ئاشتی، ئازادیو ئاسایش دەخولقێنێ. بە ناوی ئازادیو بە ناوی خەڵك، بۆ دنیایەکی نوێ، بۆ ئاشتیو ئاسایش خەبات بکەن. دیکتاتورەکان لافی ئازادیو شەڕ لە پێناوی ئازادیدا لێ دەدەن، بەڵام درۆ دەکەن. ئەوان چارەی مروڤیان ناوێ. ئەوان دەیانەویخۆیان ئازادبن تا جیهان تاڵان بکەن. ئێوە خەبات بکەن لە پێناوی لابردنی هەموو کۆسپەکاندا، لە پێناو وەڵانانی رقو کینو تەماحو چاو برسیەتیدا. خەبات بکەن بە نیازی پێکهێنانی دنیایەکی شادو پڕ بەختیاریو ئاواتی خۆشیی هەموو خەڵك. خەبات بکەن بە ناوی ئازادیو بەناوی ژیان. (١)

هانا! لە هەر جێیەکی بڕوانە هانا! هەورەکان دەرۆن! هەتاو دەدرەوشێ. ئێمە لە تاریکییەوە دەچینە رووناکی. ئێمە پێ دەنێینە نێو جیهانێکی نوێ . دنیایەکی دلۆڤانتر، جێگایەك کە مروڤەکان بەسەر کینو نەفرەتو چاو برسیەتیو درندەیی خۆیاندا زاڵ دەبن. بڕوانە هانا! روحی مروڤ باڵی پێدراوەو، سەرئەنجام فڕینی خۆی دەست پێدەکا. بەرەو کۆڵکە زێرینە لەشەفەقەی باڵ دەدا، بەرەو تیشکی هیوا، بەرەو داهاتوو، داهاتوویەکی بەشکۆ کە هی تۆیە، هی منەو هی هەموومانە. بڕوانە هانا! بڕوانە.(٢)

١) ئەم وتارەی چارلی چاپلینی لە لایەن چەند وەرگێڕەوە کراوە بە فارسی. لە سەرەتاوە تا نیشانەی(١)، من لە گۆڤاری "معیار" ژمارەی٣١ کە پرویز علوی کردوویەتی بە فارسی، وەرم گرتووەو، دوو پاراگرافی کۆتایی ئەم قسانەشم لە (١)ڕا هەتا (٢) لە دەقی وەرگێڕدراو بە هۆی "سینا" کە لە ماڵپەڕی "برون مرز"دا بڵاو بۆتەوە، وەرگرتوە.